

# بارزانی نەمر

## خاکیبوون و ئازایەتی

## تەوازوع و کۆڵنەدان



موحسین دزەیی

ئەم وتارەی تایبەت بۆ گوڵان نووسیوە



**بارزانی دەیگوت «پێویستە هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەبێت لە خەباتدا، بەڵام دەرئەنجام هەر دەبێت کوردستان ببێتەوە بە یەک وڵات»**

**بارزانی نەمر هەردەم دەیووتەوە ئەگەر کەرکوک یەک کوردیشی تیا نەمێنێ هەر کوردستانە**

**کاغەزی بارزانیم بینیوە کاتێ بروسکەی ناردووە بۆ پێشمەرگە بە دەستخەتی خۆی نووسیوەتی براتان و خزمەتکارتان**

کارێکی هێندە ئاسان نییە باس لە خاکی بوون و ئازایەتی و تەوازوع و کۆڵنەدانی پیاوێك بکەیت کە بە درێژایی تەمەنی خۆی لە خزمەتی سەلماندنی دۆزی ڕەوای میللەتی کوردا تووشی دەربەدەری و زەحمەتی و زیندانی و نەفی کردن بووبێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی مێژووی واقعبینی و بێ فیزی خەباتکارێکی مەزنی وەك ئەو زاتە لە دوتوێی چەندان کتێب جێی دەبێتەوە؛ نەك لە وتارو دیمانەیەکی چەند کاتژمێریدا، بە شێوەی گشتی پیاوێك بووە هەرگیز لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕش و بەرخوداندا لەخۆبایی نەدەبوو، لە ساتەوەختانی شکستیشدا ورەی نەدەڕوخا، لە هەناودانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا کەسایەتییەکی وەك ئەو بە سەبرو خۆڕاگرم نەبینیوە کە بەرانبەر هەموو کارەسات و ڕووداوێك خۆڕاگرانە وەستابێتەوە، ئەو سەنگینی و خۆڕاگرییەی هەیبووە، لە لای کەم کەس بە وێنەی ئەو لە مێژوودا هەبووە، جارێکیان لە لایەن پزیشکێکەوە بە بێ سڕکردن چەند ددانێکی بارزانی دەکێشێت، لە کاتی دەرهێنانی ددانەکانیدا هیچ ئازارێکمان بە ڕوخسارییەوە نەبینی، کەچی هەمان ڕۆژ پزیشك ددانی پێشمەرگەیەکی ئەوی دەرهێناو پێشمەرگەکە کردییە ناڵەو هاوار، پزیشکەکە پێی وت چەند ددانێکی بارزانیم دەرهێنا دەنگی نەکرد، کەچی تۆ بێ سەبرانە لە هاوار دەدەیت، پێشمەرگەکەش پێی وت ئینجا کوا ئێمە لە خۆڕاگیریدا دەبینە بارزانی....

لە ساتەوەختانی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٧٥ کە بەسەرکوردا هات، سەرکردایەتی سیاسی ورەیان بەردا، کەچی ئەو بە متمانەیەکی بەرزەوە وتی دوای ماوەیەکی کورت شۆڕش سەرلەنوێ هەڵدەگیرسێتەوەو دەشبێت کورد هەر بە مافەکانی خۆی بگات..

بێ فیزی بارزانی نەمر لەوەدا بوو خۆی لە کەس بە گەورەتر نەدەزانی و هاوکات کەسیشی لە خۆی پێ گەورەتر نەبوو، کاتێ لە بەرانبەر دوژمنان دەوەستا هەمیشە بێ ئەوەی هیچ ترسێکی لە دڵدا بێت خۆی بە نزمتر لەو نەدەزانی بەڵکو بە هاوئاستی وان خۆی لە موقابیلیان دادەنا بۆ ئەوەی بتوانێت سەربەرزانە بەرگری لە مافەکانی میللەتی خۆی بکات، بەڵام لە ئاست منداڵێکیشدا هەر بەڕێزەوە دەنوشتایەوە، جارێکیان لێم پرسی مەغزای ئەو نهێنیەم پێ بڵێ: ئەوانەی وا لەگەڵ تۆدان بێ سوئال و جەواب گوێڕایەڵتن، بە پێکەنینەوە وتی کاتێ بۆ بەرەی شەڕ دەچین کامە شوێن زۆر زەحمەت بوو بێت ئەوەم بۆ خۆم هەڵبژاردووەو هەرگیز مامەڵەی سەرکردەو سەربازم لەگەڵ نەکردون و خۆم وەك ئەوان حیساب کردووە، ئەگەر هەستم بە برسێتی کەسێکیان کردبێت پارچە نانێکم بۆ دەمی خۆم نەبردووە، لەبەر ئەوەی خۆم لەوان جیاواز نەکردووە، بۆیە ئەوانیش بەم شێوەیەن لەگەڵ مندا...

لەگەڵ واقیعبینیدا.. بارزانی نەمر گەشبینیش بووە بەوەی ڕۆژێك دادێت کورد بگاتە مافی چارەنووسی خۆی و مافی ئەوەی خاوەنی دەوڵەت بێت، ڕۆژی ١٩٧٦/١٢/١٠ لە لایەن لیژنەی مافی مرۆڤی جیهانییەوە کە سەر بە میللەتە یەکگرتووەکانە لە ئەمەریکا بانگهێشتیان کرد بۆ نیویۆرك، تەلارەکەی کە لیژنەی مافی مرۆڤی تێدا بوو بەرانبەر تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، ئەوبەرو ئەمبەری جادەیەك بوون داوایان لێ کردبوو لە بۆنەیەکدا وتەیەکی خۆی هەبێت، لە شوێنی خۆی هەستا، ماوەیەك لە بەردەم پەنجەرەیەکدا وەستاو سەیری دەرەوەی کرد، لە تەلارەکەی ئەوبەرەوەی دەڕوانی، ئەوانەی لەوێ دانیشتبوون پێیان وت بۆچی لەوێدا وەستاویت، وتی تەماشا دەکەم ئاڵای هەموو وڵاتان لە پێش ئەو تەلارەن تەنیا ئاڵای کوردستان نەبێت، هەندێك لەو وڵاتانەی ئاڵایان لەوێدا هەیە ژمارەی دانیشتووانیان هێندەی ژمارەی دانیشتووانی شارێکی کوردستانە، نفووسی کورد لە ٣٠ ملیۆن بەرەو هەڵکشانەو مافی ئەوەیان پێنەدراوە دەوڵەتی خۆیان هەبێت و کوردستان ببێتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیتر لەوێ باسی ستەمەکانی هەموو ئەو دەوڵەتانەی کرد کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە و چییان بەسەرکوردا هانیوە،دوور بینی و وردبینیەکەی لەوەدا بوو وتی پێویستە هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەبێت لە خەباتدا، بەڵام دەرئەنجام هەر دەبێت کوردستان ببێتەوە بە یەك وڵات، چونکە بە بێ پرسی خەڵکەکەی ئەو خاکەیان دابەش کردووەو سنووریان لە نێوانیان داناوە، بەڵام کەی دێتە دی بە پەلە نەبوو لە هاتنەدی ئەو ئاواتە مەزنەو حەزی دەکرد بە ئاشتی بێتەدی..

ئاشتیخوازی بارزانی نەمر لە خاڵی لاوازییەوە نەبووە، بەڵکو چەندین جار وتویەتی بەزۆر شەڕ بەسەرماندا سەپاوە، بە گوێرەی توانا هەوڵمانداوە خۆمان دوور بگرین لە شەڕەوە، نەیویستوە میللەتی کورد بە تایبەتی و گەلانی عیراق بەگشتی تووشی پێکادان و شەڕو ئازار ببنەوە، هەر حکومەتێ هەنگاوێك هاتبێتەپێشەوە بۆ ئاشتەوایی بارزانی دوو هەنگاو بۆی چۆتە پێشەوە، گەرچی هەرگیز متمانەی بە دانوسان و گفتوگۆی حکومەتی عیراقی نەبووە بەڵام هەموو هودنەو شەڕوەستانێکی پێ قازانج بووە بۆ کێشەی کورد..

سەبارەت بە کەرکوك کە بەرچاوتەنگی و زێدەڕۆیی دەسەڵاتە یەك لە دوا یەکەکانی عیراقی لەسەر بووە لەبەر ئەوەی کانگای سامانی نەوت بووە، بۆیە بارزانی نەمر هەردەم دەیووتەوە: نەوت بۆ هەموو دنیا بۆتە نیعمەت تەنیا بۆ کورد نەبێت بۆتە نەگبەت، لە تەماعی ئەو نەوتەیە دوژمن دەسبەرداری کەرکوك نابێت، ئەگینا ئەو شارە بەشێکە لە خاکی کوردستان، هەموو شوێن و دەڤەرێکیش لای ئەو لە پیرۆزیدا جیاوازی نەبووە، چەندی حکومەتی عیراق پێی وت جگە لە کەرکوك هەموو کوردستان با خۆتان تێیدا حاکم بن، بەڵام تەنازولی لە کەرکوك نەدەکرد، دەیووت مومکین نییە تەنازول لە کەرکوك بکەم، نەوەکو پاشان بڵێن بارزانی تەنازولی لە بەشێکی کوردستان کردووە، کەرکوك ئەگەر یەك تاکە کوردیشی تێدا نەمێنێت هەر کوردستانە، لەو کاتانەدا ئەم هەڵوێستەی هەبووە کە حکومەتی بەعس دەستی بە تەبعیس و تەهجیرو دەرکردنی کورد کردبوو لە کەرکوك، بێگومان هەر لەبەر ئەوەش قوربانی بە شۆڕشی ئەیلوول دا،

ئەوەشمان لە یاد نەچێت ئەگەر کەرکوکیش نەبوایە حکومەتی بەعس هەر بەندەکانی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری جێبەجێ نەدەکرد، شەوی ١١ ئازار پێش واژۆکردنی ڕێکەوتنامەکە بارزانی لەگەڵمان دانیشت وتی هەرگیز هیچ متمانەیەکم بە بەعس نییە، بەڵام ئەندامانی شاندەکەو مەکتەبی سیاسی کە خەریکی وتووێژ بوون ڕازی بووین واژۆ بکرێت، تەنیا بارزانی ڕازی نەبوو لەسەر واژۆکردن بەڵام پێی وتین بۆ ئەوەی نەڵێن بارزانی ڕای خۆی بەسەرماندا فەرز کردووە، مادام ئێوە هەموو ڕازین ئەوە منیش واژۆی دەکەم، هۆی دووەمی واژۆکردنم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەوان ئامادەن حوکمێکی زاتی بدەن بە کورد تا دواتر نەڵێن بارزانی دژ بەو کەمە مافەی کورد وەستاوەتەوە، ئینجا وتی بەڵام ئێستا پێویستە لە جاران وریاتر بین لەچاو ئەو کاتەی کە لە شەڕدا بووین، چونکە لە شەڕدا کە فڕۆکە دەهاتە سەرمان پێشوەخت دەمانبینی لە کوێوە دەهات، تۆپباران دەکراین دەمانزانی لە کوێوە بۆمب دەهاوێژن، بەڵام لەمەودوا چ پیلانێکمان بە نهێنی لە دژ بکەن ئێمە نازانین لە کوێ و چۆن دەیکەن..

سەبارەت بە خزمەتکاری بۆ میللەت بارزانی نەمر هەمیشە خۆی بە خزمەتکاری میللەتی خۆی زانیوە، کاغەزیم بینیوە کاتێ بروسکەی ناردووە بۆ پێشمەرگە بە دەستخەتی خۆی نووسیویەتی براتان و خزمەتکارتان، خۆی بە خزمەتکاری هەموو میللەت زانیوە، قسەیەکی ئەوم لە یادە، وتی ساڵی ١٩٦٣ تازە شەڕ بەرۆکی پێ گرتبوینەوە (لە دەڤەری بارزان بووە ئەو)، وتی بەیانیان زوو خەڵکی لە ترسی بۆردومانی فڕۆکە دەچوونە دەشت و دەر منیش ڕۆژێك بەسەر خەڵکەکەدا دەگەڕام، پێشمەرگەیەك هەبوو بە ناوی ((گورگۆ)) یەکێك بوو لەوانەی لەگەڵ بارزانی لە کۆچڕەوەکەی بەرەو ڕووسیا هاوەڵی بوو، بە تەمەندا چوو بوو، جێگەیەکی بۆ خۆی خۆش کردبوو، یەکێك لە کوڕەکانی بارزانی بە ئیلحاحەوە پێی وتبوو گورگۆ بۆچی ئەو جێگەیەت نادەی بە بارزانی، ئەویش وتبووی کوڕە دەبڕۆ. پێی وایە من خزمەتکاری بابی ئەوم، کوڕەکەی بارزانیش لە گورگۆ عادز بووە، لەو کاتەدا بارزانی هاتبوو پێی وتبوو بۆ وا داماویت، ئەویش وتبووی وەڵا گورگۆ قسەیەکی وای دەرهەق کردووم،بارزانیش بە پێکەنینەوە پێی وتووە، بۆ خۆت عادز دەکەیت، ئەی نازانی من و تۆش خزمەتکاری گورکۆو کەسانی وەك ئەوین..

ئەو زەمانە بەراورد ناکرێت بە ئێستا، ٣٠ تا ٤٠ ساڵی فەرقە، ئەو کاتە تا ڕۆژنامەنووسێکی بیانی دەهاتە لامان شاگەشکە دەبووین، بەڵام ئێستا سەرۆکی وڵاتان و وەزیرانی دەرەوە دێنە هەولێرو نزیکەی ٣٠ قونسوڵیە لەم هەرێمە هەیە،لەگەڵ ئەوەش بڕوا ناکەم کەسێ بتوانێت وەك بارزانی نەمر بێت، بە ڕای من ئەگەر میللەتی کورد بە یەکڕیزی لەسەر ئەو ڕێبازە بن بێگومان بە ئاواتە بەرزەکان دەگەن.

چونکە بارزانی نەمر بەرژەوەندی خۆی نەدەویست جلکی بەری من لە هی ئەو باشتر بوو، دیومە خۆی پێڵاوی خۆی پینەدەکردو جلی خۆی بە دەستی خۆی دەدوورییەوە..

تا حەددێکی زۆر کاك مسعود بارزانی هەوڵی داوە لەسەر ئەو ڕێبازە بڕوات بۆیە من تەئییدی دەکەم، چونکە قەناعەتم وایە توانیبێتی تا ئاستێك لەسەر ئەو ڕێبازە بڕوات، هاوکات ڕێزی زۆری هەموو خەباتی سەرکردەکانی تری وەك قازی محەمەد و شێخ مەحمودو شێخ سەعیدی پیران و بەدرخانیەکان و ئەوانەش دەگرم کە هەر کەس بە پێی توانای خۆی شتێکی بۆ دۆزی ڕەوای ئەم میللەتە کردبێت، بەڵام کەس هێندەی بارزانی خەباتی نەکردووە، لە ئایندەی نزیکیشدا کەسێك نابینمەوە وەك ئەو دروست بێتەوە..

داواتان لێم کردبوو شتێك لەسەر ئەو زاتە نەمرە باس بکەم کە پێشتر باس نەکرا بێت و نەبیسترابێت، مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٧ خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید دۆسکی کە هەمیشە برادەرە نزیکەکانمان بوو لە ئەمەریکا، وتی کابرایەکی ئەمریکی بە تیلیفۆن داوای بینینمی کردو پێی ڕاگەیاندم کە هۆی بینینەکە پێوەندیدارە بە ژیانی بارزانیەوە، پرسیاری بارزانی کرد وتی بیبینم یان نا، بارزانی پێی وت بیبینە، دواتر محەمەد سەعید دۆسکی لەهۆتێل کابرای بینیوەو کابرا وتویەتی ئەگەر شوێنی بارزانیم بۆ نەدرکێنی دەتکوژم، ئەمیش بێ ئەوەی خۆی سەغڵەت بکات بە ساردییەکەوە پێی وتووە وا دەزانی من حیسابی ئەوەم نەکردووە، لە دەوری ئەم هۆتێلە زیاتر لە دە گەنجی کوردی کارامە چاودێریمان دەکەن تۆ نایانبینی، هەر شتێکم بەسەردا بێت بە ساغی لێرە دەرناچیت، ئینجا وتی حکومەتی عیراقی منی تەکلیف کردووە بارزانی بکوژم، نیو ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کردوم و دووسەد هەزاریم لێ وەرگرتون و لەگەڵ تەواوبوونی کاری کوشتنی بارزانیدا سێسەد هەزارەکەی تر وەردەگرم لێیان، ئەمەش پاسپۆرتم کە لە بەغدا ڤیزای لەسەردراوە بۆ ئەو مەبەستەش بانگیان کربووم، بەڵام بۆیە هاتوم تا ئەمە ئاشکرا بکەم کە لە عیراق هاتمەوە پرسم بە خۆم کردووە باشە ئەم بارزانییە کێ بێت وا ئەو هەموو پارەیە لە پێناوی لەناوبردنیدا خەرج دەکرێت، گەڕام و سوڕام بە ناو بلاڤۆکان و کتێبەکانی کە لەسەر گەلی کوردو هەواڵەکانی لەسەر شەخسی بارزانین، تەماشا دەکەم ئەم پیاوە لە خزمەتی گەلی خۆی زیاتر هیچ کارێکی خراپی نەکردووە، بۆیە لەو ڕێککەوتنەم پەشیمان بوومەوە، بۆیە هاتوم ئەو زانیارییانەتان پێ بڵێم، ئێستاش ئەگەر سکاڵاشم لە لای پۆلیس لەسەر بنووسن، هیچ بەڵگەیەکی یاساییتان لەسەرم نییە بۆ ئیسپات کردنی ئەم کارەم..

بۆیە ئەم بەسەرهاتە دەگێڕمەوە تا بزانن لەو کاتانەشدا کە حکومەتی بەعس ئاگاداری نەخۆشی کوشندەی بارزانی نەمر بوون و دەیانزانی ماوەیەکی کەمی ماوە نەخۆشی کۆتایی بە ژیانی بهێنێت کەچی هەر پیلانیان لە دژی ڕێکدەخست، چونکە ئەوان بارزانییان بە مەترسیەکی گەورە لەسەر خۆیان دەزانی، دەشیانزانی ئەگەر یەك ڕۆژ لە ژیانیدا مابێت هەر مەترسی دەبێت بۆ ئامانجەکانیان کە لە دژی کوردو کوردستان ئاواتیان بوو بیهێننە دی.

**بێ فیزی بارزانی نەمر لەوەدا بوو خۆی لە کەس بە گەورەتر نەدەزانی و هاوکات کەسیشی لە خۆی پێ گەورەتر نەبوو**

**بارزانی هەرگیز متمانەی بە دانوسان و گفتوگۆی حکومەتی عیراقی نەبووە بەڵام هەموو هودنەو شەڕوەستانێکی پێ قازانج بووە بۆ کێشەی کورد**

**کەس هێندەی بارزانی خەباتی نەکردووە، لە ئایندەی نزیکیشدا کەسێک نابینمەوە وەک بارزانی دروست بێتەوە**

# بایەخی سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ رووسیا



هیمن هەورامی
بۆ گوڵانی نووسیوە

سەردانی فەرمی سەرۆک بارزانی بۆ رووسیا، کۆمەڵێک رەهەند و بایەخی گرنگی تایبەتی و هەڵگری مەغزای گرنگ و ئاڕاستەی ستراتیژییە.

ئەم سەردانەی سەرۆک بارزانی لە سەر بانگهێشتی دەوڵەتی رووسیا، کۆبوونەوە باڵاکان لەگەڵ ڤلادیمیر پوتین سەرۆکی رووسیا و وەزیری دەرەوە و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی گازپرۆم و پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی و کۆنگرەی رۆژنامەوانی، ئاماژەی بایەخدان و گرنگی دەوڵەتی رووسیایە بە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناو هاوکێشەکانی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆڵی سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی لە رابەرایەتیکردنی گەیاندنی هەرێمی کوردستان بەم قۆناغ و پێگەیەی ئێستای و ئاڕاستەکردنی بۆ ئایندەیەکی گەشتر.

ئێستا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، رووسیا، وێڕای ئەوەی کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە، بەڵام لە کۆمەڵێ بابەت و فایلی نێودەوڵەتیدا، ژمارەیەکی ئێجگار قورسی هاوکێشەکانە. لەوانەش، پرسی سوریا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رەهەند و لێکەوتە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی، کێبەرکێی لەگەڵ ئەمریکا لە سەر گێڕانی رۆڵی یەکلاکەرەوە لە پاراستنی هەژموونی ستراتیژی لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو، کشانی ناتۆ و پرسی چەکی ئەتۆمی ئێران و ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەهاری عەرەبییەوە بۆ پاییزی جیهادییەکان و لێکەوتەکانی، پرسی کۆریای باکور، باڵادەستی چین لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی دارایی نێودەوڵەتی، جیاوازی بەشێکی گرنگی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا و ئەندامانی ناتۆ لەگەڵ ئەمریکا بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ رووسیا. لە هەریەک لەو بابەتە نێودەوڵەتییانە، بە بێ رووسیا، نەتوانراوە یان هەنگاوی پێویست بهاوێژرێ یان بڕیاری یەکلاکەرەوە درابێت.

لەم روانگەیەوە، بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، کە درێژە بە سیاسەتی راست و دروستی خۆی بدات بەوەی کە دیپلۆماسیەتی فرەرەهەند Multi-Lateral Diplomacy بدات و لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و دۆزی کورد لە ناوچەکەدا و مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی گەشتر، بازنەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی فراوانتر بکات.

سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ رووسیا، ڕێک ئەڵقەیەکی دیکەی ئەو ستراتیژە سەرکەوتووەیە کە کورد، نە بووەتە بەشێک لە بازنەیەکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی



■ سەرۆك بارزانی سەردانی ئەو خانووەی کرد، کە بارزانیی نەمر لە ساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٨ تێیدا دەژیا

دژ بــە بازنە و پێکهاتەیەکی دیکــەی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی و نە لە ئایندەشدا هەنگاوی وەها دەگرێتەبەر.
ئەم سەردانە، جەختکردنەوەیە لە سەر گرتنە بەری کرانەوە Openness لە جوڵەی دیپلۆماســی و کارکردنە لە سەر جەختکردنەوە لە دەستخســتنی بەرئەنجامی باش بۆ پێشــکەوتن و سەقامگیری کوردستان و پێشکەوتنی دۆزی نەتەوەیی کورد لە نــاو جەرگەی ڕووداوەکانی ئێســتاو ئایندەدا، ئەمەش بە مامەڵەکردنی هاوسەنگ لەگەڵ کارەکتەرە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان.
ئەگــەر بــە وردی ســەیری نــاوەڕۆک و تەوەری کۆبوونەوەکانــی ســەرۆک بارزانی و بەرپرســانی دەوڵەتی ڕووســیا بکریت، هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە بەرچاو دەکــەون و بەرئەنجامەکانی ئایندەش زیاتر ئەو بابەتانەمان بۆ دەســەلمێنن. لە کۆبوونەوەی سەرۆک بارزانی لەگــەڵ ڤلادیمیر پوتین و ســێرگی لاڤرۆڤی وەزیــری دەرەوە و ســەرۆکی کۆمپانیــای گازپرۆم و ســەرۆکی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیدا، لەسەر پرسی پێوەندی ئێستا و ئاییندەی هەرێمی کوردستان و ڕووسیا بە وردی قسە کراوە، ئاڵوگۆڕی بیروڕا و هەڵسەنگاندی دۆخی ســوریا بە وردی کراوە و هــەردوولا تێڕوانینی خۆیان بۆ ڕەوشی ئێستا و ئاڕاستەکانی ئایندەی کردوە، ســەرۆک بارزانی جەختی لــەوە کردۆتەوە کە دەبێت گەلانی ســوریا بۆ خۆیان بڕیار لە ئایندەی خۆیان بدەن و دەبێت لە هەر جۆرە چارەسەریەکی کێشەی سوریادا، پرسی کورد و مافی کورد لە سوریا چارەسەر بکرێت.

ڕاستە ئەم سەردانە یەکەم دیداری دیپلۆماسی لوتکەی نێوان کوردســتان و ڕووسیایە، بەڵام ئەوەی لە هەمووی گرنگترە، پەیبردنی ڕووســیایە بە ڕەهەندی ئاییندەیی گرنگی و بایەخی پێگەی کورد و هەرێمی کوردستان و ســەرۆک بارزانی لە ناو هاوکێشەکانی ناوچەکەدا، بۆیە خوازیاری پەیوەندی درێژخایەنن، ئەوەتا، میللەری سەرۆکی گازپرۆم بە ڕاشکاوی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک بارزانیدا وتوویەتی «بە بایەخی زۆرەوە سەیری هەرێمی کوردســتان دەکەین و دەمانەوێت هاوکاری و شەراکەتی نێوان ڕووســیا و کوردستان زۆر درێژخایەن بێت».
بە پێی هەندێ ناوەندی لێکۆڵەری گرنگ کە نزیکی بڕیارســازانی سیاسی ئەمریکان، ئەمریکاش گەشتۆتە باوەڕی ئەوەی کە چارەســەری دۆزی سوریا، دەبێت بە ڕوســیا بکرێت، بۆیە جۆن کێری ڕاسپێردراوە دیالۆگ و گفتوگــۆی زیاتر لەگەڵ ڕووســەکان بکات و ئەو چەمکەی کــە جۆزیف بایدن لــە پەیوەندی ئەمریکا و ڕوســیا دایهێنا، RESET ئێســتا دەچێتە بواری جێبەجێ کردن.
بانگهێشتی فەرمی ســەرۆک بارزانی بۆ مونتەدای داڤۆس و گەشتی ئەوروپای و ئێستاش سەردانی ڕەسمی بۆ ڕوسیا، هەموو ئەمانە، ئاماژەی گرنگی ئومێدبەخشن بە سەنگینی پێگەی کورد لە ناوچەکە و سەرکەوتوویی سیاسەتی ســەرۆک بارزانی لە ئیدارەکردنی مەلەفی دیپلۆماسی کوردستان.



## ڕۆڵی حزبی سیاسیی
## له بونیادی دیموکراتیدا

# حزبی سیاسیی گرنگه بۆ دیموکراتی بەڵام هەموو حزبێک دیموکراتی پێ بونیاد نانرێت



**هەر حزبێک لەدەسەڵات بێت یان لە ئۆپۆزسیۆن بێت دەبێت لەسەر بنەمای ئەو واقیعە سیاسییەی وڵاتی پێدا تێپەڕدەبێت مامەڵە لەگەڵ واقیعەکە بکات**

قسەکردن لەسەر رۆڵی حزبی سیاسیی لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی یان رۆڵی حزبی سیاسیی لەو کۆمەڵگایانەی کە دیموکراسیەتی تێدا چەسپیوە، تەنیا قسە و باسی وڵاتی ئێمە نییە، بەڵکو ئەم پرسە لەسەرانسەری جیهان و لە وڵاتانی لیبرال دیموکراتی و وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بەردەوام وتوویژ و قسەکردنی لەسەر تازە دەبێتەوە و تۆژەران و بڕیار دروستکەرانی ناو سیستمە دیموکراتیەکان بەدوای ئەو پرسەدا وێڵن کە بۆچی لە زۆر حاڵەتدا ئەدا و چۆنیەتی هەڵسوڕانی حزبە سیاسییەکان لەگەڵ تیۆری دیموکراتیی هاودژی دروست دەکات، یان کێشەی سەرەکی دەبێتە کێشەی نێوان ئەدای حزبە سیاسییەکان و پرانسیپ و پێوەرەکانی دیموکراتی، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر ڤان بیزن ئینگرید لە توێژینەوەیەکدا کە بەناونیشانی (چۆن حزبە سیاسییەکان شێوەی دیموکراتی دیاری دەکەن؟ HOW POLITICAL PARTIES SHAPE DEMOCRACY) و، پێشکەشی سەنتەری دیراساتی دیموکراتی (CSD)ی کردووە لە لەندەن، ئاماژەی بەوە کردووە کە (هەڵسەنگاندنی سروشتی پارتە سیاسییەکان و شێوازە جیاوازەکانی دیموکراتی بۆتە باسی سەردەم، لەبەر ئەوەی رۆڵی جیاوازی پارتە سیاسییەکان دەبێتە هۆکاری وەرچەرخانێکی نموونەیی سەبارەت بەوەی کام حزبی سیاسیی بەشێوەیەکی تەدریجی وەك پێویستیەکی پەسەندکراو بۆ سیستمی دیموکراتی سەیر دەکرێت، هەنگاوی یەکەمی ئەم وەرچەرخانە نموونەییەش لەسروشتی پارتە سیاسییەکاندا لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە حزبەکان بتوانن خۆیان لە رێکخراوێکی تایبەتی خۆبەخشەوە بگۆڕن بۆ حزبی جەماوەری، ئەمەش راشکاوانە واتە حزب ببێتە وێستگەیەك بۆ نوێنەرایەتی خواست و پێداویستی جەماوەر و ئەمەش وادەکات حزب ببێتە توخمی سەرەکی لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتیدا)، ئەوەی خاتوو ڤان بیزن لە توێژینەوەکەیدا جەختی لەسەر کردۆتەوە دوو خاڵی گرنگن:

١. دیموکراتی هاوچەرخ بەبێ حزبی سیاسیی بوونی نابێت.

٢. بەڵام ئەدای کردەیی حزبە سیاسییەکان لەناو پرۆسەی دیموکراتیدا پێویستی حزب لە ناو پرۆسەکە دیاری دەکات، هەر ئەدای حزبی سیاسیشە کە هاودژی و ناکۆکی بنەڕەتی لەگەڵ پێوەر و بنەماکانی دیموکراتی دروست دەکات.

کەواتە مەسەلەکە لێرەدا ئەوەنییە موناقەشە لەسەر ئەوە بکرێت ئایا حزبی سیاسیی بۆ بونیادی دیموکراتی پێویستە یان نە؟ بەڵکو پرسی گرنگ ئەوەیە ئەدای حزبە سیاسییەکان لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتی پێویستە چۆن بێت؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە بیرمەند و زانای سیاسیی بەناوبانگی ئەمریکی ئەلمەر ئیریك شاتسشنایدەر نزیکەی نیو سەدە لەمەوپێش ئاماژەی بەوەکردووە (دیموکراتی هاوچەرخ بەبێ حزبی سیاسیی بوونی نابێت، بەڵام دیموکراتی بەو شێوازەی حزبە سیاسییەکان کاری تێدا دەکەن ناپارێزرێت)، ئەم قسەیەی شاتسشنایدەر جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی حزبی سیاسی لە ناو سیستمی دیموکراتی چۆن کاردەکات و هەروەها چۆن دەتوانێت نوێنەرایەتی خەڵك بکات و لەهەمانکاتدا پابەند بێت بە بنەما دیموکراتیەکانەوە، بۆیە لێرەوە کە بەشێوەیەکی گشتی باس لە رۆڵی حزب دەکەین لە ناو پرۆسەی دیموکراتی یان وەك دامەزراوەیەکی سیاسیی لەناو سیستمی دامەزراوەیی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا، پۆلێن کردنی حزب نییە بۆ حزبی فەرمانڕەوا و حزبی ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو دیاریکردنی ئەرکە گشتیەکانی حزبە لەناو پرۆسەکە و حزب لە دەسەڵاتدا بێت یان لە ئۆپۆزسیۆن، مەرجی سەرەکی ئەوەیە پابەند بێت بە بنەماکان و پێوەرەکانی دیموکراتی، ئەوجا کاتێك لە ئاکامی هەڵبژاردن حزبەکان دابەش دەبن بۆ حزبی دەسەڵات و حزبی ئۆپۆزسیۆن، ئەوا لەناو سیستمی دیموکراتیدا، هەر یەك لەو حزبانە چ ئەوانەی لە دەسەڵاتن و چ ئەوانەی لە ئۆپۆزسیۆنن دەبێت پابەند بن بەو پێوەرانەی کە سیستمی دیموکراتی بۆ هەر لایەکی لە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن دیاری کردووە.

لەم چوارچێوەیەدا حزبی سیاسیی یان هاوپەیمانیەکی سیاسی کاتێك هەڵبژاردن دەباتەوە و دەبێتە لایەنی دەسەڵات، ئەمە مانای ئەوەنییە ئیتر ئەم حزبە یان ئەم هاوپەیمانیە لەبەر ئەوەی زۆرینەی لە پەرلەماندا هەیە و حکومەتی لەبەردەستە، هەموو شتێك بکات و هیچ حسابێك بۆ ئۆپۆزسیۆن نەکات، بەپێچەوانەوە پێوەرەکانی سیستمی دیموکراتی بەسەر لایەنی دەسەڵاتدا فەرزی دەکات دەبێت رێز لەمافی حزبی ئۆپۆزسیۆن بگرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە حزبی ئۆپۆزسیۆنیش بەهەمان شێوە لەناو پرۆسە دیموکراتیەکە هەم مافی خۆی هەیە کە دەبێت رێزی لێ بگیرێت هەمیش ئەرکی لەسەر شانە کە دەبێت پێوەی پابەند بێت، سەبارەت بە رۆڵ و ئەرکی ئۆپۆزسیۆن لە پرۆسەی دیموکراتیدا، پرۆفیسۆر وەندۆسن تیشۆم ئوستادی ئەنترۆپۆلۆژی لەزانکۆی ڤێننا لە توێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی (حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و سیاسەتی ئۆپۆزسیۆن لە ئەفریقیا) لە گۆڤاری جۆرناڵ ئینترناشنال بۆ زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆیی لە ٢٠٠٩ بڵاوی کردۆتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە (ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی راستەقینە سیمایەکی پێویستی دیموکراتی و لێبوردەیی و متمانە بوونە بە توانای هاووڵاتیان کە دەتوانێت بەشێوازی سیاسیی ئاشتیانە کێشەکان چارەسەر بکات، هەر بۆیە بوونی ئۆپۆزسیۆن گرنگەو، بێ بوونی ئۆپۆزسیۆن سیاسەت لە کۆمەڵگە رادەوەستێت و کارەکانی سیستمی پەرلەمانی دیسپلینیان تێدا نابێت. هەربۆیە حزبی ئۆپۆزسیۆن بەو جۆرە پێناسە دەکرێت کە دامەزراوەی سیاسیی حزبین و ئەرکیان ئەوەیە چاودێری شێوازی حکومڕانی حزبی فەرمانڕەوا دەگرن و سیاسەتی بەدیل دادەڕێژن، لە هەمانکاتدا حزبی ئۆپۆزسیۆن دەسەڵاتی حکومەتی هەڵبژێردراوی قبوڵە و دانی پێدا دەنێت، هەربۆیە ئەگەر رۆڵی ئۆپۆزسیۆن بۆ چاودێری و لێپرسینەوەی دەسەڵات بێت، ئەوا خۆ ئامادەکردنیشە بۆ جێگرتنەوەی حزبی دەسەڵات، لە دیموکراتیە کامڵەکاندا بە حزبەکانی

ئۆپۆزسیۆن دەگوترێت حكومەتی بەدیل یان حكومەت لە چاوەڕوانیدا، بەڵام گرنگە حزبەكانی ئۆپۆزسیۆن و حزبەكانی دەسەڵات پێكەوە بەهاكانی لێبوردەیی و هاوكاری پیادە بكەن و بیانپارێزن و بۆ چارەسەركردنی كێشەكانیش پەنا بۆ شێوازی كۆمپرۆمایز بەرن)). ئەم پێناسەی پرۆفیسۆر تیشۆم بۆ سیاسەتی ئۆپۆزسیۆن دیاریكردنی ئەرك و مافی ئۆپۆزسیۆنە، بەڵام لەناو وڵاتانی ئەفریقیدا هەست دەكرێت كە ئۆپۆزسیۆن ناتوانێت ئەم رۆڵە بگێڕێت، هۆكاری لاوازی ئۆپۆزسیۆنیش لە ئەفریقیا دەگێڕێتەوە بۆ:

- حزبە ئۆپۆزسیۆنەكان لە ئەفریقیا لەدەوری تاكە كەسێك كۆبوونەتەوە.
- لە ناوخۆی حزبەكاندا دیموكراتی لاوازە و كۆمەڵێك گرفتی ناوخۆییان هەیە.
- بنكەی جەماوەریی بەهێزیان نییە و ئەزموونیان لەوەرچەرخانی حزب لە رێكخراوێكی خۆبەخشی تایبەتەوە بۆ حزب وەك رێكخراوێكی جەماوەری كەمە.
- شێوازی سیاسەتكردنیان و شێوازی رەخنەگرتنیان لە حزبی دەسەڵات شێوازێكی دوژمنكارانەیە نەك دیموكراتیانە. هەر ئەمەش بۆتە هۆكاری لاوازی ئۆپۆزسیۆن یان نەتوانینی گێڕانی رۆڵێك كە شایستەی ئۆپۆزسیۆن بێت.

## ئەركەكانی حزبی سیاسیی لە كۆمەڵگەی تازە پێگەیشتوودا

بوونی حزبی سیاسی لە پرۆسەی دیموكراتی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و دیموكراتی پێگەیشتووتدا وەك یەك گرنگە، بەڵام ئەدا و رەفتار و ئەركی حزبی سیاسی لەو دوو كۆمەڵگەیە تا رادەیەك جیاوازە، هۆكاری ئەم جیاوازیەش لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، كە لەپرۆسەی دەسپێكی دیموكراتی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوە هاوكاتە لەگەڵ پرۆسەی دیموكراتی و، لەم قۆناخەشدا كە وڵات خەریكی بونیادنانەوەی ژێرخان و بونیادی دیزانی دامەزراوەكانە، ئەوا ئاستی پێویستی كۆمەڵگە لە ئیمكانیەتی بەردەستی حكومەت زیاترە، بۆیە هەر حزبێك لەدەسەڵات بێت یان هەر حزبێك لە ئۆپۆزسیۆن بێت دەبێت لەسەر بنەمای ئەو واقیعە سیاسییەی وڵاتی پێدا تێپەڕدەبێت حزب لە ئۆپۆزسیۆن بێت یان لەدەسەڵات مامەڵە لەگەڵ واقیعەكە بكات، دیاریكردنی ئەم چوارچێوەیە بۆ ئەوە نییە كە چالاكی حزبی سیاسی بە تایبەتی حزبەكانی ئۆپۆزسیۆن لە قاڵبدرێت و بواری رەخنەگرتن تەسكبكرێتەوە یان لەبەر ئەوەی وڵات بە قۆناخی ئینتیقالی تێدەپەڕێت، ئیتر دەبێت كەس رەخنە نەگرێت، یان ئەو حزبانەی لەدەسەڵاتن سەرپشك بكرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەكرێت، نەخێر ئامانج لەدیاریكردنی قۆناخی وڵات بۆ ئەوەیە نە حزبەكانی دەسەڵات ئەوەی دەیكەن وەك دەسكەوتی بێ وێنە بە هاووڵاتی پیشانبدەن، نە ئەوەشە كە ئۆپۆزسیۆن ئەوەشی دەكرێت بیشارێتەوە، لێرەدا ئەگەر وەك نموونە باسی قۆناخی ئێستای هەرێمی كوردستان بكەین و لەسەر پرۆسەی بونیادنانەوەی ژێرخان لەسەر ئاستی هەموو خزمەتگوزارییەكان هەڵوەستە بكەین، هەستدەكەین لە هەردوو لایەنەوە بە حزبەكانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە مامەڵەیەكی تەندروست لەگەڵ واقیعی وڵات نەكراوە، لەلایەك دەسەڵات وای پیشانداوە كاری زۆر زۆر كراوە، لەلایەكی دیكە ئۆپۆزسیۆن لە هەوڵی ئەوەدا بووە پیشانی بدات هیچ نەكراوە، بۆیە ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بە دابینكردنی خزمەتگوزاری ئاوی خواردنەوە بكەین، ئاشكرایە لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ـەوە، واتە ساڵێك پاش رووخانی رژێمی پێشوو دەستكراوە بە یەكەمین پرۆژەی ئاوی خواردنەوە كە ئەویش ئەنجامدانی پرۆژەی ئاوی ئیفرازی ٣ بووە لە هەولێر، ئەوكات لە ٦٠٪ی دانیشتوانی شاری هەولێر پشتیان بە ئاوی بیر بەستووە، ئەمە واتە لە ساڵی ٢٠٠٤ شاری هەولێر كە پایتەختی هەرێمی كوردستان بووە، بەرێژەی ٤٠٪ ئاوی بۆ دابینكراوە، هەروەها سلێمانی و دهۆكیش لە هەولێر باشتر نەبوون، ئەم واقیعە بۆ حزبە سیاسییەكان ئەوجا لەدەسەڵات بن یان ئۆپۆزسیۆن، ئەوە واقیعی وڵاتەو دەبێت هەردوولا وەك یەك مامەڵەی لەگەڵ بكەن، هۆكاری سادە بۆ ئەمە ئەوەیە نابێت هاووڵاتیانی كوردستان لە خزمەتگوزاری ئاوی خواردنەوە بێ بەش بن، كە ئەمە بچووكترین و سەرەتاییترین مافی هاووڵاتیانە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لەماوەی ئەم ٨ ساڵەی رابردوو تاچەند ژێرخانی ئەم خزمەتگوزارییە بونیادنراوەتەوە و لەسەدا چەند ئەم كێشەیە لەسەرتاسەری هەرێم چارەسەر كراوە؟ ئەم پرسیارە تەنیا ئاراستەی حزبەكانی دەسەڵات یان ئۆپۆزسیۆن ناكرێت، بەڵكو ئاراستەی سەرجەم حزبەكانی نێو پرۆسەی سیاسی دەكرێت، هەر بۆیە ئەگەر حزبەكانی دەسەڵات پێمان بڵێن ئەم كێشەیە لە سەدا سەد چارەسەركراوە، ئەوا بێگومان واقیع پێمان دەڵێت نەخێر لە سەداسەد چارەسەر نەكراوە، بەڵكو بەرێژەی ٨٠ ٪ ئەم كێشەیە چارەسەركراوە، پرسیاری دیكە كە دیسان رووبەڕووی حكومەت و حزبەكانی دەسەڵات دەكرێنەوە ئەوەیە ئایا نەدەتوانرا لەماوەی ئەم هەشت ساڵە ئەم رێژەیە بەرزتر بوایە، واتە بگەیشتایە ٩٠-٩٥٪؟ بێگومان پێویستە حكومەت و حزبەكانی دەسەڵات راشكاوانە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە و هاووڵاتیان لەو هۆكارانە ئاگادار بكەنەوە كە رێگربوون لەبەردەم ئەوەی كە هێشتا ٢٠٪ی ناوچەكانی كوردستان پرۆژەی ئاوی خواردنەوەیان نییە، یان پرۆژەكانیان تەواو نەبووە، یان دەستی پێنەكراوە، لەبەرامبەر ئەمەدا پرسیار رووبەڕووی حزبەكانی ئۆپۆزسیۆنیش دەكرێتەوە، ئایا كاتێك لە ٨٠٪ی خزمەتگوزاری ئاوی خواردنەوە دابین كرابێت و كێشەی بێ ئاوی لە ٨٠٪ی هەرێمی كوردستان بوونی نەمابێت، ئایا ئەو حزبانە چ سوودێك وەردەگرن كە وای پیشانبدەن هیچ نەكراوە؟ ئایا نكۆڵی كردن لە باسكردنی ئەو رێژەیە دەبێتە هۆكاری ئەوەی كێشەكانی وڵات چارەسەر بكرێن، یان دەبێتە هۆكاری ئەوەی هاووڵاتی نائومێد بێت و لەبری ئەوەی چالاكانە بەشداری پرۆسەی سیاسیی بكات، لە پرۆسەكە دوور دەكەوێتەوە؟ پرسیاری دیكە ئەوەیە دووركەوتنەوەی

> **ئامانج لەدیاریکردنی قۆناخی وڵات بۆ ئەوەیە نە حزبەکانی دەسەڵات ئەوەی دەیکەن وەک دەسکەوتی بێ وێنە بە هاووڵاتی پیشانبدەن، نە ئەوەشە کە ئۆپۆزسیۆن ئەوەشی دەکرێت بیشارێتەوە**

**بەشێوەیەکی گشتی کە باس لە رۆڵی حزب دەکەین لە ناو پرۆسەی دیموکراتی، پۆلێن کردنی حزب نییە بۆ حزبی فەرمانڕەوا و حزبی ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو دیاریکردنی ئەرکە گشتیەکانی حزبە لەناو پرۆسەکە**

ئەگەر لە قۆناخێکدا سوودی بۆ حزبێکی دیاریکراو هەبێت، ئایا کۆی پرۆسەی سیاسیی دیموکراتی بە گۆشەگیر بوون و دوورکەوتنـــەوەی هاووڵاتی چی بەســـەر دێت؟ لەمەش گرنگتـــر ئایا بە ململانێی ناتەندروســـتی نێوان حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، سیستمی حزبایەتی لەوڵاتدا چی بەسەر دێت و چ کاردانەوەیەکی خراپی لەسەر بوونی حزب لە پرۆسە دیموکراتیەکەدا دەبێت؟ پسپۆرانی زانستی سیاسەت و تایبەتمەند لەســـەر رۆڵی حزب لەپرۆســـەی دیموکراتی ســـەبارەت بەو ژینگە خراپەی لە ئاکامی ئەدای حزب لە پرۆســـەی دیموکراتی دروســـت دەبێت، ئاماژە بەوە دەکەن لەژینگەیەکی لەو جۆرەدا کە حزبەکان ململانێی خنکێنەری دوور لە پێـــوەری دیموکراتی لەگەڵ یەکتری دەکەن، باجی گەورە حزبە سیاســـییەکان دەیدەن و تیڕوانینێکی ئەوتۆ لە کۆمەڵگە دروســـت دەبێت کە حزبی سیاسی لەبری ئەوەی وەك میکانیزمێك بۆ بونیادی دیموکراتی سەیر بکرێت، وەك ئاســـتەنگێك لەبەردەم بونیادی دیموکراتی سەیر دەکرێت و بۆشـــاییەك لەنێوان هاووڵاتی و حزبەکان دروست دەبێت کە هاووڵاتی بە گومان دەبێت و متمانەی بە حزبە سیاسییەکان نامێنێـــت و لەمـــەش خراپتر لەنێـــوان سیاســـەتمەدارانی حزبەکانیشـــدا دردۆنگی و بێ متمانەیی دروســـت دەبێت و لەبـــری ئەوەی هەوڵبدەن کێشـــەکان بە دیالۆگ چارەســـەر بکەن پەنا بۆ شێوازی نادیموکراتیانە دەبەن، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا لە هیچ وڵاتێکی تازە پێگەیشتوو ئەو ژینگە سیاسییە خراپە دروست بووە کە حزبی سیاسیی سیمای ناشرین بێت و لەلایەن هاووڵاتیانەوە رەتبکرێتەوە یان هاووڵاتیان وەك ئاســـتەنگ بۆ دیموکراتی ســـەیری بکەن؟ بێگومان ئەزموونە دیموکراتیەکانی بەشی زۆری دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی و دەوڵەتەکانی سۆڤیەتی پێشـــان و ژمارەیەکی هێجـــگار زۆر دەوڵەتانی ئەفریقیا و باشووری ئاسیا نموونە گەلێکن لەسەر ئەو ژینگە خراپەی کە رۆڵی حزب لـــە بونیادنەری دیموکراتیەوە دەگۆڕێت بۆ ئاستەنگ لەبەردەم پرۆســـەی دیموکراتی، بەڵام پرسیاری دیکـــە لەم حاڵەتە ئەوەیە ئایا حزبی سیاســـیی لەم وڵاتانە خۆیان ئارەزوومەندانە نەهاتوونە ناو پرۆسە دیموکراتیەکە و حزبەکان بەشـــێوەیەکی گشتی بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە ئامانجیـــان دیموکراتی نییە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشـــدا ئەزموونـــی ئەو وڵاتانە پێمان دەڵێن ئەم ژینگە خراپە کاتێك دروســـت دەبێت کە حزبی ئایدلۆژی (ئەوجا عەلمانی بێت یان ئایینی یان چەپ)، بیەوێت لە روانگەی ئایدلۆژیەتی خۆیەوە پێناسەی دیموکراتی بکاتەوە، واتە وەڵامی پرسیاری (دیموکراتی چیە؟) بە ئایدلۆژیەتی حزبی خۆی بیداتەوە و هـــەوڵ بۆ ئەوە بدات کە دیموکراتی لە قاڵبی ئایدلۆژیەتی خۆی پێناســـە بکاتەوە نەك خۆی لە وەڵامی پرســـیاری دیموکراتی چی یە؟ پێناســـە بکاتەوە، هەر بۆ نموونە ئێستا لەوڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە پێیان دەڵێن بەهاری عەرەبی، حزبەکانی ئیخوان و ســـەلەفیەکان بەپێـــی ئایدۆلۆژیەتـــی حزبی خۆیـــان دیموکراتی پێناســـە دەکەن، ئەمەش واتە پێوەرەکانی دیموکراتی دەکەنە میکانیزمێك بۆ ئەوەی پێی بگەنە دەســـەڵات و بەس، بەڵام جێبەجێکردنـــی دیموکراتی و دروســـتکردنی بڕیـــار بەپێی پێوەرە دیموکراتیەکان و رێکخســـتنەوەی بـــازاڕ لەســـەر بنەمـــای دیموکراتی




هەمـــووی دەخەنە لاوە و تەنیا کار بەو پرۆگرامە دەکەن کە ئایدلۆژیەتی حزبەکەیان بۆی وێناکێشاون، ئەمە بۆ ئەو حزبە عەلەمانی و چەپانەش هەمان شتە کاتێك عەلەمانی دەکەن بـــە ئایدۆلۆژیەت، یان دیموکراتی لە قاڵبی فیکری چەپی رادیکاڵی پێناسە دەکەنەوە، سەبارەت بە بوونی عەلەمانیەت بە ئایدۆلۆژیەت بێگومان دیموکراتیەتی کۆماری چوارەمی فەرەنســـا و دیموکراتیەتی کۆماری تورکیا تا ساڵی ٢٠٠٢ باشترین نموونەن، کە ریجس دوبریە ناوی لێناوە عەلمانیەتی کوێرانە، سەبارەت بە چەپی رادیکاڵیش کە هەمان ئاکامی لێدەکەوێتەوە، بەشـــی زۆری دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی وەك پیرۆ و بۆلیفیـــا و فەنزویلا و چەندین وڵاتی دیکەش نموونەی ئـــەو ژینگە خراپەن کە ئەو جـــۆرە حزبە چەپ و رادیکالیانە دروســـتیان کردووە، بۆیە لـــەم جۆرە ژینگە سیاســـییە خراپەدا کە تیایـــدا حزبی سیاســـیی دەیەوێت ژینگـــەی ئایدۆلۆژی خـــۆی بخاتە شـــوێنی ژینگەی سیاسیی کۆمەڵگەی دیموکراتی، ئەوا پرسیاری دیموکراتی چییە؟ پرسیارێکی بێ وەڵام دەبێت، لەبەر ئەوەی چەمکی دیموکراتی لەلایـــەن ئایدۆلۆژیەتی حزبـــەوە لە قاڵبدراوە، لەکاتێکدا وەڵامی پرســـیاری دیموکراتی چییە؟ وەڵامێکە رۆژانە گۆڕانکاری بەســـەردا دێت و خواست و پێداویستی خەڵك وەڵامی پرســـیاری دیموکراتی چییە؟ دەداتەوە، بۆیە کاتێك حزب لە بری خواســـت و پێداویستی خەڵك وەڵامی ئەو پرســـیارە دادەتەوە، خەڵك و حزب لێکجیادەبنەوە، ئەمە هەر بۆ نموونە وەك خواســـتی حزبەکانی ئۆپۆزســـیۆن لە کوردســـتان وایە، ئەو حزبانە پێیان خۆشە بەخەڵك بڵێن ئەم وڵاتە تاریکســـتانە و کارەبا بوونی نییە، بەڵام خەڵك خۆی بە چاوی خۆی دەبینێ کە ١٦-١٨ سەعات کارەبا هەیە، پرســـیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ١٦-١٨ ســـەعات کارەبا بەسە؟ بێگومـــان نەخێر و دەبێـــت ئەم رێژەیە بگاتـــە ئەوەی ٢٤ سەعات کارەبا هەبێت، بەڵام ئایا بەو جۆرەشە کە حزبەکانی ئۆپۆزســـیۆن دەڵێن تاریکســـتانەو کارەبا نییـــە؟ ئەمە ئەو ژینگەیە دروســـت دەکات کە هاووڵاتی متمانەی بە حزب لەق بێت و وەك دامەزراوەیەکی بەرژەوەندی خوازی کەسێك یان گروپێکی دیاریکراو سەیری بکات.

### هەرێمی کوردستان و ژینگەی سیستمی حزبایەتی

لە ئێستای هەرێمی کوردســـتان ژینگەی پەیوەندی نێوان حزبە سیاسییەکان وەك ژینگەیەکی تەندروست ناژمێردرێت، لەبەر ئەوەی حزبەکانی دەسەڵات (پارتی و یەکێتی) لەگەڵ حزبەکانی ئۆپۆزســـیۆن (گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو)، هێندەی لەرێگەی میدیاوە کێشـــەکانی خۆیان دەخەنە روو، هێنـــدە ئامادەنین پێکەوە کۆببنەوە و پێکەوە لە چوارچێوەی پێکەوەسازان و کۆمپرۆمایز کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، ئەمەش بارودۆخێکی دروســـتکردووە کـــە پارتی و یەکێتی وەك دەســـەڵات لە میدیاکانەوە هەڵوێستی خۆیان بخەنەروو و کۆمـــەڵ و یەکگرتوو و گۆڕانیش وەك ئۆپۆزســـیۆن لە میدیاکانەوە رای خۆیان بڵێن، لەمەش ناتەندروستتر ئەوەیە، هەردوو لایەنی دەســـەڵات و ئۆپۆزســـیۆن ئامادەن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و رووپەڕی رۆژنامەکان و رادیۆکان و ماڵپەرەکانی ئەنتەرنێت، موزایەدەی سیاسی لە شێوەی تۆ هەڵەی من راســـت تۆ گەندەڵی من فریشتە پیشانی خەڵك بدەن، لەکاتێکدا نە دەســـەڵات فریشـــتەیە نە ئۆپۆزسیۆن، نە دەســـەڵات بەو ئاســـتە خراپە کە بەفاشـــی و دیکتاتۆر وەسف بکرێت، نە ئۆپۆزســـیۆنیش هێندە مافی پێشێلکراوە کە بە مەزڵوم لەقەڵەم بدرێت، بۆیە ئەم ژینگە ناتەندروستە سیمایەکی ئەوتۆی بۆ حزبایەتی دروستکردووە، وەك ئەوەی حزبی سیاسیی ئاستەنگ و تێکدەری پرۆسە دیموکراتیەکە بێت، بەڵام پرسیاری ســـەرەکی لێرەدا ئەوەیە رەتکردنەوەی رۆڵـــی حزب یان هەوڵدان بۆ ئەوەی حزبی سیاســـیی لەناو پرۆســـەکە رۆڵی نەمێنێت، پرۆســـە دیموکراتیەکە دەگاتە کوێ؟ ســـەبارەت بەوەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئەزموونانەی بەم شـــێوازە مامەڵە لەگەڵ چەمکی حزب کراوە، یان ژینگەیەکی ئەوتۆ دروســـتکراوە کە حزب وەك ئاستەنگ بۆ دیموکراتی سەیر بکرێت، ئایا پرۆسەکەیان گەیشـــتۆتە کوێ؟ بێگومان هەموو ئەو ئەزموونانە پێمان دەڵێن پرۆســـەی دیموکراتی بەرەو سەرهەڵدانی سەرکردەی پۆپۆلیستی و دیکتاتۆری هەنگاوی هەڵگرتووە، هۆکاری ســـەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی ئەو بۆشاییەی کە حزب ناتوانێت ئەدای خۆی کە نوێنەرایەتیە لەناو پرۆســـە دیموکراتیەکە جێبەجێ بکات، رێکخراوەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنیش ناتوانن ئەو رۆڵەی حزب دەیگێڕێت ئـــەوان بیگێڕن، بۆیە خەڵك لـــەم ژینگەیەدا نائومێد دەبێت لەحزب و ناچار دەبێت ســـەرکردەی حزبێکی سیاسیی وەك فریادرەس ســـەیر بـــکات و بەرێگەی ســـندوقی دەنگدان پۆپۆلیســـتێك بگاتە دەسەڵات، وڵاتانی ئەمریکای لاتینی باشترین نموونەن بۆ بەرهەمهێنانی سەرکردەی پۆپۆلیستی چەپ و راســـت، بۆیە لەم روانگەیەوە هەر ســـەرکردەیەکی سیاســـیی هەوڵـــی ئەوەبێت رۆڵـــی حزب لە پرۆســـەی دیموکراتـــی رەتبکاتەوە یان ژینگەیەك دروســـت بکات بۆ ئەوەی لەنێوان هاووڵاتی و حزبدا متمانە نەمێنێت، ئەوا ئەو سەرکردە سیاسییە یەك ئامانجی هەیە ئەویش ئەوەیە خۆی ببێتە ســـەرکردەیەکی پۆپۆلیستی و ئامانجی ئەوەیە دوای ئـــەوەی خەڵك لە حزب نائومێد دەبن، ئەو ســـەرکردەیە وەك فریادرەس دەربکەوێـــت و خەڵك بەناچاری دەنگی پێبدات، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە کردنە ئەوەیە ئایا هەوڵی لەم جۆرە لەکوردستان بوونی هەیە؟ بێگومان بەڵێ بزووتنەوەی گـــۆڕان هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە کە حزب بوونی نەمێنێت، لەکاتێکدا خۆی وەك حزبێکی سیاسیی مۆڵەتی لە وەزارەتی ناوخۆی ئـــەو حکومەتە وەرگرتووە، کە هـــەر بزووتنەوەی گـــۆڕان ئەو حکومەتـــە وەك حکومەتێکی ناشـــەرعی و دیکتاتۆر پیشـــانی خەڵك دەداتەوە، لەمەش سەیرتر ئەوەیە هەندێك لە هەڵســـوڕاوانی ئـــەو بزووتنەوەیە ئەم هەنگاوەی بزووتنەوەکەیان بۆ نەهێشتنی متمانەی حزب لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بە داهێنانێکی بزووتنەوەکەیان پیشـــانی خەڵك

**هەر سەرکردەیەکی سیاسیی هەوڵی ئەوەبێت رۆڵی حزب لە پرۆسەی دیموکراتی رەتبکاتەوە یان ژینگەیەک دروست بکات بۆ ئەوەی لەنێوان هاووڵاتی و حزبدا متمانە نەمێنێت، ئەوا ئەو سەرکردە سیاسییە یەک ئامانجی هەیە ئەویش ئەوەیە خۆی ببێتە سەرکردەیەکی پۆپۆلیستی و وەک فریادرەس دەربکەوێت و خەڵک بەناچاری دەنگی پێبدات**




## هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بایەخی حزب لە پرۆسەی دیموکراتی هەوڵدانە بۆ دروستکردنی پۆپۆلیست و لەباربردنی سیستمی دیموکراتی

زانستی سیاسەتیش ئەم داهێنانە بە لەباربردنی دیموکراتی وەسف دەکەن، ئەوەشی دەیەوێت لەسەر ئەم پرسە توێژینەوە بکات بەسەدان توێژینەوەی زانستی لەبەر دەستن کە جەخت لەوە دەکەنەوە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بایەخی حزب لە پرۆسەی دیموکراتی هەوڵدانە بۆ دروستکردنی پۆپۆلیست و لەباربردنی سیستمی دیموکراتی.

ئەمەی ئاماژەمان پێکرد تانە نییە لە حزب یان بزووتنەوەیەکی سیاسی دیاریکراو، بەڵکو هەوڵدانە بۆ دروستکردنی موناقەشەیەك کە هەموو پێکەوە کەموکورتیەکانی ناو پرۆسە دیموکراتیەکەمان چارەسەر بکەین و ئەگەر سەرنج و تێبینیەکیشمان لەسەر ئەدای حزبەکان لەناو پرۆسەی سیاسیی هەیە بە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە، حزبەکان خۆیان راست بکەنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پرۆسەی دیموکراتی بەپێی ئەدای حزبە سیاسییەکان هەڵدەسەنگێنرێت، نەك بە ژمارەی حزبە سیاسییەکان.

### هەڵبژاردن و حزبی دەسەڵات

ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان دەیەوێت بەو جۆرە پەیامی خۆی ئاراستەی خەڵکی کوردستان بکات، هەڵبژاردن بکرێت و نەکرێت هەر پارتی و یەکێتی لەدەسەڵات دەبن و ئەوانیش هەر ئۆپۆزسیۆن دەبن، کەواتە بۆ ئەوەی پارتی و یەکێتی لە دەسەڵات دووربخرێنەوە، ئەوە هەر رێگەیەك بگیرێتە بەر شەرعیە، شەرعیەتی ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دوو حزبی دیکتاتۆر لە دەسەڵات دووردەخرێنەوە و هەر هەنگاوێکیش بۆ دوورخستنەوەی دیکتاتۆریەت بێت لە دیموکراتیدا شەرعیە، بەڵام پرسیارێك لێرەدا دێتە پێشەوە ئایا ئۆپۆزسیۆنێك ئەمەندە نائومێد و بەو جۆرە سەیری پرۆسەی دیموکراتی بکات، لەبەر ئەوەی خۆی ناگاتە دەسەڵات، ئەوەی لەدەسەڵات بێت دیکتاتۆرە، چۆن دەتوانێت بە پێوەرەکانی دیموکراتیەوە پابەند بێت؟ ئەمە لە کاتێکدا بانگێشە کردن بۆ ئەوەی پارتی و یەکێتی هەر لەدەسەڵاتدا دەمێننەوە خۆی پێشێلکردنی بنەماکانی دیموکراتیە، بەتایبەتی بۆ ژینگەی سیاسی ئێستای کوردستان کە ئۆپۆزسیۆنێکی چالاکی ئەوتۆی هەیە ژمارەی کورسیەکانی لەناو پەرلەماندا، لەژمارەی کورسیەکانی هەر یەك لە پارتی و یەکێتی زیاترە، لەبەر ئەوەی پارتی ئێستا ٣٠ کورسی هەیە و یەکێتی ٢٩، لەکاتێکدا کورسیەکانی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن لە ٣٠ کورسی زیاترە، ئەم واقیعە ئەوەمان بۆ دەردەخات کاتێك هەڵبژاردن لە کوردستان ئەنجامدەدرێت نازانرێت کێ براوەیە، ئەمە بۆ هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ راست بووە و بۆ ئێستاش راستە، لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٢ش کە یەکەم ئەزموونی هەڵبژاردن لەکوردستان ئەنجامدرا هەتا دەنگەکان جیانەکرانەوە کەس نەیدەزانی پارتی بردویەتیەوە یان یەکێتی، پاشانیش دەنگەکانی پارتی و یەکێتی بە ئاستێك لێك نزیك بوون کە ئاکامی هەڵبژاردن بە ٥١٪ بۆ پارتی و ٤٩٪ بۆ یەکێتی




راگەیەنرا و پاشانیش دەسەڵات نیوە بەنیوە دابەشکرا، بەڵام بۆ ئێستا کە لەبەرامبەر پارتی و یەکێتی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز بوونی هەیە، لەهەمانکاتدا دەنگۆی ئەوەش هەیە کە پارتی و یەکێتی بەجیا بەشداری هەڵبژاردن بکەن، بەتایبەتی ئەگەر بە لیستی کراوە هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، ئەوا ئەمجارە هەتا سندوقی دەنگدان نەکرێتەوە کەس نازانێت چ لایەنێك زۆرینە بەدەست دەهێنێت، هەتا ئەگەر مەزندەی ئەوەش بکرێت پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت و حزبی ژمارە یەك بێت، ئەوە مەزندەی ئەوە ناکرێت کە پارتی زۆرینەی رەها بەدەست بهێنێت و بەتەنیا حکومەت پێکبهێنێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا تەنیا رێگە بۆ پێکهێنانی حکومەت، حکومەتی ئیئتیلافی دەبێت، کە حکومەتیش ئیئتیلافی بوو چۆن دەرگا بۆ هاوپەیمانی نێوان پارتی و یەکێتی کراوەیە، بۆ حزبەکانی دیکەش کراوەیە و ئەوانیش دەتوانن بەپێی مەرجی خۆیان بێنە ناو پرۆسەکە و بەشدار بن لە پێکهێنانی حکومەتدا، ئەم واقیعەی ئێستای هەرێمی کوردستان بە چەند خاڵێك ئاماژە پێدەکەین:

١. لە ئێستای ژینگەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا هاوپەیمانیەکی بەهێزی دەسەڵات هەیە کە لە پارتی و یەکێتی پێکهاتووە و نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانیش لەگەڵ پارتی و یەکێتی لە پەرلەمان و حکومەت بەشدارن.

٢. لەبەرامبەر ئەم هاوپەیمانیە بەهێزەی دەسەڵات، هاوپەیمانیەکی بەهێزی ئۆپۆزسیۆن هەیە کە نزیکەی ٪٣٥ی کورسیەکانی پەرلەمانیان هەیە، ئەم هاوپەیمانیەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن بێجگە لەوەی لە پەرلەماندا لەهەموو لیژنە پەرلەمانیەکان ئەندامیان هەیە، لەزۆر بڕیاری گرنگیشدا لایەنی دەسەڵات رێز لە بۆچوونەکانی ئۆپۆزسیۆن دەگرێت و بە رێککەوتن دەنگ لەسەر هەندێك بڕیار دەدرێت، بەڵام ئەگەر ئۆپۆزسیۆن داوای ئەوە بکات هەموو بڕیارەکان بە رێککەوتن بێت، ئەوا هیچ بایەخێك بۆ دیموکراتی نامێنێتەوە.

٣. لە هەرێمی کوردستاندا کە ئێستا بەرەو خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن هەنگاو هەڵدەگیرێت، مەزندەی ئەوە ناکرێت هیچ حزبێکی سیاسیی زۆرینەی رەها بەدەست بهێنێت، بۆیە کەس نازانێت هاوپەیمانی ئایندە بۆ پێکهێنانی حکومەت چۆن دەبێت، ئەمەش یەکێکە لە سیمای کۆمەڵگەی دیموکراتی لیبرالی نەك سیمای کۆمەڵگەی دیموکراتی تازە پێگەیشتوو.

٤. ئەم ژینگەیە فەرزی دەکات حزبە سیاسییەکان لەخوار پێوەرەکانی دیموکراتیەوە کاری خۆیان بکەن، نەك خۆیان بخەنە سەرووی پێوەرە دیموکراتیەکانەوە، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر حزبەکانی کوردستان ئامانجیان بونیادی دیموکراتیە، ئەوا دەبێت کلتوری رێزگرتن لە شەرعیەتی حکومەتی هەڵبژێردراو بکرێتە کۆڵەکە و بنەمای سیستمە دیموکراتیەکە.

**ئایا ئۆپۆزسیۆنێک ئەمەندە نائومێد و بەو جۆرە سەیری پرۆسەی دیموکراتی بکات، لەبەر ئەوەی خۆی ناگاتە دەسەڵات، ئەوەی لەدەسەڵات بێت دیکتاتۆرە، چۆن دەتوانێت بە پێوەرەکانی دیموکراتیەوە پابەند بێت؟**



کینس مایەر بۆ گوڵان:

# کرۆکی دیموکراسی قبوڵکردنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنە



**پرۆفیسۆر کینس ئار مایەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ویسکۆسین & مادیسۆن و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دامەزراوە سیاسیەکانی ئەمریکا بەتایبەتی کۆنگرێس و سەرۆکایەتی و سیاسەتی بەرگری، هەروەها یەکێکە لەو کەسانەی کە سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکای لە چەند ویلایەتێك کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر سیستمی حزبایەتی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و رۆڵی حزبی سیاسی لە سیستمی دیموکراتیدا، پرۆفیسۆر مایەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((بەبێ فرەیی پارتی سیاسی وەدیهێنانی دیموکراسیەت مەحاڵە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەگەر تەنیا یەك تاکە پارتی سیاسی حکومڕانی بکات ئەوە ئەوکات ئۆپۆزسیۆن بوونی نابێت، دیموکراسییەتی راستەقینە بوونی نییە بەبێ فرەیی سیاسیی، ئەوەیش پێوەرێکە و بەهۆی ئەو پێوەرە دەزانین وڵاتێکی دیاریکراو خاوەن دیموکراسییەتێکی راستەقینەیە یان نا، هەربۆیەیش سیستەمی فرەحزبی گرنگە، بەڕای من زۆر گرنگ نییە پارتە سیاسییەکان نوێنەرایەتیی چی و کێ بکەن لەبەرئەوەی بەڕای من لەوە گرنگتر ئەوەیە پارتە سیاسییەکان کراوە بن و هاووڵاتیانیش ئازادبن لە پەیوەندیکردن یان پەیوەندینەکردن بە پارتە سیاسییەکان و هەروەها ئازادبن لە پاڵپشتی یان پاڵپشتینەکردن لە پارتە سیاسییەکان لەبەرئەوەی لەو حاڵەتەدا پارتە سیاسییەکان رکابەری دەکەن لەپێناو وەدەستهێنانی پاڵپشتیی دەنگدەران و هەڵبەتە ئەمەیش کرۆکی سیستەمی دیموکراسییە. کرۆکی دیموکراسییەت لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوەیە کە: ئەگەر هات و لایەنێك لە هەڵبژاردنەکاندا دۆڕا ئەوە پێویستە ئەو

جیۆڤانی کاپۆکسیا بۆ گوڵان:

# ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بڕوای بەدیموکراتی نەبوو پرۆسە دیموکراتیەکە



**پرۆفیسۆر جیۆڤانی کاپۆکسیا ئوستادی سیاسەتی بەراودکارییە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد و پسپۆر و تایبەتمەندە لە بەراوردکردنی سیستمە دیموکراتیەکان و شرۆڤەی دامەزراوە سیاسیەکان و سیاسەتی دەوڵەتانی ئەوروپا، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی حزب وەك دامەزراوەیەکی سیاسی و فرەیی سیاسی وەك سیمایەکی کۆمەڵگەی دیموکراتی، پرۆفیسۆر کاپۆکسیا لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی:**

((فرەیی سیاسی گرنگیەکی بنەڕەتی هەیە بۆ دیموکراسیەتی هاوچەرخ، ئەوەش نەریتێك بووە کە پارتە سیاسیەکان کەناڵێکی سەرەکی بوون بۆ ئیرادەی گشتی و پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی لە دیموکراسیە جەماوەریەکاندا. هەروەها بۆ ئەوەی دیموکراسی پارێزراو بێت پێویستە پارتە حکومڕانەکان مل بۆ بنەما دیموکراسیەکان کەچ بکەن. بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە، دەستوورە مۆدێرنەکان میکانیزمی لێپرسینەوە و هاوسەنگڕاتنی دەسەڵاتەکانیان لە خۆگرتووە، وەك بوونی دەسەڵاتێکی قەزائی سەربەخۆ، ئازادی ڕاگەیاندن و تەرتیباتەکانی دیکە کە ئامانج لێیان پاراستنی بنەما دیموکراتیەکان و دامەزراوەکانە لە مەترسی. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی موعارەزەی دژ بە دیموکراسی



پرۆفیسۆر گرانت ئامیۆت بۆ گوڵان:

# دەبێت پارتەکانی حکومڕان و ئۆپۆزسیۆن پابەندی بنەماو پێوەرە دیموکراتیەکان بن

**پرۆفیسۆر گرانت ئامیۆت ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی کیون و تایبەتمەندە لە سیاسەتی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی حزبی سیاسی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و بایەخی حزبی سیاسی بە بونیادی دیموکراتی، پرۆفیسۆر گرانت لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە راو سەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**




((حزبی سیاسیی گرنگیەکی بنەڕەتی هەیە لە دیموکراتیدا، لەپرۆسەی بونیادی دیموکراسیدا، سنوورێك هەیە کە دەبێت لە چوارچێوەیدا کاربکرێت بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی درێژخایەن سەرکەوتوو بێت. هەروەها دەبێت پارتی حکومڕان پابەندبێت بە بنەما دیموکراتیەکانەوە، لە هەمانکاتدا پێویستە موعارەزەش بە تەواوەتی پشتیوانی لە بنەما دیموکراتیەکان بکات. ئەوە دیاردەیەکی تەواو ناتەندروستە کە پارتی موعارەزە هەڵبستێت بە هەڵوەشاندنەوە و پێشێلکردنی هەندێ لە بنەما دیموکراتیەکان. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی دەبێت پارتی حکومڕان و پارتی موعارەزە پابەندبن بە بنەما دیموکراتیەکانەوە، لەم چوارچێوەیەدا حکومەت دەتوانێت کار بۆ خولقاندنی کەشی ململانێی سیاسی بکات کە پارتە سیاسیەکان ناچار بکات بنەما دیموکراسیەکان تەبەنی بکەن. ئەگەر سیستمەکە بواری ململانێی کراوە بدات و هاووڵاتیان زانیاری پێویستیان بکەوێتە بەردەست، ئەوا خۆیان ئەو پارتانە رەتدەکەنەوە کە پابەندبوونێکی تەواویان بە بنەما دیموکراتیەکانەوە نییە، بۆ ئەمەش پێموایە پەروەردە گرنگە و دەتوانێت رۆڵ ببینێت، بەڵام ئەوەی لە پەروەردەکردنی حزبی گرنگترە پەروەردەرکردنی هاووڵاتیانە، گرنگ ئەوەیە هاووڵاتیان پەروەردە بکرێن و زانیاریان هەبێت و توانای چاودێریکردنی سیاسەتی پارتەکانیان هەبێت. ئەوەی پەیوەندی بە پەروەردەی دیموکراتیەوە هەبێت، ئەوا من پرۆگرامی پەرەپێدانی دیموکراسیم دێتەوە یاد کە لەلایەن وڵاتە گەشەکردووەکانەوە رێکخراوە بۆ هاوکاری کردنی وڵاتە تازەگەشەکردوەکان، من هەندێ ئەزموونم هەیە لەگەڵیاندا... کە ئەگەر بەرنامەکانیان نەگەیەننە سەرجەم هاووڵاتیان، ئەوا کارا نابن لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیاندا)).

ئەنجامە پەسەند و هەرس بکات و بگاتە ئەو قەناعەتەی کە لە ئایندەدا چانسی دیکەی بۆ فەراهەم دەبێت، هەربۆیە پێویستە لایەنی دۆڕاو شەرعییەتی ئەنجامی پرۆسەکانی هەڵبژاردن پەسەند بکات، هەڵبەتە ئەمەیش شتێکی زەحمەتە بەتایبەتی لەو سیستەمانەی کە دیموکراسی نین، راستە هەرسکردنی ئەو واقیعە زەحمەتە، بەڵام پێویستە بەمشێوەیە بێت. لەبەرئەوەی لە سیستەمی دیموکراسیدا ئەو پارتەی کە لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەباتەوە دەبێت بە خاوەن دەسەڵاتێکی کاتی بۆ دروستکردنی بڕیارەکان، لە دیموکراسییەتە پێشکەوتووەکاندا، تەنانەت گەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەرچیش دەرچوو — دەبینین لایەنی دۆڕاو ئەو دۆڕانەی قبووڵ دەکات و سەرلەنوێ خۆی رێکدەخاتەوە و چاوەڕوان دەبێ بۆئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی دواتر رکابەری بکات.

## تێکدەشکێت

مایەی تێکشکاندنی دیموکراسین، دەبنە هۆی هێنانەئارای ناسەقامگیری و ناکاراکردنی سیاسەت.. هەروەها زۆرێك لە رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان لە دیموکراسیە نوێیەکاندا کاردەکەن و هەندێکیان ئامانجی پێکهێنانی چینێکی سیاسی نوێیان هەیە. پارتە سیاسیەکان لە دیموکراسیە جێگیرەکاندا رایەڵی پەیوەندیان هەیە لەگەڵ پارتگەلێکی دیموکراسیە نوێیەکاندا کە ئاراستەی ئایدۆلۆژی هاوشێوەیان هەیە. دووبارەی دەکەمەوە، هەرچۆنێك بێت، ئەوە گرنگە لەبەر ئەوەی رێکخراوە ناحکومیەکان جموجۆڵ دەخەنە پرۆسە ناخۆییەکانەوە لەبری ئەوەی بۆچوونی خۆیان بسەپێنن)).



ئەمساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان
١٢٠ ملیار دیناری بۆ هەڵەبجە تەرخان کردووە

لە ٢٥ ساڵیادی هەڵەبجەدا

# بە بونیادنانەوە و پرۆژەی گرنگ یادی کارەساتەکانمان دەکەینەوە

## حکومەتی عیراق بەفەرمی داوای لێبوردنی لەگەلی کورد نەکردووە

کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کە پێش ٢٥ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن رژێمی عێراق دژ بەگەلی کوردستان ئەنجامدرا، بەیەکێك لەو کارەساتە گەورانەی دژ بەمرۆڤایەتی دادەنرێت کە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی تاوانی دژە مرۆڤایەتی و دەبێت جیهان وەك جینۆساید دابنرێت، ئەم تاوانە بەیەکەمین هەنگاو دادەنرا بۆ تاقیکردنەوەو دەستپێکردنی پرۆسەیەکی فراوانی ئەنفال، جێی داخیشە تاکو ئێستا بەپێی پێویست کارەساتەکە بەنێودەوڵەتی نەکراوەو قوربانیانیش قەرەبوونەکراونەتەوە، تەنانەت حکومەتی عێراقیش داوای لێبووردنی لەگەلی کورد نەکردووە، بۆ یادکردنەوەی کارەساتەکە حکومەتی هەرێم بەمیوانداریێتی نوێنەرانی چەند رێکخراوێکی نێودەوڵەتی سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ بەرزراگرتنی یادەکە کە ئەمساڵ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و بەبەشداری پەرلەمان و ژمارەیەك لە وەزارەتەکان و سەرۆك شارەوانییەکانی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکاو ئاسیا بەرێوەدەچێت، بەڵام لەمەش گرنگتر بەرزراگرتنی جوانی و پێشکەوتنی شارەکەیە تاوەکو لەدنیادا ببێتە سیمبولێکی نەتەوەیی و لەکاری ئاشتیخوازانەدا وەکو هیرۆشیماو مەرزەبۆتۆو زۆر لە شارەوانیەکانی دیکەی دنیا کە بەکارەساتی کۆمەڵکوژی تێپەڕ بوون ببێتە پێشەنگ.

### لەیادی ٢٥ساڵەی هەڵەبجەدا
### ١٠٠ کەسایەتی لە جیهان بەشداردەبن

بۆ ئەوەی کەیسی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە زیاتر بەدنیا بناسرێت و بەفەرمی بکرێتە جینۆساید، بۆ ئەمساڵ حکومەتی هەرێم بەبەشداری ژمارەیەك لەکەسایەتییە ناودارەکانی جیهان و نوێنەرانی وڵاتان و سەرۆکی ژمارەیەك لەشارەوانییەکانی جیهان یادەکە دەکرێتەوە، خدر کەریم محەمەد سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید و جێگری سەرۆکی شارەوانیەکانی جیهان بۆ ئاشتی و باڵوێزی رێکخراوی ئاشتی نێودەوڵەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەندامی کارگێڕی رێکخراوی گەلانی کۆمەڵکوژکراو لەمبارەیەوە وتی: کەیسی هەڵەبجە لەسەر ئاستی زۆربەی وڵاتانی دنیا کاری لەسەر کراوەو بەرەوپێشەوە چووە، هەر ئەمەشە وایکردووە شارەوانی هەڵەبجە ببێتە ئەندامی رێکخراوی شارەوانییەکانی جیهان و منیش ببمە جێگری سەرۆکی ئەو رێکخراوە کە سەرۆکەکەی سەرۆکی شارەوانی هیرۆشیمایە، بۆ ئەمساڵیش لە ٢٥ ساڵەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا بۆ ئەوەی ئەم کەیسە زیاتر بەدنیا بناسرێت یادەکە تایبەتمەندییەکی باشی پێ دەدرێت و، ژمارەیەك لەکەسایەتی و پەرلەمانتارو سەرۆکی شارەوانی و نوێنەرانی وڵاتان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەشدار دەبن، دەتوانم بڵێم لەسەر ئاستی هەموو دنیادا پەیوەندی بە١٠٠کەسایەتی جیهانییەوە کراوە. هەروەها لەساڵیادەکەدا تۆمارێك دادەنێین بۆ ئەوەی ئەو نوێنەرو ئەندام پەرلەمان و سەرۆك شارەوانی و کەسایەتیانەی لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکاو ئاسیاو وشوێنی دیکە دێن ناویان لە تۆمارەکە بنووسرێت و واژۆشیان لەبەرامبەر ناوەکانیان تۆمار دەکەین، چونکە تۆماری ناو و واژووەکان کاریگەری و گرنگی خۆیان دەبێت لە کەیسی کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ بەجینۆساید ناساندنی، هاوکات لە ساڵیادەکەدا تیپی میللی چەندین وڵات بە کارو چالاکی و کلتوری میللەتەکانیان بەشداردەبن.

### سیمبولێك بۆ جوانی و پێشکەوتن و کاری ئاشتیخوازانە

ئاوەدانکردنەوەی ئەو شارو ناوچانەی کە بەهاوشێوەی کوردستان دووچاری جەنگ و کۆمەڵکوژی بوون کارێکی ئاسان نییە و، ئەزموونی هێرۆشیماو مەرزەبۆتۆو چەندین شاری دیکە نموونەیەکی بەرچاون کە چۆن توانراوە سیمای جەنگ و ماڵوێرانی و شەڕ بسڕنەوەو شارەکە بگەنە سیمبولێکی نێودەوڵەتی بۆ تەحریمکردنی کۆمەڵکوژییەکە لەم رووەوە سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەو جێگری سەرۆکی شارەوانیەکانی جیهان بۆ ئاشتی ئەویش هەمان بۆچوونی هەبوو پێی وابوو پێویستە ئەو شیوەن و گریانەی کە ٢٥ ساڵە دەیگێڕین لەمەودوا بگۆڕدرێت و لەمبارەیەوە وتی: لەمەودوا یادی هەڵەبجە لەشیوەن و گریانەوە دەیگۆڕین بۆ بنیاتنانەوەو گەشەکردنی زیاتری شارەکە، تاوەکو زیندووبوونەوەی خەڵك و شارەکە بەشێوەیەکی ئاشتی بەدنیا نیشان بدەین ئەمەش هەنگاوێکی پراکتیکی یە لەلایەن حکومەتەوە پەیڕەو کراوە، لە ڤیستیڤاڵی ٢٥ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بە هەموو دنیا و مرۆڤایەتی دەڵێین کە ئەو شارەی کیمیاباران و جینۆساید کرا و یەکەم هەنگاوی شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفالی لێ تاقیکرایەوە ئەمڕۆ لە سایەی خەڵکی کوردستان و دانیشتوانی شارەکەو حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان زیندووە و خەڵکەکەی ئاشتیخوازو دژی هەموو کارو کردەوەیەکی قێزەوەن کە دژی مرۆڤایەتیی بێت و لە کارو پرۆژەو هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەشدا سونبولی جوانی و گەشاوە دەبێت، راستە ئەو شارە لەلایەن حکومەتی هەرێم زۆر کاری بۆ کراوە، بەتایبەت لەدوای ساڵی ٢٠٠٥دا حکومەت بە بەرنامەو پلانێکی زانستی دراسەکراو کاری باش و جیدی دەست پێکرد، بەڵام هێشتا زۆری ماوە تا بگاتە ئەو ئاستەی کە سەرنجی هەموو دنیا لە جوانی و کاری ئاشتیخوازی و پێشکەوتنەوە بۆ خۆی رابکێشێت.

### شوێنەواری کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ماوە

تا ئێستا شوێنەواری کیمیاباران و ماکەکانی بەسەر شارو خەڵکەکە ماوە و بەرکەوتوو بریندار زۆر هەیە، ئەوەی زیاتر کاریگەرییان لەسەرەو نەخۆشن و پێویستیان بە چارەسەری بەردەوامە ژمارەیان٢٧٠هاووڵاتی شاری هەڵەبجەی شەهیدن، لەمبارەیەوە سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە وتی : ئێستاش کە منداڵ لەدایك دەبن هەیانە کاریگەریی کیمیابارانەکەی لەسەرەو کەمئەندام دەبێت یا

خدر کەریم محەمەد:

**پاشماوەی کیمیایی زۆر لە شارەکەو سنوورەکەی ماوە بەتایبەتی لەو کەلاوەی خانووانەی کە پاك نەکراونەتەوە**

حوسێن حەمە کەریم:

**لە٢٥ ساڵەی یادی هەڵەبجە هەڵمەتێکی بەرفراوانی نەمام چاندن دەست پێدەکات**




## پزیشکانی بێ سنوور بە ئامادەبوونی ٣٥٠ئەندام لە ناو شاری هەڵەبجەی شەهید کۆنفرانسێک ساز دەکەن

دەمرێت، پاشماوەی کیمیایی زۆر لە شارەکەو سنوورەکەی ماوە بەتایبەتی لەو کەلاوەی خانووانەی کە پاك نەکراونەتەوە یا لە گۆڕســـتان و شوێنی مووشـــەك و بۆمبەکاندا هەر بۆ نموونە لە ماوەی رابـــردوو لە هەڵکەندنی گۆڕێك دا دوو کەس ژەهراویی بوون و لەپاشان بە هۆی کاریگەری کیمیاییەکەوە شەهیدبوون و ساڵی رابردوو کە مووشەکێکی کاتی کیمیابارانەکە دۆزرایەوە زۆری نەمابوو کارەساتێکی دیکە دروســـت بکات. هەربۆیـــە دەبێت حکومەتی عیراق قەرەبـــووی ئەم شـــارە شـــەهیدو جینۆســـایدە بکاتەوە و پەرلەمانی عیراق کیمیابارانی هەڵەبجەی بەجینۆســـاید ناساندووە و دەتوانێت بڕیاری قەرەبووەکەش بە مەعنەویی و دارایش دەربکات، بەڵام تا ئێســـتاش حکومەتی عیراق لەســـەر کیمیابارانی شـــاری هەڵەبجە بەفەرمی داوای لێبوردنـــی لەگەلی کورد نەکـــردووە و روونیش بۆتەوە کە حکومەتـــی مالیکی بمانەوێـــت و نەمانەوێت میراتگری دیکتاتۆر سەدام حوســـینە و نەك داوای لێبوردنی بۆمان نییە لە هەموو کارو کردەوەکانیشی دژی گەلی کوردە هەر بۆ نموونە چەندین کەس و ئەفســـەری پلەدارو فرۆکەوان کە بەشـــداربوون لە کیمیابارانی هەڵەبجە تا ئێســـتا داوا نەکراون دادگایی بکرێن و زۆر لە ئەفســـەرەکانی رژێمی ئەوساشـــی هێناوەتەوە ناو ســـوپاکەی کە ئەمە چی لێ چـــاوەڕوان دەکرێت جگە لە خراپەکاری و جینۆســـاید و دژایەتی کردنی کورد.

**بەنێودەوڵەتی کردنی جینۆسایدی هەڵەبجە**

بۆ بەجینۆسایدناســـاندنی ئەم کۆمەڵکوژییەی کە ٥٠٠٠ قوربانی لێکەوتەوە پێویستی بەدەنگی نەتەوەیەکگرتووەکانە، سەبارەت بەم مەسەلە گرنگە سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەو ئەندامـــی کارگێڕی رێکخراوی گەلانـــی کۆمەڵکوژکراو وتی: لەسەر ئاستی جیهان ئێمە توانیومانە زیاتر لە٥ هەزار واژو کۆبکەینـــەوە و لەچەندین کۆبوونـــەوەی نێودەوڵەتیش لەبرۆکســـل و جنێف و نیویۆرك بەشـــدار بووین،، هاوکات چەندیـــن رێکخراوی ناوخۆیی و بیانـــی وەکو رێکخراوی گەلانی قڕکراو کە من ئەندامی کارگێڕی ئەو رێکخراوەم و بارەگای لە ئەلمانیایە بەشدارییان لەکەیسی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کردووە، هاوکات لە پەرلەمانی ئەوروپا بەگشـــتی بەتایبەتی وڵاتی ســـوید و ئەلمانیاو فەرەنســـاو هۆڵەنداو بەریتانیـــا و ئیتاڵیا و یابان و رێکخراوی ســـەوزی ئیران و ســـەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپاو چەندان کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتـــی و داکۆکـــی کار لەســـەر ماقی مرۆڤ پشـــتگیریەکی زۆری گەلی کورد لـــەوە دەکەن کە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە دژی مرۆڤایەتی بووەو کۆمەڵکوژییە و پشـــتگیری ئەوەمان دەکەن کە ئەم کەیســـە بەجینۆساید بناســـرێت، بەڵام لە وڵاتانی عەرەبی جگە لە ســـەرۆکی شـــارەوانی غەززە کەس قسە و پێشنیار و پشتگیری لەسەر ئەم کەیســـی هەڵەبجەو ئەنفال نییـــە، هەروەها مەرزەبۆتۆ کە دەستەخۆشـــکی هەڵەبجەیە بە پارەی خەڵکی شارەکەی



**لە وڵاتانی عەرەبی جگە لە سەرۆکی شارەوانی غەززە کەس قسە و پێشنیار و پشتگیری لەسەر کەیسی هەڵەبجەو ئەنفال نییە**

**پەرلەمانی عیراق کیمیابارانی هەڵەبجەی بەجینۆساید ناساندووە و دەتوانێت بڕیاری قەرەبووەکەش بە مەعنەویی و دارایش دەربکات**

خۆی دوو قوتابخانەی هاوچەرخیان لە ناو شاری هەڵەبجە دروستکردووە ئەمەو هەر لە ٢٥ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا رۆژێك دوای ساڵیادەکە پزیشکانی بێ سنوور بە ئامادەبوونی ٣٥٠ئەندام لە ناو شاری هەڵەبجەی شەهید کۆنفرانسێك ساز دەکەن.


**١٢٠ ملیار دینار بۆ کارو پڕۆژەکان**

لە ٢٥ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی تایبەتی بۆ کارو پڕۆژەکانی شاری هەڵەبجە تەرخانکردووە، سەبارەت بەو بوارانەی کە بڕیارە ئەم پارەیەی بۆ تەرخانبکرێت سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە وتی: لە کاتی یادکردنەوەکەدا شاندێکی باڵای حکومەتی هەرێم ئامادە دەبن و لەو بودجەیەی بۆ شارەکەش تەرخانکراوە ١٢٠ملیار دینار بۆ کارو پڕۆژەی ناو شاری هەڵەبجەیە کە هەموو سێکتەرەکان لە خۆ دەگرێت و لەم ١٢٠ملیارەش ٨٧ملیار دیناری بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی بواری شارەوانییە لە شاری هەڵەبجەو هەر سێ ناحیەی سنوورەکە، لەلایەکی دیکەوە ئەو کارو پڕۆژانەی لە ساڵانی رابردووش بۆ هەڵەبجەی شەهید کراوە لە ٨٠٪ی لەسەر بودجەی تایبەت بووە و لە ٢٠٪ی لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا و وەزارەتەکان بووە.

**هەڵمەتێکی فراوانی نەمام چاندن**

بەمەبەستی سڕینەوەی پیسبوونی ژینگەو جوانکردنی سنووری هەڵەبجە بڕیارە هەڵمەتێکی نەمام چاندن ئەنجام بدرێت لەم رووەوە حوسێن حەمە کەریم بەڕێوەبەری گشتی باخداری و دارستان لەوەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری لەلێدوانێکی بۆ گوڵان وتی: بۆ یادە نەتەوەیی و کارەساتەکانی کە بەسەر کوردستان هاتووەو کە زۆربەی دەکەوێتە ئەم وەرزەوە وەزارەتی کشتوکاڵ بەرنامەیەکی فراوانی بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتی نەمام چاندن دەستپێکردووە، هەر لەسەر مەزاری ئەنفال لە ناحیەی ئاشتی و مەزاری شەهیدانی ئەنفال لە کفری و مۆنۆمێنتی هەڵەبجەو چەندین شوێنی دیکە تەنانەت ئامادەیمان دەربڕیوە هەر رێکخراوو گروپێك نەمامی دەوێت تاوەکو بەشداری لەو هەڵمەتە بکات ئامادەین نەمامی بدەینێ . سەرجەم نەمامەکانیش لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەی بۆ تەرخانکراوە زۆربەی ئەو پرۆژانەی ئەمساڵ لەبواری نەمام چاندن بەڕێوەدەچێت پرۆژەی تەواوکارییە هەر لە ئاوو دروستکردنی کۆگاو بەرژین و هەموو پێداویستییەکانی دیکەی بۆ ئامادەکراوە، لەسنووری هەڵەبجەو لە ساڵانی رابردوودا پێشتر پرۆژەی رواندنی ٥٠٠٠ نەمامی زەیتوونمان جێبەجێ کردووەو ئێستا زۆربەیان گەورەبوون و بەریان گرتووە، لە دەوروبەری هەڵەبجەو لە مەزاری ئەنفالەکان ژمارەیەك پرۆژەی ترمان هەیە، وەك وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بۆ ئەم یادە هەر هەوڵێك بدرێت لەلایەن وەزارەتەکانی ترو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی یەوە ئامادەین هاوکارییان بکەین و نەمامیان بدەینێ.

# ئەنفالی کوردان وەک بەرهەمی سایکس پیکۆ و لۆزان



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی عەرەبیداو، بەزۆر لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەو دەوڵەتەوە، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەچاوی کەمینەیەکی ترسناکەوە لە کوردیان روانیوە، بۆیە لە پێناوی لاوازکردن و کۆنترۆڵکردن و، دواجاریش قڕکردنیدا خۆیان لە بەکارهێنانی هیچ شێوازێکی نایاسایی و نائاسایی و نامرۆڤانە، نەپاراستووە،

سەردەمێك بە نکوڵی کردن لە مافە رۆشنبیرییەکانی، سەردەمێکیش بە گۆڕینی ناوی شارو گوندەکانی و، سەردەمێکی دیکەش بە بەعەرەبکردن و، جارێکیش بە راگوێزانی، جارێکی دیکەش بە سوتماککردنی خاکی و، دواجاریش ناپاڵم و کیمیابارانکردنی.

لە پرۆسەیەکی سەربازیی بێ وێنەدا، کەهەشت قۆناغی خایاند لە (شوبات)ەوە هەتا (ئەیلول)ی ساڵی (١٩٨٨) بەردەوام بوو، تێیدا زیاتر لە (٤٥٠٠) گوند خاپوور کران و، هەزاران خانوبەرەی گوندنشینان وێرانکران و، رەزو باخ و مەزراکان سووتێنران، سەرچاوەی ئاوو کانیاوەکان کۆنکرێترێژکران، شیرازەی کۆمەڵایەتیی خێزانەکان و خێڵ و گوندەکان تێکچوو، زیندووانی پاش کارەساتەکە لە کۆمەڵگا زۆرەملێکاندا تووشی خەمۆکی و نامۆبوون هاتن و، منداڵان باری دەروونییان تێکچوو.

هەموو ئەم کارەساتانەش بەبێدەنگی بەڕێوەچوون، بۆیە ئێستاش کەسانێك ماون لە ناوخۆی عێراق و دەرەوەدا، هێشتا وەك پێویست بڕوایان بەم قسانە نییە کە ئێمە دەیکەین. ئەنجامدەرانی ئەم کارەساتانەش بەم کارەیان، کوردیان تووشی زیانێکی بێ وێنەکردو، ئیسلامیشیان شێواند کاتێك ناوی سورەتێکی (قورئان) یان بۆ ئەو شاڵاوە سەربازییە هەڵبژاردو، ناوی (ئەنفال)یان لێنا.

ئەو ناوەی تا ئەم ساتەوەختەش لە هزروبیری زۆرێك لەپیرو لاوو منداڵدا بێزراوەو، بووە بە هێماو سیمبوڵی وێرانکردن و کوشتن و کوردقڕان.

ئەمڕۆ و سبەی لە پاڵ ئەوەی پێویستە کەبایەخ بە زیندوو ڕاگرتنی ئەم یادو مەرگەساتە بدەین لەناوخۆو دەرەوەداو، بە بەشداربوونی هەموو حزب و رێکخراوەکان و، تەماشاکردنی کارەساتەکە وەك رۆژی پرسەی نیشتمانیی و، کارەساتەکەو ئەنجامدەرانیشی بەجیهان بناسێنین، پێویستیشە ئەو گومانە بڕەوێنینەوە کە ئەنجامدەرانی ئەم پرۆسە سەربازییە هێنایانە ئاراوە، کاتێك رەوایەتی ئەم تاوانەیان خستە پاڵ سورەتێك لە قورئانەوە، چونکە بەڕەواندنەوەی ئەم گومانە دەگەینە چەند ئەنجامێکی بە سوود لەوانەش:-

یەکەم: پاراستنی ناوو ناوەڕۆکی ئایینی زۆرینەی گەلەکەمان، ئەو ئایینەی کە هەتا ئەم ساتەش هەوێنی گیانی نیشتمان پەروەریی و کوردایەتییە.

دووەم: جێکردنەوەو دانانی کارەساتەکە لە خانەی



■ نێچیرڤان بارزانی لەکاتی پێشوازیکردنی لە روفاتی ئەنفالەکانی گەرمیان

راستەقینەی خۆی کە (جینۆساید)ەو، چەندین بڕگەو ماددەی بۆ تەرخانکراوە لە یاساو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا.

هەروەها جێی خۆیەتی کە ئێستاش هەنگاوی باشتر بنرێت بۆ زیندووانی پاش کارەساتەکە بە کۆکردنەوەی زانیاری و ئاماری وردترو چاکترکردنی باری بژێویی و ئابوورییان و، ئاوەدانکردنەوەی چاکتری گوندەکانیان و، شیاندن دەروونیشیان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە.

ئەمە وێڕای ئەوەی کە راڤەکردنی مانای راستەقینەی ئەنفال بۆ جەماوەر، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەرکێکی لە پێشینەی زانایانی ئایینی ئیسلامە، بۆ ئەوەی چیدی ئەنجامدەرانی ئەم کارەساتەو، هەر کارەساتێکی دی، بۆ ڕەوایەتی تاوانەکانیان قورئان و ئایین نەکەن بەپاساو.

لێرەوە ئەنفال لەلای دەسەڵاتدارانی عێراق، ئەو چەترەبوو کە لەژێریدا، ئەو پرۆسە سەربازییە فراوانەی نێوان (شوبات)و (ئەیلول)ی ساڵی (١٩٨٨)ی تیادا ئەنجام درا، بەمەبەستی قڕکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوردستان کە ئەمەش لە یاسا نێو دەوڵەتییەکاندا بە (جینۆساید) ناونراوە.

بەڵام بابێین و بپرسین: بۆچی بەعس ناوی (ئەنفال)ی بۆ ئەم پرۆسەیە هەڵبژارد؟

یەکەم: لەوانەیە بۆ ئەوە بووبێت کە ئەنجامی ترسناکی ئەم پرۆسەی قڕکردنە بداتە پاڵ ئایین و، (ئەنفال)یش وەك زاراوەیەکی قورئانی بکاتە لێپرساو لە (ئەنفال) و، بەم کارەش ویستبێتی ڕووی بەعس و دام و دەزگا سەرکوتکارەکەی بشارێتەوە و، خۆی بێتاوان پیشان بدات لەبەرامبەر رای گشتی جیهانیدا.

ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە پرۆسەی ناولێنان لە فەرهەنگی بەعسدا، ئەزموونێکی دێرینی هەیە، ئەوان هەر پرۆژەو پرۆسەیەك کە (خزمەتگوزار)ی بووایە ناوی بەعس و سەرۆك و شۆڕشیان لێدەنا، بۆ نموونە وەك: مدینە صدام، سد صدام، مستشفی صدام، نهر القائد، حی (ئەلسەورە)، حی (ئەلبەعس).

هەر کارێکیش کاولکاری و دڵەڕاوکێ و ترس و کارەساتی بەدواوە بووایە، ئەو ناوانەیان لێدەنا کە دەیانویست لەو ڕێگەیەوە بێزراوی بکەن لەبەر چاوی خەڵك، بۆ نموونە وەك ئەو رۆکێتەی کە ئێرانی شیعە مەزهەبیان پێ بوردومان دەکرد ناوی (الحسین)و (العباس)یان لێنا، ئەو گەڕەکە دروستکراوەی عەرەب لە نێو گەڕەکێکی کوردی ناوی (ئەلموسەننا)ی لێنرا، قەزای (دیانا)ی کوردی کرایە قەزای (الصدیق)، ئەو ڕێکخراوە سیخوڕییەی کە چاودێریی خەڵکی کورد دەکرد، ناوی مونەززەمەی (الفاروق) ی لێنرا، ئەو سەربازگەیەی خەڵکی کوردی تیا بەند دەکرا، ناوی (خالد بن الولید)ی لێدەنرا، کوردقڕان و کیمیاباران بە نێوی (انفال) ناو دەبردو، کە (هەڵەبجەی تازە) یان بۆ دروست کرد ناوی (صدامیە حلبجە)یان لێنا، کە جیهانی

**داگیرکەران ئیدی دەبێت لەوە حاڵیی بووبن کە کوردقڕان وەڵامێکی حاشاهەڵنەگری بەوان دایەوە، کە سڕینەوەی ناسنامەو زمان و مۆرک و کەلتوری گەلان تاوانێکەو دژ بە ویستی خودایەو لێی بێدەنگ نابێت**

دەرەوە لەبارەی (ئەنفال) ەوە پرسیاریان دەکرد، ئەوان گوتیان ئەنفال ناوی کۆمپانیایەکی ئاوەدانکردنەوەیە (شرکە الانفال للمقاولات) و بارەگاکەی لە هەولێری پایتەختی (ناوچەی ئۆتۆنۆمیی)ـە!!

دووەم: لەوانەشە بۆ ئەوە بووبێت کە لەژێر ناوێکی ناوخۆییدا تاوانێکی گەورەی ناسراو بە (جینۆساید) بشارێتەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەر هێرشی ئەو بڕیار و راسپاردە یاسایی و نێودەوڵەتییانەی کە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە گەورەیە مەحکوم دەکەن. ئەگەرچی وەك (یۆست هیڵتەرمان) دەڵێت: (لە راستیدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە هەموویان بەشی زانیاری دەرەوەو پۆلیسی نهێنییان هەبوو، کە ئەمەش شمولی هەموو زلهێزەکانی دنیا دەکات، کەبەباشی ئاگاداری ئەنفالەکان بوون. ئاگاداری رەشبگیریی و بە کۆمەڵی خەڵك بوون. ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئەو هێزانە هیچ سوودێکیان لەوەدانەبووە لەو کاتەدا، دەستی تاوان درێژبکەن بۆ ئەو تاوانە گەورەیەو ئیدانەی بکەن).

ئێستا بۆمان هەیە بپرسین کە: پرۆسەی سەربازیی بەناو ئەنفال، کە ترسناکترین جینۆسایدی سەدەی بیست و، کوردقڕانێکی کەم وێنەو، هەڵمەتێکی سەربازیی کارەساتهێن بوو، ئاخۆ ئەم کارەساتە کەوتە دوامانەوەو ڕۆیشت؟ یان وا لە پێشمانەوەو، لەوانەیە دووبارە بێتەوە؟!

ئەوەی شیاو بێت و وەك وەڵامی ئەم پرسیارە پەسەند بکرێت پێویستە وەڵامێکی پەیام ئامێز بێت بۆ گشت ئەوانەی کە دەتوانن لە ئایندەدا رێگریی و پێش گیریی لە دووبارە بوونەوەی کارەساتێکی لەم چەشنە بکەن.

یەکەم: داگیرکەران ئیدی دەبێت لەوە حاڵیی بووبن کە کوردقڕان وەڵامێکی حاشاهەڵنەگری بەوان دایەوە، کە سڕینەوەی ناسنامەو زمان و مۆرك و کەلتوری گەلان تاوانێکەو دژ بە ویستی خودایەو، لێی بێدەنگ نابێت، بۆیە ئێمە لەوپەڕی لاوازییداو بە جەستەی شەکەتی دوای زەمەنی خۆحەشاردان و، بە هەناسەی سواری دوای کیمیابارانەوە، دەرگای رزگاری و، پەنجەرەی ئازادیمان لێکرایەوە، داگیرکەرانیش لەوپەڕی هێزو لە خۆبایی بووندا لوتی تانکەکانیان شکاو، دەرگای دنیایان بەڕوودا داخراو، گەمارۆدران و پاشتریش لەنێوبران !!

دووەم: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت بزانێت کە (سایکس پیکۆ)و (لۆزان) چ کارەساتێکیان بەڕووی ئەم کوردەدا کردەوە، کوردقڕان پێی گوتن کە پێکەوە لکانی گەلان و تێکەڵکردنی خاك و نیشتمانەکان، هەنگاوێکی کارەسات هێنەو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ئێمەو، سڕینەوەی گوناهەکانی خۆیان، هەر ئەوەیان لە پێشدایە کە مافی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەو، مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ ئێمەی کوردیش بەڕەوا بزانن.

سێیەم: خۆشمان لە نێو خۆماندا پێویستە لەو راستییە بگەین کە کوردقڕان، لەناو بردنی هەمووان بوو، تەنانەت ئەوانەش کە لەبەرەی داگیرکەراندا بەدوای سەلامەتیدا دەگەڕان، چونکە کورد لەدیدی داگیرکەراندا هەمیشە بەرلەوەی (راو بیرو بۆچوون) بێت، (بوون)ە، بەر لەوەی (ئینتما) بێت (وجود)ە!!

لە کۆتاییشدا گرنگە جەخت لەو راستییە بکەینەوە کە (٤/١٤)ی هەمووساڵێك بۆنەیەك نییە بە تەنیا بۆ پرسەگێڕان و، هەرگیز لەهزرو بیریشمان دوورناکەوێتەوە، هەتا وەیاد بهێنرێتەوە.

کوردقڕان کارەساتێك بوو پێی وتین:

هەتا (زمان)ێك هەبێت بڵێت من نەتەوەی سەردەستم و، هەتا (زەمان)ێکیش لە ئارادا بێت، دەسەڵاتێك تیایدا بڵێت: من سەرکردەی تاکڕەووم و، هەتا (زەمینە)ش سازبێت بۆ ئەو زۆردارانەی کە دەڵێن: ماف تەنها هی زۆرینەیەو، کەمینەکان مرۆڤی پلە دوون، ئەوا بێگومان ئەنفال و جینۆساید و کۆمەڵکوژیی و گەلقڕان ناچێتە دواوەو، هەر پێشەوەی دەوێت!!

لەکۆتاییشدا گرنگە ئاگامان لەم راستییانەی لای خوارەوە بێت، لەپێناوی هەمیشە زیندووراگرتنی ئەم کارەساتە لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتییدا:

یەکەم: ئەنفال لەئیسلامدا بریتیی بووە لەتەنها هەڵگرتنەوەی شتومەکی بەجێماوی مەیدانی جەنگی نێوان موسڵمانان وبێباوەڕان، نەك قڕکردنی گەلان و سووتاندنی گوندان.

دووەم: بەعس بەبەکارهێنانی وشەی ئەنفال هەوڵی شێواندنی ئیسلامی داوە، کاتێك لەژێر پەردەی ئاییندا ناوی سوورەتێکی قورئانی بۆ ئەنجامدانی کارەساتێکی کۆمەڵکوژیی بەکارهێناوەو، بەمەش بەعس دوو تاوانی ئەنجامداوە یەك لەدژی کوردان دووەم لەدژی قورئان.

سێیەم: پێویستە بەردەوام بین لەو هەوڵە ستراتیژییەی کە بەردەوام دەیدەین بۆ جێکردنەوەو دانانی کارەساتەکە لەخانەی راستەقینەی خۆیدا کە(جینۆساید)ەو، چەندین ماددەوبڕگەی بۆ تەرخان کراوە لەیاساو رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا، کە کارەساتەکە بەجینۆساید ناو دەبات و، ئێستاش لەسەر ئاستی ئەورووپاو جیهاندا مایەی دڵخۆشیمانە کەدوای هەوڵێکی زۆرمان، لە زۆرێك لەپەرلەمانەکاندا هەوڵ دەدرێت بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال دەدرێت.

چوارەم: دابەشکردنی خاك و ژێردەستەکردنی گەلان و بەزۆر پێکەوەلکاندنیان بەخاك وگەلانی سەردەستەوە، هەمیشە کارەساتی کۆمەڵکوژیی وجینۆسایدی گەلانی ژێردەستی لێکەوتۆتەوە.

پێنجەم: هەتا زەمان و زەمینە سازبێت بۆ هەر زمانێك کەتاکڕەویی خۆی و، تەنهایی رەگەزەکەی رابگەیەنێت، ئەوا کۆمەڵکوژیی وجینۆساید کۆتایی نایەت، بۆیە پێویست هەمیشە بەیەکریزیی نێوخۆییمان و بەبەدەستهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتیی لەبەردەم هەر هەوڵ و هەنگاوێکی نەیاراندا بووەستینەوە کە بیانەوێت بەهۆیەوە کارەساتی لەم جۆرەمان بەسەردا بێنن.

asidiq1962@yahoo.com

# دیاردەی جووت ناسنامەیی لەناو شیعەکانی عیراقدا



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

شیعەکانی عیراق سەرگەرمی دۆزینەوەی ڕێوشوێنێکن بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانیان لەگەڵ سعودیە. ئەگەرچی هێشتا زۆر زووە بۆ پێشبینی کردنی ئاکامی هەوڵەکەی شیعە، بەڵام هەوڵەکە خۆی لەخۆیدا بایەخێکی تایبەتی هەیەو ئاماژەکان مەسەلەکە زۆرتر بەلای ئەوەدا دەبەن کەهەردوولا، ریازو بەغدا، پێویستیان بەپێداچوونەوەی پەیوەندییەکانیانە. بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بێ کە ڕوخساری زاڵ بەسەر مێژووی پەیوەندییەکانی عیراق و سعودیە هەیە، تەنانەت لەو سەردەمەشدا کە تێیدا سوننەکان دەسەڵاتی عیراقیان بەدەستەوە بووە، زۆرتر بەلای گرژیدا دادەشکێنێ نەك بەلای ئاشتەواییدا. تەمەنی گرژیی پەیوەندییەکانی نێوان عیراق و سعودیە، بەقەد تەمەنی هەردوو دەوڵەت دەبێ. کاتێك عیراق و سعودیە لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا وەك دوو دەوڵەتی دراوسێ دامەزران، پەیوەندییەکانیان بەگرژی دەست پێ کرد و لەو سەردەمەدا، بەتایبەتی لە ناوەڕاستی بیستەکان بەدواوە، پاش نەمانی میرنشینی حیجاز، گرژییەکە بەرگی رکابەریی نێوان دوو بنەماڵەی هاشمی و سعودیی لەخۆیەوە پێچا.

لەسەردەمی کۆماریش، سعودییەکان هەمیشە لەرەهەندە چەپگەراو ناسیۆنالیستەکان و پەیوەندیی بەغدا لەگەڵ مۆسکۆ نیگەران بوون.

بەڵام هەلومەرجی هەستیاری ناوچەکەو چەردەیەك فاکتەری تر رەنگە هەردوولا بەرەو لێك نزیکبونەوە پاڵ پێوە بنێ. سەردانی ئەم دواییەی شاندێکی شیعەکان بە سەرۆکایەتیی برایم جەعفەری بۆ سعودیە، بۆ بەشداری کردن لەپرسەی میری ریاز ستام کوڕی عەبدولعەزیز بەڵگەی ئەوەیە کە شیعەکان ئێستا بەشێوەیەکی جیاواز بیر دەکەنەوە. پێشتریش، سەرەك وەزیرانی عیراق نوری مالیکی لەکاتی بەشداریی لە کۆنفرەنسی هاوکاریی ئیسلامی لە قاهیرە، بانگەشەی بۆ پێکهێنانی بەرەی میانڕەوەکان لەدژی بەرەی توندڕەوەکان کرد و سعودییەکان دژی بیرۆکەکە نەوەستانەوە.

پێش دەستپێشخەریی شیعەکانی عیراق، خودی سعودییەکان پەیامێکی ناڕاستەوخۆیان بۆ بەغدا ناردبوو، کاتێك دەستیان لە خۆپیشاندانەکانی ئەنبار وەرنەداو بەکردەوە هیچ پشتگیرییەکیان لێ نەکردن. لە کۆنفرەنسەکەی قاهیرەش، بێدەنگییان هەڵبژاردو هیچ شتێکیان سەبارەت بە کێشەی سوننەکانی عیراق نەوروژاند. لەراستیدا پەیامەکەی سعودییەکان ئامانجی خۆی پێکا.

سعودییەکان مەسەلەی سوننەکانی عیراقیان نەکردۆتە بارتەقای مەسەلەی شیعەکانی بەحرێن و ئەوەیان لەبەرچاوە کە عیراق لەسەر ئاستی فەرمی دەستی نەخستۆتە ناو شیعەکانی بەحرێن و ئەم هەڵوێستەیان پێ باشە. بەڵام خۆیشیان دەیزانن شیعەکان لەسەر ئاستی نافەرمی ناتوانن خۆیان لە شیعەکانی بەحرێن دابڕن و دەشزانن خودی حزبی دەعوەی عیراق لقێکی بەحرێنیی هەیە، بەڵام گوێیان پێ نەداوە، بەتایبەتی کە لقە بەحرێنییەکە رۆڵێکی کارای لەناو بەحرێندا نییەو وەك نەبوو وایە.

ئەگەر شیعەکانی عیراق بتوانن ئەم سیاسەتەیان بەرامبەر بەسعودیە بەسەرفرازی بگەیەنن، ئەم سەرفرازییە دەتوانی رەنگدانەوەی باشی لەسەر ئایندەی پەیوەندییەکانی ناوچەکە هەبێ. عیراق و وردتر بەشە شیعە نشینەکەی عیراق، وڵاتێکە هەم سنووری نێوان جیهانی شیعەو جیهانی سوننە پێکدێنێ و هەم کەوتۆتە سەر سنووری ئێران و جیهانی عەرەب. ئەمەش هەلێکی وای بۆ دەڕەخسێنێ کەببێ بەپردێك بۆ بەستنەوەی هەر سێ جیهان. لەڕووی ستراکتۆرەوە، شیعەکانی عیراق جووت ناسنامەیەکیان هەیە ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێ کە لەڕووی رەگەزەوە وەك عەرەب بەلای جیهانی عەرەبدا داشکێنین و لەڕووی مەزهەبەوە وەك شیعەی دوانزە ئیمامی بەلای ئێراندا داشکێنن و ئەگەر بتوانن وەستایانە سوود لەهەڵکەوتنی جیۆپۆلەتیکیی وڵاتەکەیان وەك پردێك لەنێوان ئێران و بیابانی عەرەب وەرگرن، کاریگەریی سیاسییان لەناوچەکەدا بەرەو هەڵکشان دەچێ. سعودییەکان خۆیشیان لەبەرژەوەندییاندایە کە شیعەکانی عیراق بەرەو ژینگەی عەرەب رابکێشن و وەك فاکتەرێکی چاککردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران سوودیان لێ وەرگرن. بەڵام بەشێکی سەرکەوتنی پرۆسەکە پەیوەندیی بەخودی سعودییەکانەوە هەیە کەدەبێ خۆیان لەهەژموونی بیروباوەڕی وەهابیزم راپسکێنن و واز لەوە بێنن کە بەچاوی گومڕاو لادەر سەیری شیعە بکەن.

ئەگەر شیعەکانی عیراق بتوانن کۆتایی بەگرژییەکانیان لەگەڵ سعودیە بێنن، کەمترین بیانوو بۆ دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی عیراق بەمەبەستی پشتگیری کردنی سوننە، بۆ سعودییەکان دەهێڵنەوە. لەبەرامبەردا سعودییەکانیش هیچ بیانویەك بۆ دەستێوەردانی عیراق لەکاروباری شیعەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی سعودیەو بەحرێن بۆ عیراق ناهێڵنەوە کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا هۆکارێکە بۆ رێککەوتنی هەردوولا لەسەر پێوانەی پتەوو تۆکمە بۆ درێژەدان بە سیاسەتی دۆستایەتی کردنی یەکتری.

# قەیرانی عێراق.. چارەسـ

ئەگەر لیستی هاوپەیمانی شیعە بەجددی لە هەوڵی ئەوەدا نەبێت کێشـــەکانی عێراق چارەســـەر بکات و گوشـــار لەسەر ســـەرۆك وەزیران دروست نەکات بۆ ئەوەی پابەند بێت بەدەستوور و ڕێککەوتنەکانەوە، ئەوا وەك هەموو چاودێران پێشبینی دەکەن، ئایندەی عێراق باش نابێت و هیچ دوور نییە بارودۆخەکە بۆ شـــەڕی



**ئوسامە جەمیل**
**لە لیستی یەکگرتوو:**


## ئەگەر گوشار نەخرێتە سەر شیعەکان ناتوانن هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەکان هەڵبگرن

((بارودۆخی عێراق ڕۆشـــن و دیـــار نییە، چونکە دەبینین ســـوننە هاتۆتە ســـەر شـــەقام، کورد ڕازی نییە، هەروەها ماڵی شـــیعە بە تەواوی ڕێك و کۆك نییە و کێشەیان هەیە، سەدرییەکان و دەوڵەتی یاســـاو لایەنەکانی دیکەی شیعە، ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەوە لە ڕاستیدا ئەمریکییەکان هەڵوێســـتێکی ڕاست و دروســـتیان نییە، دەبێ ئێمە بزانین کە ئەو وڵاتانەی بارودۆخیان بەم شـــێوەیەیە ئەوە ئاییندەیان بەدەســـت خۆیان نییە، واتا بە دەســـت دەرەوەیە کە هەر لە دەرەوە بڕیارەکان دەدرێن و لە ناوەوە جێبەجێ دەکرێن، ئەوەی تا ئێستا ڕوون و ئاشکرایە ئەمریکییەکان و ئێران پشتگیریی لـــە مالیکی دەکەن، مەگەر تەنیا دڵمان بەوە خۆش بێت کە هەڵبژاردن نزیك بۆتەوەو ڕەنگە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بارودۆخەکە بگۆڕدرێت، بەڵام ئەمەش جێگەی گەشبینی نییە لەبەر ئەوەی نوری مالیکی ئێســـتا کۆنترۆڵی هەموو جومگەکانی کردووە، ئەگەر بۆی بچێتەســـەر ئاراســـتەی هەڵبژاردنەکان بـــۆ بەرژەوەندیی خۆی و حزبەکەی دەبات، لەلایەکی دیکە من پێموایە لایەنی شیعە هیچ قەناعەتێکیان نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، مەگەر فشارییان لەسەر بێت لەلایەن ئەمریکییەکانەوە و هاتنی سوننە بۆ سەر شەقام و هەروەها ڕەنگە بەشـــێکی فشاری ئەمریکا و بەشێکیشی فشاری ئێران بێت بۆ شیعەکان، وەك بڵێیت جارێ کێشەکانیان لەگەڵ کورد هەڵپەسێرن نەك چارەسەری بکەن تاوەکو لەکۆڵ کێشـــەی سوننە دەبنەوە، ئەوکاتە دەســـت بە کێشەی کورد بکەنەوە، ئەوان بۆ ئـــەوەش هاتوون تاکو چاو بە پەیوەندیی نێوان شیعەو کورددا بخشێننەوەو بۆ ئەوە نەهاتوون کێشەکان چارەســـەر بکەن، پێموانییە سەرۆکی هەرێم دەستپێشخەری بکات، چونکە ئەوان هێشـــتا دەستپێشـــخەریی یەکەمیان جێبەجێ نەکردووە و گرفتی بۆ دروست دەکەن)).

**بایەزید حەسەن پەرلەمانتاری عێراق لە لیستی گۆڕان:**

## پێدەچێت هەتا کاتی هەڵبژاردنەکانی داهـــ

((ئێستا نارەزایی هەیە چ لەلایەن کوردەوە یان لە سوننەکانەوە بەرامبەر ئەوانەی حوکمیان بەدەستە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەستووری عێراق کـــە هەموو لایەك لەســـەری ڕێککەوتوون، بەڵام ئەم دەســـتوورە جێبەجێ ناکرێت، زۆر یاسا هەیە دەبوایـــە لەم ماوەیـــەدا دەرچووبووانە، بۆ نموونە هەیانـــە کـــە شـــەش



حەوت ســـاڵە زیاترە، وەکو جێبە جێکر د نـــی مـــاددەی ١٤٠ و هی دیکـــەش، هەروەهـــا دانانـــی ئەنجومەنی فیدرالی، چونکە ئەم ئەنجومەنە دەبێت دوو ژوور بێـــت، یەکێکیان هـــی نوێنەرانـــەو ژوورێکیشـــیان پێـــی دەڵێـــن ئەنجومەنـــی فیدرالی یان یاســـای نەوت و گاز یان یاسای تەرخانکردنی داهاتی ئیتیحادی/چاودێری، یان ماددەی ١٠٥ کە دەڵێت دەبێ ڕێژەی پۆســـتەکان بۆ پێکهاتەکانی عێراق بەپێی ڕێژەی دانیشتووان بێت، وێڕای یاسای خزمەتی سەربازی کە تا ئێستا دەرنەچووە، بۆیە من پێموایە ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە پارێزگا ســـوننیەکانی عێـــراق دەکرێت لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەو نارەزاییانەیەو بێجگە لەوەی کە لایەنێك دەســـتی بەسەر هەموو پۆستە گرنگەکانـــدا گرتـــووە، بەڵام داواو کێشـــەکانی ئێمەی کورد جیاوازن، ئێمە کێشەی نەتەوایەتیمان

# ...ـەرنەکردنی کێشەکانە


ناوخۆیی نێوان سوننە و شیعە هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام ئاخۆ لە ئێستا لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە کێشەکان بەشێوازی دیالۆگ و ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، ئەم پەرلەمانتارانە بەمجۆرە لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق بۆ گوڵان هاتنە ئاخاوتن.

## ...ـاتوو بارودۆخی عێراق بەم شێوەیە بمێنێتەوە

هەیە، رەنگە کێشەی سوننەکان چارەسەر بکرێن، ئەویش بە پێدانی چەند پۆستێك، بۆ کوردیش لەوهەلومەرجە باشە لەگەڵ هیچ لایەنێکیان نەچێتە هیچ بەرەیەکەوە، تاکو بەرژەوەندییە دەستوورییەکانی کورد جێبەجێ بکرێت، بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخە ئێستا هاوپەیمانی شیعە گەیشتوونەتە ئەوەی کە دەبێت هەوڵی بۆ بدرێت، بۆ نموونە بەردانی زیندانییەکان، چونکە ئێستا لە عێراقدا ٣٣ هەزار زیندانی هەیەو ١٥ هەزاریان حوکم دراون، تێیاندایە چوار پێنج ساڵە بەس دەستگیرکراوە بێ دادگایی کردن، بێجگە لەمەش زۆر یاسا هەن خراپ بەکاردێن وەکو یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەری، یان چواری تیرۆر، یاخود هەواڵدەری نهێنی، لەلایەکی دیکەوە دەبینین کاتێ رێکەوتننامەی هەولێر ئیمزا کرا زۆر شت هەبوو کە دەبووایە بۆ کورد بکرایە، بەڵام تا ئێستا نەکراون، ئێمە کە ئێستا لە پەرلەمانین سەرنج دەدەین کە لایەنی شیعە دەیەوێت لە کورد نزیك بێتەوە، ناکرێ لە عێراق کە( سێ ) پێکهاتەی سەرەکی هەیە پێکهاتەیەکیان دژی پێکهاتەکانی دیکە بێت، من پێموایە رەوشی عێراق تا ساڵێکی دیکەش هەروا بە پشێوی بمێنێتەوە، چونکە ساڵێك و دوو سێ مانگی ماوە هەڵبژاردن بکرێت، ئەگەر مالیکی دەیەوێت متمانە لە پەرلەمان بسەنێتەوەو هەڵیوەشێنێتەوە و لەبەرامبەریشدا پەرلەمان هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت دەکات، من پێموایە کە ئەم ململانێیە هەر بەردەوام بێت و رەنگە حکومەتیش هەندێ داواکاریی لایەنەکان تا رادەیەك جێبە جێ بکات، بەڵام تا هەڵبژاردنەکان بارودۆخی عێراق هەروا بەردەوام دەبێت)).

**مەحما خەلیل**
**لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی:**

## هاوپەیمانی نیشتمانی گەیشتۆتە قەناعەت کێشەکان چارەسەربکرێن، بەڵام لیستی دەوڵەتی یاسا جێگەی متمانە نییە



((بارودۆخی عێراق بەرەو ئاڵۆزییەکی توند دەچێت، تا ئێستاش کێشەکان چارەسەر نەکراون، سێ سیناریۆش لە بارودۆخی عێراق هاتۆتە پێش، یەکێکیان بەرەو شەڕی ناوخۆ هەنگاو دەنێت، ئەوەی دیکە هەروەکو دیارە مەسەلەی فیدرالیەتی هەرێم و پارێزگاکانە بە پێی جوگرافیی و پێکهاتەی ناوچەکان کە بە ئاشکرا ناوێرن باسی لێوە بکەن، ئەوەی دیکە ئەمرۆ عێراق لەژێر بەندی حەوتەمی نەتەوەیەکگرتووەکانە، بۆ ئەوەی ئەگەر بارودۆخەکە چارەسەر نەبوو، ئەوا ئەمریکاو جیهانیش جارێکی دیکە بتوانن بێنەوە نێوخاکی عێراقەوە، چونکە بەپێی رێکەوتنی ستراتیژی نێوان حکومەتی عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ئەو هەر بەرپرسە لە بەرامبەر سەقامگیری و چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراتی لە عێراقدا، بەڵام باشترین سیناریۆ ئەوەیە کە سیستەمی فیدرالی لە ناوچەکان جێبەجێ بکرێت و هەر ناوچەیەك بە پێی پێکهاتەکان دەسەڵاتی خۆی هەبێت، سەبارەت بە بودجەش بەداخەوە تا ئێستا مشتومڕی لەسەرە ئەویش لەبەر دەستێوەردانی سیاسی و رکابەریی نێوان پێکهاتەکانی ناو پەرلەمانی عێراقە، بەڵام ئەو بودجەیە بۆ گوزەرانی هاوڵاتیانی هەموو عێراقە و بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەیە، بەڵام ئەوە بۆ دوو هەفتە دەچێت پەرلەمانی عێراق نەیتوانیوە بە کۆی دەنگ لەسەر ئەم بودجەیە دەنگ بدات و بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، لەم قۆناخەدا من وای دەبینم کە هاوپەیمانیی شیعە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە، بەڵام لە ئێستادا ئەمە لە دەوڵەتی یاسا چاوەڕوان ناکرێت و جێی متمانە نییەو لەم رووەوە پەرۆشی رەوشەکە نییە.

# ئایا کەشتیی شەراکەت لە عێراقدا دەگاتە



ئازا حەسیب قەرەداخی

دوو هەفتە جارێک بۆ گوڵانی دەنووسێت

هەوڵەکان بــۆ کۆبوونەوەی لایەنە ناکۆکەکانــی ناو عێراق روو لە پێشــڤەچوونە. بەڵام پێشــڤەچوونێکی بە حەزەرەوە چونکە هەمیشــە ئەگەری ئەوەیشی لەگەڵدایە کە لە هەر ساتێکدا بێ بەهۆی هەڵەی یەکێك لە کارەکتەرەکانەوە پاشەوپاش بگەڕێتەوە بۆ دواوە.

کارەکتــەرە عێراقــی و ئیقلیمــی و نێودەوڵەتییەکانیش چاویان بڕیوەتە هەرێمی کوردســتان کە ببێتــە مەڵبەندی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیــەك بۆ ئەو قەیرانە پەڕگیــرەی عێراقی تێکەوتووە و نزیکــی کردۆتەوە لە لێواری جۆرێك لــە جەنگی ناوخۆیی-تایفیــی کە هەر ئەوەندەی بەرپا بوو ئیتر دوای ئەوە نازانرێ کە چەند لە سەرو ماڵی عێراقیان دەدووڕێتەوە و چەندی تێ دەچێ و چەنــد دەخایەنێ و چەند فراوان دەبێ و بەشــدارانی ناوخۆ و دەرەکی کێ دەبن.

**عەقڵییەتی پێداچوونەوەی رەخنەیی**

قەیرانی ئێســتای عێراق بۆیە زۆر توند و تاریك و مەترسیدارە، چونکــە لــەدوای ئەوەوە دێت کــە گوایە هەر ســێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق (عەرەبی شیعە — زۆرینە، عەرەبی سوننە- پێکهاتەی دووەم، کورد- پێکهاتەی سێیەم) لەسەر ئەوە کۆك بوون ئەم دەوڵەتە لەســەر بنەمای شــەراکەتی راستەقینە بەڕێوەبەرن و بۆ ئەمەیش دەســتوورێکیان پەســەند کردووە کــە وردەکارییە یاساییەکانی ئەم بنەمایەی تێدایە. بەڵام کورد و عەرەبی سوننە گەیشــتوونەتە ئەو بڕوایە کە تیمی حوکمڕان لە عەرەبی شیعە نەك هەر پابەند نەبووە بە دەستوورەوە بەڵکو ئەو ڕێککەوتنانەیشی پشتگوێ خســتووە کە بە هۆیەوە حکومەتی پێێدراوە و هەموو ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی شــەراکەتیان تێدا بووە بۆ پێکهێنانی پەیکەری حکومەت.

لێرەدا قســەکردن لەبارەی عەقڵییەتی پێداچوونەوە بەو هەڵانەدا کە ئەم ئەزموونە دووچاریان بووە، قســە کردنە لە هەڵەکانی هەر سێ پێکهاتەکە. بەشێك لە هەڵەکان ڕێکارین، بەشێکی دیکەیان ڕێباز و بیرکردنەوەن.

ئــەو هەڵانەی ڕێکارین، چ تیمی حوکمڕان لە عەرەبی شــیعە کردبیان، یان نوێنەرە سیاسییەکانی عەرەبی سوننە کردبیان، یان حکومەتی هەرێم کردبێتی، چارەسەرکردنیان ئاسانە و دەکرێ بە چەند بڕیارێکی ڕیکارییانەی لە شــێوەی خۆیان هەڵوەشێنرێنەوە و جیگرەوەیــان بۆ بدۆزرێنەوە کە دەســتووری بن و ناکۆك نەبن لەگەڵ سستمی ڕێکخستنەوەی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی و دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەت و سامان.

ئەو هەڵانــەی چاوگەکانیان ڕێبازی بیرکردنــەوە و چۆنێتیی تێگەیشــتنە لە بنەڕەت و پێکهاتــەی فرەیی دەوڵەتی عێراق و بنەماکانــی حوکمڕانــی و ماف و ئەرکەکانی هــەر یەکێك لە پێکهاتەکانی، ئەوانەیان چارەســەرکردنیان ئاســان نییە، چونکە بۆ ئەمەیان هەر لە بناغەوە پێویســتە عێراقییەکان عەقڵییەتی پیاچوونەوەی رەخنەییان هەبێ بە عەقلییەتیاندا.

**پێداچوونەوەی رەخنەیی بە رێبازدا**

ســەرەتا پێویســتە رێبــازی بیرکردنەوە و خولیــای نەتەوە یان مەزهەبی باڵادەســت بخرێتە ژێر دەیان پرسیاری چارەنووسسازەوە و وەڵامی یەکلاکەرەوە بدرێنەوە و ئاستێك لە متمانە بونیات بنرێ کە دڵ و مێشکەکان ئاسوودە و دڵنیا بکات لەوەی عێراق، عێراقی هەموانــە بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی. جارێکی دیکە لە عێراقدا ئەنفال و ڕاگواســتن و کیمیابــاران ڕوونادەنەوە، مەزلوومییەتی مێژوویی دەرهەق بە شیعە دووبارە ناکرێتەوە، سوننە بەلاوەنانرێن و لاتەریك ناکرێن.

**پێداچوونەوەی رەخنەیی بە دەوڵەتدا**

دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لە دوای ڕووخانی رژێمی بەعس لەسەر بنەمای دوو بنەمای دەستووریی - سیاسییە:

١- شەراکەت پەسەنی سیاسییە بۆ دامەزراندنەوەی دەوڵەت.

٢- بەدامەزراوەییکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت لەســەر بنەمای کاڵکردنــەوەی مەرکەزییــەت و تۆخکردنــەوەی لامەرکەزیــی فیدراڵی.

عەقڵییەتــی پێداچوونــەوەی رەخنەیی بۆ ئەوەیــە کە چەمکی دامەزراندنــەوەی دەوڵەتی عێراق بخرێتەوە ژێر هەڵســەنگاندن و نشتەرگەریی رەخنەیی کە ئایا پێکهاتەکان وەکو یەك و بەیەك بڕ و ئاراستە بڕوایان بەم تێگەیشتنە هەیە و پابەندن بە جێبەجێکردنی وردەکارییەکانییــەوە کــە چاوگەکەیــان بریتییە لــەو دوو بنەما دەستوورییە- سیاسییە.

**پێداچوونەوەی رەخنەیی بە دەسەڵاتی دادوەریدا**

هەرچەندە یەکێك لە بنەما سەرەکییە دەستوورییەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق، ســەروەری و سەربەخۆیی دادوەرییە، وەلێ دەســەڵاتی دادوەری لە قۆناغــی بونیاتنانــەو و ئینتیقالیدا بە چەندین رایەڵەی سیاســی و کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بە سازانی نیشــتمانییەوە. تا تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەیش ناکرێ تەنیا یەکێك لە پێکهاتــەکان و لەپێناوی خولقاندنی قەیراندا دەســەڵاتەکانی دادوەریی بەکاربهێنێ بۆ دادگاییکردنی پێکهاتەکانی دیکە.

کاتێك دۆســییەی تاوانبارکردن بۆ تاوانەکانی کوشــتنی تایفی و تیرۆر، لە دژی ســەرکردە و رەمزە سیاســییەکان دەکرێتەوە، ئەوا ســەربەخۆیی دادوەری لەوێدا لەناو دەچێ کــە پێکهاتەیەك ئەم دۆســیە لە دژی پێکهاتەیەکی دیکە بجووڵێنێ و ئەو تاوانبار و خۆی بێبەری بکات.

لە عێراقی دوای ڕووخانی رژێمی بەعس، تیرۆر و کوشتن لەسەر ناســنامەی ئایینی و تایەفەی ئایینی بەســەر هەموو عێراق و پێکهاتەکانیدا تەشــەنەی کردووە. گروپە سوننە تیرۆریستەکان و گروپەکانــی مەرگ کە شــیعەبوون، دوو ڕووی یەك دراوبوون لە پرۆسەی قەتڵوعامی عێراقییەکاندا.

تاوانی کوشتن و ڕاگواستن و دەربەدەرکردنی بەکۆمەڵی شیعەکان و ســوننەکان و کریســتیان و کوردی ئێزیدی و کوردی فەیلی و تورکمانەکان، هەموویان یەك جۆر تاوانن و هەمووشیان ریسواکراون و ئەگەر دادگا پێکبهێنرێ بۆ سزادانی ئەنجامدەرانیان ئەوا دەبێ بەبێ جیاوازی هەموو ئەم دۆسێیانە بکرێنەوە.

**عەقڵییەتی پێداچونەوە بە پەیوەندییەکانی دەرەوەدا**

بە حوکمی سیاسەتی سەرکوت و دەربەڕاندنی سیاسی و نەتەوەیی

# کەناری ئارام؟!

و مەزهەبییەوە کە بەعس بە درێژایی حوکمڕانێتی خۆی لە عێراقدا پەیڕەوی کردووە. هەروەها بە حوکمی ئەو ئاڵۆزییانەی ڕژێمی بەعس لە ئەنجامی شەڕ و جەنگە دەرەکییەکانییەوە، لە پەیوەندییەکانی عێراق بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی ئیقلیمییەوە دروستی کردووە، میراتێکی بەجێهێشتووە کە ئێستایشی لەگەڵدا بێ لە عێراقی نوێدا نەك نەتوانراوە لەسەر بنەمای سەروەری عێراق و بەرژەوەندییە نیشتمانییە باڵاکانی ڕێکبخرێتەوە، بەڵکو لە زۆر جومگەیدا خراپتریش بووە.

**یەکەم: بەگوێرەی شیعە**

بە هۆی مەزلوومییەت و لەپێناوی خۆپاراستن و مانەوە و درێژەدان بە خەبات، شیعەی عێراق، هەمیشە پاڵی داوە بە ئێرانەوە و خۆی لەوێ داڵدە داوە و کردوویەتی بە مەرجەعی خۆی لە بڕیاری سیاسیدا. ئەمەیش زیاتر لە ٨٠ساڵی لە سەدەی ڕابردوودا خایاندووە، بۆیە ئێستایشی لەگەڵدا بێت ناتوانێ ڕایەڵەکانی ئەو پەیوەندییانە بپسێنێ یان لانی کەم بیانخاتە ئاست و پێگەیەکی دیکەوە و لە چوارچێوەی سەروەریی عێراق و بەرژەوەندییە هاوشانەکان و دەستوەرنەدان لە کاروباری یەکتردا ڕێکیان بخاتەوە.
لەم قۆناغەیشدا ئاڵۆزیگەلێك ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گرتۆتەوە و بەو هۆیەوە ئێران کەوتۆتە ژێر باری دەرەنجامەکانی ململانێکانی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر دۆسێیەی چالاکییە ئەتۆمییەکانی و ئابڵووقە و سزادانی ئابوورییەوە، هەروەها هیلالی شیعە کە لە ئێرانەوە درێژدەبێتەوە تا باشووری لوبنان، کەوتۆتە بەردەم هەڕەشەی گۆڕانکارییەك بەناوی (بەهاری عەرەبی)یەوە و تا هەنووکە تەنیا ڕابوونێکی سوننەی لێ چێ بووە و مەترسییەکی ڕاستەقینەی بۆ دەسەڵاتی عەلەوی شیعە مەزهەبی لە سوریا و حزبوڵڵای لوبنانی دروست کردووە و پێشبینی دەکرێ دواتر روو لە عێراقیش بکات. ئەم ئاڵۆزییانە وەهایان کردووە کە شیعە ناچاربن لە بری ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ ئێران بگۆڕن بۆ جۆرێکی دیکەی پەیوەندی لەسەر بنەمای سەروەری و بەرژەوەندیی هاوشان و هاوبەش، ئەو پەیوەندییە مەرجەعییە کۆنەی هەیانبووە توندوتۆڵتری بکەن.

**دووەم: بەگوێرەی سوننە**

سوننەی عێراق پاشی زیاتر لە ٨٠ ساڵ حوکمڕانی تاك لایەنانەی مەرکەزی توندوتۆڵ، لە ناکاو لە پاشی ڕووخانی ڕژێمی بەعس خۆیان لەبەردەم هەڵکەوتێکی نوێدا بینییەوە کە خاڵی کراونەتەوە لە هەموو دەسەڵاتێك و وەکو پێکهاتەیەکی بێزراوی وەلاوەنراوی پەراوێزخراو مامەڵەیان لە تەکدا دەکرێ. ناوچەکانیان لە ناوچەی بایەخپێدراوەوە گۆڕا بە ناوچەی فەرامۆشکراوی هەژاری بێ خزمەتگوزاری و پڕ لە بێکاری و داماوی. شار و شارۆچکە و گوندەکانیان بوونە مۆڵگەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و گروپە تیرۆریستەکان. بەو هۆیەوە بوونە جێ نیشانەی پەلامارەکانی هێزەکانی ئەمریکا و حکومەتی عێراق و هاوکات کردەوەکانی تەقاندنەوە و خۆتەقاندنەوەی جیهادییە تەکفیرییەکان. هەموو ئەمە لە کاتێکدا ڕوودەدات کە جگە لە هیلالی شیعی، ئەوە دوای سنووری عێراق چواردەورە دراوە بە وڵاتانی ئیسلامی سوننە مەزهەب و لە تورکیاوە درێژدەبێتەوە تا بە ئەردەن و باکووری ئەفریقادا تێدەپەڕێ و دەگەڕێتەوە بۆ سعودییە و وڵاتانی کەنداو. بۆیە لەپێناوی مانەوە و گەڕاندنەوەی دەسەڵاتەکانی دوێنێدا، سوننە موقەدەراتی خۆی داوەتە دەست ئەوان دەوڵەتان و ئەوانیش هەر یەکە بەپێی ئەجندای خۆی و لەپێناوی مەرام و بەرژەوەندی خۆیدا سوننەی عێراق هەڵدەسوڕێنێ و وەکو کارتی فشار لەسەر شیعەی عێراق بەکاریان دەهێنێ.
لەم قۆناغەیشدا کە ڕابوونی سوننەی عەرەبە لە شێوازی حوکمڕانی ئیسلامی سیاسیدا، سوننەی عێراق پێی وایە قۆناغی ڕابوونەوەی خۆیشی لەبەردەرگایە و دەیەوێ جۆری ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنێ، بەڵام بێ ئاگایە لەوەی کە ئەوان ئەمان بەکاردەهێنن. بۆیە سوننەی عێراقیش کەوتۆتە گێژاوێکەوە کە ڕایەڵەکانی پەیوەندیی سەروەرانەی لەدەستداوە و سەرەداوەکانی کەوتوونەتە دەستی ئەوانی دیکە و ئەم تەنیا کارەکتەرێکە لە گەرمترین مەیدانی ململانێی لێکترازاندنی پارچەکانی هیلالی شیعەدا.

**سێیەم: بەگوێرەی کوردەوە**

کورد بە حوکمی ئەزموونکردنی پەیوەندییەکان بە درێژایی ساڵانی خەباتی پێشمەرگایەتی و هێشتنەوەی پێگەیەك بۆ سەربەخۆیی سیاسی و کردەنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی لە نێوانی جەمسەرەکانی جیهانی دابەشبوودا بەسەر زلهێزەکاندا و پاشان ئەزموونکردنی ساڵانی بەڕێوەبردنی قەوارەیەکی دیفاکتۆ لە ناو عێراقی دیکتاتۆریدا و ئینجا بە دەستووریکردنی ئەم قەوارەیە وەکو هەرێمێك لەناو عێراقی فیدراڵدا، فێری پەڕەویکردنی جۆرێك و ئاراستەیەك و ڕادەیەك لە پەیوەندی بووە. کە «کوردستان و دۆزی گەلی کوردستان یەکەمە» ڕێبازی ئەم پەیوەندییەیە. ڕاگرتنی هاوسەنگی و نەبوون بە بەشێك لە ململانێکان و جەمسەرگیرییەکان، میکانیزم و ڕێکارەکانییەتی.
بێگومان وەنەبێ لە درێژەی ئەو مێژووەدا کە لانی کەم نزیکەی یەك سەدەیە، ئەم پەیوەندییانە هەمیشە بە دڵ و ئارەزووی کورد دروست بووبێت و بەڕێوە چووبێت، بەڵام ئەزموونێکی ئەوەندە دەوڵەمەند و سامانێکی سیاسی و مانەوی و کردەنی ئەوەندە گەورەیان کەڵەکە کردووە کە ئەمڕۆ زۆر کاریگەرن و لە بەستنی هەر پەیوەندییەکەدا دەبنە بنەما و بە جۆرێك بەکاردێن کە هەرێمی کوردستانی تا ڕادەیەك بە سەربەخۆیی و بڕیاری سەربەخۆ هێشتۆتەوە.
لەسەرینی ئەم تەشخیسەوە دەکرێ بگووترێ عەقلییەتی پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانە بە پەیوەندیەکاندا لەبەر ڕۆشنایی سەروەری و سەربەخۆیی، ئەو عەقلییەتەیە کە شیعە و سوننەی عێراق پێویستیان پێیەتی تا کەسایەتی و کارەکتەری سەربەخۆی خۆیان وەرگرنەوە و بەکاری بهێنن بۆ دەرچوون لە قەیران و ئاڵۆسکاوییە سیاسی و مەزهەبییەکان و لەپێناوی ئەوەدا کە کەشتیی شەراکەت لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا بگاتە کەناری ئارام.

**تاوانی کوشتن و ڕاگواستن و دەربەدەرکردنی بەکۆمەڵی شیعەکان و سوننەکان و کریستیان و کوردی ئێزیدی و کوردی فەیلی و تورکمانەکان، هەموویان یەک جۆر تاوانن و هەمووشیان ریسواکراون**

**کارەکتەرە عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانیش چاویان بڕیوەتە هەرێمی کوردستان کە ببێتە مەڵبەندی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ ئەو قەیرانە پەرگیرەی عێراقی تێکەوتووە**



**د.حەمید ئەکین ئەنڤەر مامۆستای پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لە زانکۆی کەدیرهاس لە ئەستەنبوڵ و وانەبێژی دیراساتی تورکی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەزانکۆی پریستۆن، بۆقسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای سوریا و کاریگەریی بارودۆخی سوریا لەسەر ناوچەکە چەند پرسیارێکمان لە د.حەمید ئەکین ئەنڤەر کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** هێشتا توندوتیژی و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی رژێم و موعارەزە لە سوریا بەردەوامە، بەڵام هیچ لایەکیان توانای یەکلاکردنەوەی شەڕەکەی نییە لە بەرژەوەندیی خۆی، پرسیارەکە ئەوەیە تاکەی ئەم شەڕە خوێناوییە بەردەوام دەبێت، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شایەتی کوژرانی رۆژانەی خەڵکی مەدەنیە لە سوریا؟**

- سێ سیناریۆی سەرەکی هەیە- یەکەم، سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەی موعارەزە و دەرپەڕاندنی ئەسەد و بەشێکی گرنگی سەرکردەکانی بەعس. لەم حاڵەتەدا، رەنگە ئەو ئیدارە کاتیەی دەسەڵات دەگرێتەدەست رێبازێکی سوننی- ئیسلامی بگرێتەبەر و بارگرژی بەردەوام لە نێوان سەرکردایەتی نوێ و کۆندا، سەرکردە وەسەتەکانی بەعس- درێژەی دەبێت، ئەم بارگرژیەش بەلای کەمەوە رێڕەوی رووداوەکانی ١٥ساڵی دوای ئەسەد دیاری دەکەن. سیناریۆی دووەم، پەیوەستە بە گەیشتنی موعارەزە و ئەسەد بە رێککەوتنێك، تێیدا ئەسەد دەمێنێتەوە، بەڵام موعارەزەش چەند هەموارکردنێکی گرنگ و گۆڕانکاریکەر لە رژێمەکەدا بەسەر سیستمەکەدا دەسەپێنێت. تەنانەت ئەگەر ئەمە لە مەودای کورتدا ئاشتی بهێنێتەدی، ئەوا گومانی تێدانییە لە مەودای دووردا، ئەسەد هەوڵی پاشەکشەپێکردنی ئەو چاکسازیانە و دووبارە چەسپاندنەوەی حکومڕانییەکی مەرکەزی بەهێز دەداتەوە. دوایین سیناریۆ، بریتییە لەوەی ئەسەد لە شەڕێکی ئیستینزافی دووروودرێژدا موعارەزە بەبەزێنێت، هێزەکانی ئەسەدیش لەم شەڕەدا تەواو شەکەت و لاواز دێنە دەرەوە، بە چەشنێك بۆشاییەکی دەسەڵات دروست دەبێت هاوشێوەی ئەوەی لە ساڵی ١٩٩١دا لە دۆخی عێراقدا دروست بوو.

*** زۆرێك لە شارەزایان پێیانوایە سەرەڕای ئەوەی کێشەی سوریا، کێشەی وڵاتێکی دیاریکراوە، بەڵام ئاکامی لەسەر تورکیا و ئێران و عێراق و لوبنان و سەرتاسەری ناوچەکەیە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك کێشەی سوریا بۆتە ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە، چونکە لەلایەن سعودیە و تورکیا پشتیوانی موعارەزە دەکەن، لە کاتێکدا ئێران و عێراق و حزبوڵا پشتگیری مانەوەی ئەسەد دەکەن لە دەسەڵاتدا؟ واتە تا چەند سوریا بۆتە گۆڕەپانی شەڕی نێوان شیعە و سوننەکان؟**

- لە سوریادا چەندین لایەنی گرنگی شەڕی تائیفی بەدی دەکەین. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کەچۆن نفوز و دەسترۆشتوویی دەرەکی لەسەر بنەمایەی تائیفی مومارەسە دەکرێت- ئێران هەوڵی پاراستنی زۆنی شیعەی تایبەت بە خۆی دەدات، لە کاتێکدا تورکیا و وڵاتانی کەنداو کار بۆ ئەوە دەکەن سوننەکان باڵادەستبن. ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبێت، ئەوا لەدەستدانی سوریا بە مانای لەدەستدانی باڵی باکوور دێت لە «کەمەربەندی شیعە»ی تایبەت بە خۆی، هەروەها بە مانای لەدەستدانی دەرفەتی گەیشتن بە لوبنان و سەپاندنی کاریگەری خۆی بەسەر ئیسرائیلدا دێت. کەواتە بە دڵنیاییەوە ئەمە شەڕی ئێرانە بۆ پارێزگاریکردن لە باڵی باکووری- کەمەربەندە شیعەکەی- کە نزیکە لە ئیسرائیلەوە و ئەم ئەولەویەتەش سوریا دەکاتە گۆڕەپانێکی شەڕی توندی تائیفی.

*** بە پێی هەندێ لە سەرچاوەکانی هەواڵ، تەنانەت ئەگەر موعارەزە دەست بەسەر پایتەختدا بگرێت، واتە دیمەشق، ئەوا هێشتا رژێمی ئەسەد کۆتایی نایەت، چونکە هەندێ لە شارەزایان و چاودێرانی سیاسی پێشبینی ئەوە دەکەن ئەسەد پەنا بباتە بەر لوبنان، بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی عەلەوی دابمەزرێنێت و پەیوەندی لەگەڵ حزبوڵا و رەنگە حەماسیشدا دروست بکات، و ئەمەش کارێکی مەترسیدارە، ئایا تا چەند ئەمە سەرەتای هەرەسهێنانی سوریا و خولقاندنی**



حەمید ئەکین ئەنڤەر بۆ گوڵان:

# بەرووخانی رژێمی ئەسەد دەرفەتێکی گرنگ بۆ کوردەکانی سوریا دروست دەبێت

**مەترسییە لەسەر ناوچەکە؟**

- گومانی تێدانییە کە ئەگەر ئەسەد ببەزێنرێت، ئەوا درەنگ یان زوو، سوریای بەعسی دەڕووخێت. لە دوای ئەوە، رەنگە دەوڵەتێکی عەلەوی نوێ بێتە دامەزراندن، بەڵام هەمیشە ئەم دەوڵەتە لە ژێر هەڕەشەی کەمینەی سوننەدا دەژێیت. لەبری ئەوەی بچتە پاڵ حزبوڵا یان حەماس، ئەوا دەوڵەتی نوێی عەلەوی وەك دەوڵەتێکی پتر عەلمانی دەردەکەوێت و رەنگە بۆ پارێزگاریکردن لە مانەوەی خۆی، بچێتە پاڵ ئیسرائیل. هەروەها کارێکی قورس دەبێت بۆ حزبوڵا یان حەماس کە شەڕی گرووپە ئیسلامیەکانی دیکەی سوریا بکەن.

*** کوردەکان بەشێکن لە سوریا و لە ماوەی چل ساڵی حکومڕانی ئەسەددا مافەکانی پێشێلکراوە، لە ئێستا هێزەکانی ئەسەد لە ناوچە کوردەکانی سوریا کشاونەتەوە، ئەمەش دەرفەتی بۆ کوردەکان رەخساندوە بۆ ئەوەی کوردەکان مافەکانی خۆیان بچەسپێنن و تا چەند ئەمە لە بەرژەوەندیی کوردەکانە؟**

- ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا پاشەکشەی هێزەکانی سوریا یەکجارییە یان نا. ئەگەر دوای تێکشکاندنی موعارەزە دووبارە هێزەکانی ئەسەد بگەڕێنەوە بۆ ئەم ناوچانە، ئەوا زەحمەت دەبێت بۆ کوردەکان کار بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بکەن. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر هێزەکانی ئەسەد نەگەڕێنەوە بۆ ئەم ناوچانە و بۆشایی دەسەڵات لە باکووردا دروست بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەم دۆخە سەردەکێشت بۆ دروستبوونی دەرفەتێکی سیاسی نوێ بۆ کوردەکان. ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی تا چەند کوردەکان لە رووی سەربازیەوە بە باشی خۆیان رێکدەخەن لە دژی میلیشیا سوننەکان، هەروەها لە رووی سیاسییەوە چەند باش خۆیان رێکخستووە لە دژی هەمان ئەو موعارەزەیەی کە لەلایەن تورکیا و وڵاتانی کەنداوەوە پشتیوانی لێدەکرێت. ئەگەر کوردەکانی سوریا ئاماژەی هاوکاریکردن بۆ تورکیا بنێرن، ئەوا رەنگە هاوپەیمانێکی بەهێز لە باکووردا بدۆزنەوە.

*** بە پێی هەندێ لە چاودێران تورکیا لەبری ئەمریکا و رۆژئاوا بە گشتی رۆڵ دەبینێت لە سوریادا، ئەمە لە کاتێکدا تورکیا ئامادەنەبوو ببێتە بەشێك لە هێزەکانی ناتۆ بۆ رووخاندنی رژێمی قەزافی لە لیبیا، تا چەند رۆژئاوا باوەڕی بەوە هەیە تورکیا رۆڵێکی گرنگ ببینێت لە سوریادا؟**

- تورکیا دەتوانێت پشتیوانی سیاسی و شەرعیەتی نێودەوڵەتی ببەخشێت- هەروەها دەتوانێت دەرگای هاوکاری و بازرگانی و وەبەرهێنان و دارایی بکاتەوە. لەوە زیاتر، ئەوەی لە سوریا روودەدات دەبێت لە ناوخۆوە سەرچاوە بگرێت و کۆدەنگی سوریەکانی لەسەربێت. ئەوەی تورکیا دەتوانێت لە سوریادا بیکات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە سنووردارە، هەروەها ئەمە تا رادەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر ئەوەی ناکۆکی و شەڕی سوریا چۆن کۆتایی دێت.

*** بارودۆخی سوریا بەرەو کارەساتێکی مرۆیی دەڕوات و بە ملیۆنەها کەس ئاوارەن و بە هەزاران کەس دەکوژرێن، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگە لە ئاست ئەم کارەساتە مرۆییەدا؟**

- لەبەر ئەوەی پێیانوایە تورکیا و ئەردەن دەتوانن بە تەنیا قەیرانی پەنابەران ئیدارە بکەن، کە ئەمەش لێکدانەوەیەکی هەڵەیە. خاڵی دووەم ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نازانێت چۆن دەستێوەردان لە قەیرانێکی لەم شێوەیەدا بکات-شەڕەکە بەردەوامە و دەستێوەردانکردنیش لە قەیرانی پەنابەراندا لە زۆنێکی راستەخۆی شەڕدا کارێکی ئاڵۆزە. هەرچۆنێك بێت، پێموایە پاساوەکانی دەستێوەرنەدان بەس نین.

**ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبێت، ئەوا لەدەستدانی سوریا بە مانای لەدەستدانی باڵی باکوور دێت لە «کەمەربەندی شیعە»ی تایبەت بە خۆی، هەروەها بە مانای لەدەستدانی دەرفەتی گەیشتن بە لوبنان و سەپاندنی کاریگەریی خۆی بەسەر ئیسرائیلدا دێت**



# میسر..ململانێی بەردەوامی سیاسی و قەیرانی

ئەسما حوسەینی - قاهیرە

**د. عەبدولسەلام نوەیر:**

**حوکمی ئێستای میسر هێشتا بەتەواوی جێگیرنەبووە،ئەو دەسەڵاتە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا بکات،هەروەها لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەشدا شکستی هێناوە**

لە ئێستادا میسر لە نێو ململانێیەکی سیاسیدا دەژی کە هەرگیز لە مێژووی ئەو وڵاتەدا ڕوووینەداوە،ئەم ڕەوشەش دەرئەنجامی ناکۆکی بیروبۆچوونی نێوان ڕژێم و ئۆپۆزسیۆنە دەربارەی بەڕێوەبردن و ئاییندەی میسر، هەروەها شێوازی ئەو فەرمانڕەوایەتییەی کە سەرۆك محەمەد مورسی کە سەر بە ئیخوان موسلمینە پەیڕەوی دەکات،ئەمە وێرای نارەزایی دەربڕین بەرامبەر ئەو دەستوورەی کە ئۆپۆزسیۆن پێی وایە کەموکوڕیی زۆری تێدایە،هاوکات دەربارەی هەڵوێستی سوپا لەهەمبەر ئەو ململانێیە سیاسییەی نێوان لایەنەکان بەر لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەران کە بڕیارە لە ئەپریلی داهاتوودا بەڕێوە بچێت.

دکتۆر عەبدولسەلام نوەیر مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئەسیوت پێی وایە کە دیمەنی ئێستا دیمەنی قەیرانێکی ڕاستەقینەیە،چونکە دوو تیم هەن کە کەلە ڕەق و پێداگرن،هەر یەکێکیشیان لایەنی ڕاستی و هەڵەی لە هەڵوێستیدا هەیە بەڵام سوورە لەسەر ئەم هەڵوێستەی و بە هیچ شێوەیەك دەستبەرداری نابێت،کە ئەمەش وڵات بەرەو کارەساتێکی ترسناك دەبات و ئاییندەکەی دەخاتە مەترسییەوە،جەختیشی کردەوە کە هەردوو لای مەدەنی و ئیسلامی نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتنێکی نیشتمانی ڕاستەقینە،کە ئەمەش پاڵ بە دەزگای سەربازییەوە دەنێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە گۆڕەپانی ژیانی سیاسی لە پێناو کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە.

نوەیر زیاتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مەترسیی ڕاستەقینە بریتییە لەو قسەو باسەی کە ماوەیەکە دەخرێتەڕوو ئەویش خۆپیشاندان و مانگرتنێکی مەدەنییە لە شارەکانی نۆکەند(قناە)، ئەو ناوچەیەش زۆر هەستیارو گرنگە نەك تەنیا بۆ میسر،بەڵکو بۆ هەموو جیهان،لە کۆتاییشدا کێشەکە پەل دەهاوێژێت بۆ ململانێی نێودەوڵەتیی،بە تایبەتیش کە میسر دوای شۆڕش دەروازەکانی بەڕووی هەواڵگریی و سیاسەتەکانی وڵاتانی دەوروبەر کرانەوە، کە هەندێکیان حەزدەکەن شۆڕش سەرنەکەوێت و میسریش بگەڕێتەوە ڕۆڵی ئیقلیمیی خۆی و هاوسەنگیی هێزەکان بگۆڕێن،ئەمە بێجگە لەوەی کە هەندێ هێزی ناوخۆ پەیوەندییان بە لایەنی دیکەی نێودەوڵەتییەوە هەیە،

بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە دابەشبوونەکانی ئێستای دیمەنەکە،نوەیر دەڵێت:حوکمی ئێستای میسر هێشتا بەتەواوی جێگیرنەبووە،ئەو دەسەڵاتە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا بکات،هەروەها لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەشدا شکستی هێناوە،دەبووایە ڕژێمی تازە لە باتی کۆکردنەوەی دوژمنان و گوێی لە هێزو لایەنی بەرامبەر بگرێت،هەروەکو چۆن لەم دواییەدا لەگەڵ قەیرانی جێگری گشتیی سوپا وئۆپۆزسیۆن ڕوویدا،ئەویش لە میانی ڕاگەیاندنی دەستوور و بەرزبوونەوەی نرخەکان و زیادکردنی باجەکان،ئەمانەش هەموویان هەڵەن لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا،کە پێویستە چاویان پێدا بخشێنرێتەوە.سەبارەت بەڕۆڵی سوپاش دووپاتی کردەوە کە نزیکە سوپا بگەڕێتەوە نێو ژیانی سیاسی ئەگەر ئاستی توندوتیژی و مانگرتن و خۆپیشاندانەکان زیاتر بوو،لە هەمان کاتیشدا ڕەخنەی لە بانگەوازەکەی سوپا گرت بۆ دیالۆگ یان بانگەوازی ئۆپۆزسیۆن بۆ سوپا بۆ دەستەبەرکردن زەمینەی دیالۆگ و ئەمەشی بەسەرپێچی کردن لە دەستوور لەقەڵەم دا چونکە ناکرێت وەزیری بەرگری لە سەرۆك کۆمار باڵادەستتر بێت.

نوەیر پێشبینی کرد کە ئەم ململانێیە زۆر درێژە بکێشێت تا خۆبەزلزانین



# بەڕێوەبردنی وڵات

و کەلەڕەقیی لە هەردوولای حوکم و ئۆپۆزسیۆن بمێنێت.بەڵام پێی وابوو کە پێکهێنانی ئیئتلافی حکومی ڕۆڵی دەبێت لە بەرەڕووبوونەوەی کێشەکانی دەوڵەت .

لەلای خۆشیەوە دکتۆر عیماد جاد جێگری سەرۆکی حزبی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەوە کۆکە کە قەیرانێکی سەخت وڵاتی گرتۆتەوە بەهۆی پلانەکانی حزبی ئازادی ودادپەروەری باڵی سیاسیی ئیخوان موسلمین و سەرۆکایەتی بۆ بەڕێوەبردن و بە ئیخوانکردنی جومگەکانی دەوڵەتی میسر،هەر ئەمەش بوو کە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزە مەدەنییەکان وحزبی نور هێنایە ئاراوە،کە زیاتر دامودوزگا ئیدارییەکانی وڵات پەك دەخات کە لە ئێستادا لە نێو گێژاوی گەندەڵی دارایيدا نوقم بووە.

بە گوێرەی لێدوانەکانی عەبدولفەتاح ئەلسیسی وەزیری بەرگری سوپای میسر رێگە نادات دەوڵەتی میسر هەرەس بهێنێت،هاوکات لێدوانەکانی هەندێ لە گەورە بەرپرسانی سوپا کە هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە ئەوەی لە دامەزراوەی سەربازی نزیك بێتتەوە مانای وایە بە پێی خۆی دێتە نێو پرۆسەی خۆکوشتنی سیاسیەوە، ئەوان ئامادەشن ئەگەر گەل داوایان لێ بکات جارێکی دیکە بگەڕێنەوە،لەسەر هەموو لایەکیش پێویستە ئەمە بەهەند وەربگرن چونکە هەر سوپایە کە تاکە دەزگایە تا ئێستا بە یەکگرتوویی تەواو لە میسر ماوەتەوە.

سەبارەت بەو ناکۆکییانەی لە گۆڕەپانی سیاسییدا هاتۆتە ئاراوە بەتایبەتیش لە ئۆپۆزسیۆن و بەرەی ئینقاز،جاد گوتی:بەرەی ئینقازی نیشتمانی هەڵوێستێکی سیاسی یەکگرتووی نییە،بەڵام نوێنەرایەتی ئەلتەرناتیفی ئەوانە دەکات کە لە حوکمی ئیخوان بێزارن،هەرچەندە ناکۆکیشیان هەیە بەڵام تا ئێستاش پارێزگاریی لە یەکگرتوویی خۆی کردووە،بەڵام لەگەڵ نزیك بوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان رەنگە ئەم بەرەیە ناکۆکی تێدا سەرهەڵبدات لەبەر ئەوەی بەشێکیان دەیانەوێت بەشداری تێدا بکەن و هەندێکیشیان بایکۆتی دەکەن.

جاد پێی وایە کە لەئێستادا چارەسەرەکە لەو دەستپێشخەرییەدایە کە حزبی نوری سەلەفی پێشکەشی کردووە، کە بریتییە لە پێکهێنانی حکومەتێکی کارامەی دوور لە ئینتیمای حزبی،لەگەڵ گۆڕینی جێگری گشتی و پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ چاوخشاندنەوە بە رەوشی دەنگدەران،هەروەها سەرپەرشتیی دادوەریانەی تەواو بەسەر هەڵبژاردنەکاندا و دابینکردنی چاودێریی نێودەوڵەتی ناوخۆ بەسەر ئەم هەڵبژاردنانەدا.

ئەوەی کە پەیوەستیشە بە کاریگەریی ئەو ململانێیە سیاسییە یۆ سەر ئابووریی وڵات،مەجدی سوبحی شارەزای ئابووری و جێگری مەڵبەندی ئەهرام بۆ توێژینەوە سیاسی و ستراتیجییەتیەکان پێی وایە کە هەڵوێستی ئابووریی میسر زۆر سەخت و ئاڵۆزە کە گەیشتۆتە رەوشێکی خراپ لەگەڵ دابەزینی یەدەگیی نەختینە لە مانگی یەنایەردا بۆ ١٣،٦ملیار دۆلار،کە لە کۆتایی دیسەمبەری ٢٠١٠ دا نزیکەی ٣٦ ملیار دۆلار بوو،واتا بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕش،سوبحی زیاتر گوتی لەگەڵ هاوردەکردنی زیاتر لە ٦٠٪ی پێداویستییەکانی میسر لە کەلوپەلی سەرەکیی خۆراك وا چاوەڕوان دەکرێت کە ئەمە بە شێوەیەکێ زۆر رەنگدانەوەی هەبێت بۆ سەر نرخی جونەیهی میسر،هەروەها بۆ سەر نرخی کەلوپەلی خۆراك، یان ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی بڕی ئەو پشتگیرییەی کە حکومەت پێشکەشی دەکات بۆ هاوردەکردنی ئەو گەنمەی بۆ دروست کردنی نان پێویستە، لەگەڵ هاوردەی رۆن کە لە پسوولەی خۆراکدا هەیە،ئەمە وێڕای چەندین کەلوپەلی دیکەی وەکو سووتەمەنی و وزە،کە لە کۆتاییدا کورتهێنان لە بوودجەی گشتیی دەوڵەت دێنێتە ڕاراوە.

لە هەمان کاتدا سوبحی پێی وایە کە چارەسەرکردنی کێشەکە لە بواری ئابووریدا نییە بەڵکو لە کایەی سیاسەتدایە،چونکە ئەوەی لە ئێستادا داواکراوە و پێویستە بە پەلە بکرێت گەیشتنە بە تەوافوقی سیاسی لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن کە دەبێتە هۆی وەدیهێنانی سەقامگیریی سیاسی و هەستکردنی هاووڵاتیان بە بوونی ئاساییش لە شەقام کە ئەمەش رێگە خۆش دەکات لەبەردەم گەڕانەوەی گەشتیاریی و هاتنی وەبەرهێنانی بیانی بۆ میسر کە لە ئێستادا بە یەکجاری پەکی کەوتووە. زیاتریش روونی کردەوە کە پێویستە حکومەت توانای ئەوەی هەبێت رووبەڕووی ئەم بارودۆخە ببێتەوە کە بە ژمارەو بە ئاشکرابەم دواییە راگەیانرا دەربارەی نیوەی یەکەمی ساڵی دارایی ٢٠١٢-٢٠١٣ واتا شەش مانگی یەکەمی حوکمی سەرۆك محەمەد مورسی،کە دەرکەوتووە تێکڕایی گەشەی ئابووری لە سنووری ٢،٤ ٪ دایە ئەمەش بە واتای سەرهەڵدانی کێشەی بێکاری و هەڵاوسانی ئابووری لە وڵاتدا،هەرچەندە حکومەت رایگەیاندبوو کە سەرقاڵی وتوێژە لەگەڵ سەندووقی دراوی نێودەوڵەتی،بەڵام نیگەرانییەکی زۆر لەئارادایە دەربارەی گەیشتن بە رێکەوتنێك دەربارەی ئەم قەرزە بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی یاسادانان کە لە چەند رۆژی داهاتوودا دەست پێدەکات،چونکێ رێکەوتن لەگەڵ سەندووقی دراوی نێودەوڵەتی چەندین پلانی دەستگرتنەوە لەخۆ دەگرێت کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی هەندێ کەلوپەل بە تایبەتیش ئەو کاڵاو کەلوپەلانەی خەڵکی کەمدەرامەت،بۆیە حزبی ئازادی و دادپەروەری ترسی هەیە لە ئەنجامدانی ئەم رێکەوتنە چونکە کاریگەریی نەرێنی دەکاتەسەر ئەو دەنگانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەدەستی دێنێت.

**د. عیماد جاد:**
**چارەسەرەکە لەو دەستپێشخەرییەدایە کە حزبی نوری سەلەفی پێشکەشی کردووە، کە بریتییە لە پێکهێنانی حکومەتێکی کارامەی دوور لە ئینتیمای حزبی**

**مەجدی سوبحی:**
**هەڵوێستی ئابووریی میسر زۆر سەخت و ئاڵۆزە کە گەیشتۆتە رەوشێکی خراپ لەگەڵ دابەزینی یەدەگیی نەختینە لە مانگی یەنایەردا بۆ ١٣،٦ملیار دۆلار**

دکتۆر کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری و لاوان بۆ (گوڵان):

# کەناڵی زارۆ تیڤی بۆ منداڵان دادەمەزرێت

## سندوقی داهێنان بێ کەموکورتی نییە، بەڵام دەکرێت هەمووان ئەم ئەزموونە بەمیکانیزمێکی نوێ پێشی بخەین

دکتۆر کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری و لاوان لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری (گوڵان) باس لە پرۆژەو کاروچالاکییەکانی ئەمساڵی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەکات و تەئکید لەسەر چۆنییەتی خەرجکردنی ئەو بودجەیە دەکاتەوە کە بۆ پرۆژەی بوونی سلێمانی بە پایتەختی رۆشنبیری تەرخانکراوە، هاوکات لەتەوەرێکی قسەکانیدا وەڵامی ئەو رەخنانەی دایەوە کە بەرامبەر سندوقی داهێنان هەبوو، هەروەها ئاماژەی بەچەند بوارێکی دیکەی پەیوەندار بەلایەنی هونەری و کلتووریی و کەناڵەکانی راگەیاندن کرد.



*** پرسی رۆشنبیری و هونەری بەیەکێك لەبابەتە گرنگ و بگرە هەستیارەکان دادەنرێت و ساڵانەش رۆشنبیران و هونەرمەندان چاوەڕێی کۆمەڵێك کارو چالاکی وەزارەتن تاوەکو لەمبوارەدا بەشداربن؛ ئایا دەکرێت بزانین گرنگترین پرۆژە کە ئێستا وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان سەرقاڵی خۆئامادەکردنێتی چییە؟**

- ئێستا سەرقاڵی خۆئامادەکرنین بۆ ئەنجامدانی (فیستیڤاڵی خەڵاتی لاوی ساڵی ٢٠١٢) کە لە جێبەجێکردنی دواکەوتین، خۆئامادەکردنێکی باشمان بۆ فیستیڤاڵەکە کردووەو هەوڵیشمانداوە سوود لەئەزموونی ساڵانی پێشوو وەربگرین، بۆ ئەم مەبەستەش راگەیاندنی باشمان بۆ کردووە بۆ ئەوەی بتوانین لەو ٣٠ بوارە جیاجیایەی کە فیستیڤاڵەکە لەخۆی دەگرێت بەشێوەیەکی شەفاف و دادپەروەرانە فیستیڤاڵەکە بەڕێوەببرێت. سەبارەت بەکاروچالاکییەکانی تریشمان کە ساڵانە بەردەوامە لەهەر پارێزگاو ناوچەیەك کاری تایبەتمەندیی ئەنجام دەدرێت، بۆ نموونە لەگەرمیان لەمانگی ئازار کار لەسەر ئەنجامدانی فیستیڤاڵی کلتووری میللەتان دەکەین، لەدهۆکیش کۆمەڵێك رۆشنبیر سەردانی ئەمەریکا دەکەن و لەو وڵاتە کۆمەڵێك چالاکی نەتەوەیی ئەنجام دەدەن.

*** کەواتە یەکێك لەو گرفتانەی دێتە بەردەم جێبەجێکردنی کارو پرۆژەکان دواکەوتنی جێبەجێکردنێتی ئایا فیستیڤاڵی خەڵاتی لاوی ساڵ لە ٢٠١٢ بۆ دواکەوت؟**

- دواکەوتنی خەڵاتی لاوی ساڵی ٢٠١٢ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ویستوومانە بەمیکانیزمێکی دادپەروەرانەو شەفافییەت فیستیڤاڵەکە بەڕێوەببەین.

*** بودجەی ٢٠١٣ی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا کە تێیدا بودجەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانیشی لەخۆگرتبوو؛ ئایا بەو بودجەیەی کە بۆ کاروچالاکی و پرۆژەکانی وەزارەت تەرخانکراوە دەتوانن هەموو خواست و داواکارییەکانی رۆشنبیران و هونەرمەندان و لاوان جێبەجێ بکەن؟**

- ئەم پرسیارە لەهەر وەزیرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بە نەخێر وەڵام دەدرێتەوە، چونکە ئاستی داواکاری و خواستەکان لەکۆمەڵگای کوردستانی بەردەوام روو لەبەرزبوونەوە دەکات، ئەمەش مافێکی سروشتی هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگەیەو نیشانەیەکی ئیجابییە، لەلایەکی دیکەشەوە هاندەرێکە بۆ ئێمە کارو پرۆژەی باشتر ئەنجام بدەین. هەربۆیە ئەوەی زۆر گرنگەو بەبەردەوام تەئکیدی لەسەر دەکەینەوە کە چۆنیەتی پاراستنی هاوسەنگییە لەنێوان کاروچالاکیەکان و ئەو توانایەی لەبەردەستدایە لەچوارچێوەی ئەو بودجەیەی کە بۆی تەرخانکراوە.

کاری گرنگی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان وەکو هەموو وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت ئەوەیە کاربکەن بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی و خەرجییە زیادەکان کەم بکەنەوە.

*** کەواتە بەپێی ئەو بودجەیەی لەبەردەستاندایە لەتواناتدا نابێت هەموو پرۆژەو چالاکیەك ئەنجام بدەن؛ ئایا چۆن ریزبەندی کراوە بۆ بوارەکانی رۆشنبیری و هونەری؟**

- بودجەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دوو بوار لەخۆدەگرێت: یەکێکیان بودجەی بەگەڕخستنە کە تێکڕای چالاکییەکانی هونەری و رۆشنبیریی و لاوان لەخۆ دەگرێتەوە، بەڵام ئەمساڵ ویستوومانە بایەخێکی زیاتر بەمەسەلەی لاوان بدەین و کار دەکەین بۆ ئەوەی خزمەتکردن و ئەنجاندانی پرۆژەی لاوان لەریزبەندی پێشەوەی کارو چالاکی و پرۆژەکانمانەوە بێت، بۆ ئەوەی وەکو ستراتیژییەتێکی نیشتمانی و نەتەوەیی دابڕێژین و لاوان بۆ ئەم لایەنە ئاراستە بکەین، هەروەها کارمان ئەوەیە نەریتی مەدەنی بچەسپێنین و بەهاکانی حوکمڕانی باش و مەدەنی بەهێز بکەین و رێز لەچەسپاندن و پاراستنی چەمکی بەهاوڵاتیبوونی کوردستان بکەین، بۆ ئەمەش کۆمەڵێك هەنگاو نراوە بۆ نموونە بۆردی هەماهەنگیمان لەگەڵ رێکخراوەکانی لاوان دامەزراندووە، مەبەستەکە لێرەدا تەنیا بودجە نییە بەقەد ئەوەی ئاراستەیەکی سیاسەتە و بەڵکو ئاڕاستەکردنەکە ئامانجێکی نیشتمانیی و نەتەوەییە. بواری هونەری و رۆشنبیری و لاوان زۆر بەرفراوانە هەر لە بایەخدان بە ئەدەب و نووسین و زمانەوە تا دەگاتە شانۆ و سینەما و دراماو گۆرانی و مۆسیقا، ئەمانەش هەر هەمووی پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە و دانابڕێن لەیەکتر، هاوکات هاوسەنگی دەکەین لەنێوان ئەو شوێنانەی کە چالاکییەکانیشی لێدەکرێت، بەشێوەیەك هیچ شوێنێك فەراموش یا پەراوێزخرابێت.

*** بۆ بوونی سلێمانی بە پایتەختی رۆشنبیری بودجەیەك تەرخانکراوەو بڕیاریشە کۆمەڵێك کاروچالاکی و پرۆژە ئەنجام بدرێت؛ ئایا لەمبارەیەوە بەنیازن چی بکەن؟**

- ئەو بودجەیەی بۆ پرۆژەی بوونی سلێمانی بە پایتەختی رۆشنبیری تەرخانکراوە بۆ بونیاتنان و دروستکردنی ژێرخانی کلتوورییە، ئەمەش بەتەئکید بەبودجەی ئەمساڵ تەواو نابێت و کارێکە بەردەوامی دەوێت، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی باڵامان هەیە کە خۆم وەکو وەزیری رۆشنبیری و لاوان و پارێزگاری سلێمانی و بەڕێوەبەری گشتیی رۆشنبیری سلێمانی و چەند لایەنێکی پەیوەنداری دیکە تێدا بەشدارین، هاوکات لیژنەیەکی راوێژکاری و بۆردێکمان هەیە لەگەڵ ئەو رێکخراوانەی کە لەسلێمانی هەر چالاکییەکی دیکەیان هەبێت و لەبواری کلتووری کارو چالاکییان هەبێت گوێیان لێدەگیرێت و بەشدار دەبن، تەنانەت راستەوخۆ لەگەڵ ئەو

**شوێنی کارگەی جگەرەی سلێمانی دەکەینە جێگایەکی فۆلکلۆری و کلتووری**

**رێکخراوەکانی بواری کلتووری بەشدارن لە پلان و بەدواداچوونی پرۆژەی بوونی سلێمانی بە پایتەختی رۆشنبیری**

**فیستیڤاڵی خەڵاتی لاوی ساڵ بەشێوەیەکی شەفاف و دادپەروەرانە بەڕێوە دەچێت و لەم پێناوەشدا راگەیاندن و خۆئامادەکردنی باشی بۆ کراوە**

**بەرزبوونەوەی داواکارییەکان نیشانەیەکی ئیجابییەو هاندەرێکیشە بۆ ئەنجامدانی کاری باش**

**پێداچوونەوە بەهەموو هۆڵەکانی ناو شاری سلێمانی دەکەینەوە**

**بۆردی هەماهەنگیمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی لاوان دامەزراندووە بۆ ئەوەی بەهاکانی حوکمڕانی باش و مەدەنی بەهێز بکەین و ڕێز لەچەسپاندن و پاراستنی چەمکی بەهاووڵاتیبوونی کوردستان بکەین**

ڕێکخراوانە دادەنیشم و گوێبستی ڕاوبۆچوونەکانیانین و کۆبوونەوەیان لەگەڵ دەکەم، تاوەکو ئاگاداری هەموو هەنگاوەکانمان بن، تەنانەت ئەو پارەیەی کە خەرجیش دەکرێت دەخرێتە سندوقێکەوە بۆ ئەوەی هەموو لایەك ئاگاداری کارەکانمان بن، واتا ڕێکخراوەکانی بواری کلتووری لە سلێمانی بەشدارن لەپلان و بەدواداچوون و چاودێریکردندا. ئیستا دۆسیەی پایتەختی ڕۆشنبیری کاری باشمان لەسەر کردووە و ڕاوبۆچوون و پێشنیاری پەرلەمان و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان و زیاد لە ٥٠ کەسایەتی کلتووری سلێمانی وەرگیراوە، هەروەها ٣ کۆبوونەوەمان لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی ئەنجام داوە، لەمبارەیەشەوە ڕێ و شوێنی باش و گونجاومان گرتۆتەبەر لەوانە دامەزرانی لیژنەیەکی پێداچوونەوەی هەموو هۆڵەکانی شاری سلێمانی تاوەکو یەك ڕێنماییان هەبێت و سوودیان لەکاری هونەری و ڕۆشنبیری و لاوان لێوەربگیرێت، هاوکات نۆژەنکردنەوەژیان بۆ بکرێت . لەلایەکی ترەوە خەریکی پرۆژەیەکین لەکارگەی جگەرەی سلێمانی تاوەکو ببێتە جێگایەکی فۆلکلۆری و کلتووری و بتوانین شوێن و هۆڵەکانی بۆ کاری ڕۆشنبیری و هونەری و چالاکییەکانی تێدا بەڕێوەببرێت. هەروەها بەدواداچوون دەکەین لەسەر پرۆژەی بوونی سلێمانی بە پایتەختی ڕۆشنبیری گەرچی دواکەوتنی تێدابوو بەهۆی یەکلانەکردنەوەی کێشەی زەوی لەنێوان کەمپی زانکۆو وەزارەتی کشتوکاڵ .

*** ئایا پێت وانییە لە پرۆژەکانی هونەری و ڕۆشنبیری پێویستە هاوسەنگییەك لەنێوان هەموو پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی کوردستان هەبێت، بەرنامەو پلانتان لەمبارەیەوە چییە؟**

- ئەمە کارێکی ئاسان نییەو بەبەردەوام هەوڵی ئەوەمان داوە ئەو هاوسەنگییە بکەین و شوێنی بەپەراوێزخراو دروست نەبێت و بێ بەش نەبێت لەچالاکی ڕۆشنبیری و هونەری، هەر بۆ ئەو مەبەستەشە چالاکی ڕۆشنبیری لەسۆران و مێرگەسۆرو زاخۆو کفری و ئامێدی و هەڵەبجە و دەربەندیخان کراوە، سازدانی فیستیڤاڵی مەقام لەکفری بۆ ئەم مەبەستە بووە، ئەوەی تایبەتیشە بەبودجەی وەبەرهێنان پێویستە هەموو لایەك ئەوە بزانن کە لەبودجەی پرۆژەکان هەر پارێزگایەك بەشی خۆی هەیەو لەچوارچێوەی ئەو بەشە ڕەنگە ئەمساڵ گرنگی بەقەزایەك بدرێت و ساڵێکی تر بەقەزاو ناحیەکی دیکە، لە کاروچالاکی و پرۆژەکان هیچ شارو قەزاو ناحیەك پەراوێز ناخەین.

*** بەبڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ڕاگیرا؛ هاوکات وەزارەت خاوەنی کەناڵێکی تیڤی نییە ئایا لەم ڕووەوە چی بەرنامەیەکتان لەبەردەستدایە؟**

- بەڵێ؛ هەروەکو چۆن ڕاگرتنی بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەبڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بوو دەستپێکردنەوەشی بەبڕیارێکی ئەوان دەبێت؛ بۆ ئەمەش داوامان کردووە لە سەرجەم بڵاوکراوەکانماندا بەمیکانیزمێکی نوێ دەست بەئیشکردن بکرێتەوە، بەڵام تا ئێستا وەڵاممان نەدراوەتەوە. هەروەها پێویستە ئێمە کار بۆ دامەزرانی کەناڵی تەلەفزیۆنی گشتی بکەین، بۆ ئەوەی ئەم کەناڵە لەشێوەی بەخش و نووسین و زمان کۆمەڵایەتی گشتی لەخۆبگرێت، هەرچەندە ئێستا کارمان کردووە بۆ دامەزرانی زارۆ تیڤی کە کەناڵێکی تایبەتمەندی منداڵانە، بەڵام پێویستیمان بەهەنگاونان هەیە بۆ دامەزراندنی کەناڵێکی گشتی کە کەناڵێکی حزبی نەبێت و کەناڵێکی کۆمەڵگایی بێت.

*** بۆ یادەکانی نەورۆز و بۆنە نەتەوەیی و یادکردنەوەی ٢٥ ساڵەی هەڵەبجەو ئەنفال چی بەرنامەیەکتان لەبەردەستدایە؟**

- کۆمەڵێك چالاکی لەهەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکاندا لەهەولێرو سلێمانی و دهۆك و گەرمیان هەیە، ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەش خاوەنی بودجەی خۆیانن و کاروچالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن.

*** لەبواری چاپکردنی کتێب و پێشخستنی ئەو بوارە چی هەنگاوێك دەگرنە بەر؟**

- بۆ چاپکردنی کتێب بودجەیەکی تایبەتی تەرخانکراوەو بەردەوامیش دەبین بەهەمان شێوەی ساڵانی ڕابردوو بۆ چاپکردنی کتێب و گرنگیدان بەم بوارە.

*** سندوقی داهێنان کە بەیەکێك لەو پرۆژانە دادەنرا کە ڕەخنەیەکی زۆری لێگیرا ئایا بۆ ئەمساڵیش ئەو پرۆژەیە بەردەوام دەبێت؟**

- مەسەلەی پرۆژەی داهێنان و ڕەخنەکانی لەم ڕووەوە ئاراستەی وەزارەت کرا دوو لایەنی لەخۆگرتبوو؛ لەلایەك بەبێ ڕەخنە هیچ پرۆژەو کارو چالاکییەك پێش ناکەوێت، ڕەخنە لەلای ئێمە گرنگە و نابێت هیچ کەسێکیش لەحکومەتدا لە ڕەخنە دڵگران بێت، بگرە ئەم ڕەخنانەو ڕەخنەکانی دیکەیش کە دەگیرێت بەهەند وەردەگیرێت و گوێبستی دەبین، بەڵام ئەوەی ئەمجارە کە هەندێك ڕەخنە گیرا لەسەر مەسەلەی سندوقی داهێنان و ڕەخنەکان کارکردن بوو بۆ لایەنێکی ترو دوور بوو لە ڕەخنەو کارکردن بۆ پێشنیار، ئەمجۆرە سندوقانە لەزۆربەی وڵاتان مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو بەکەڵەکەبوونی ئەزموون ئەم سندوقە پێش دەکەوێت، من پێم وانییە ئەزموونی سندوقی داهێنان ئەزموونێکی تەواوکارەو بێ کەموکورتییە، هەربۆیە ئەمە دووەم ساڵە ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکەین و بۆ ئەمساڵیش میکانیزمی تایبەتی خۆی دەبێت و ڕایدەگەیەنین و بوارەکان بڵاودەکرێتەوە و پێشنیارو بۆچوون و ڕەخنەکان

**بەدواداچوون دەکەین لەسەر پرۆژەی بوونی شاری سلێمانی بە پایتەختی رۆشنبیری کە دواکەوتنی تێدابوو بەهۆی یەکلانەکردنەوەی کێشەی زەوی لەنێوان کەمپی زانکۆو وەزارەتی کشتوکاڵ**

**لەئەنجومەنی وەزیران تا ئێستا وەڵامی داواکاریی دەرکردنەوەی بڵاوکراوەکانمان نەدراوەتەوە**

**لەچوارچێوەی ئازادی و نەبوونی سانسۆر رێنمایی بۆ رێکخستنەوەی کەناڵەکانی راگەیاندن و بەخشی تیڤی و رادیۆکان دەردەکەین**



گوێیان لێدەگیرێت و گفتوگۆو دانیشتنی لەسەر دەکرێت و پرۆژەکە پێش دەخرێت ئەو کات رادەگەیەنرێت. بۆ ئەم مەسەلەیەش بڕیارە بۆ ئەمساڵ بەمیکانیزمێکی دیکەوە پرۆژەکە ئەنجام بدەین . بیرۆکەی ئەوەمان هەیە سندوقی داهێنان بکەین بەسندوقی پاڵپشتیکردن یا کۆمەك کردنی بەرهەمی کلتووریی لەهەموو بوارەکانداو ئەو بودجەیەش دابەش دەکەین بەسەر هەموو سێکتەرەکاندا، پێش ئەوەی دەستپێبکرێت پرۆژەکە رادەگەیەنین و بۆچوون و تێبینیەکان بەهەند وەردەگیرێت و ئەو کات بڕیاری لەسەر دەدرێت.

*** سەبارەت بەبواری سینەما بەبەردەوام گلەیی ئەوە هەیە کارەکان لەو ئاستەدا نین و هونەرمەندانیش رەخنەیان هەیە لەسەر کەمی پاڵپشتیکردنی دارایی بۆ کارەکانیان؛ ئایا بواری دراماو هونەر چی پرۆژەو کارێکتان لەبەردەستدایە؟**

- لەبواری دراماو هونەر سێ چوار کاری باشمان لەبەردەستدایە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە گرنگی بەچۆنایەتی و باشی کارە هونەری و دراماکە بدەین، ئەوەی تا ئێستاش لەرووی هونەرییەوە کراوە من واهەست دەکەم راستە بەپێی پێویست و خواستەکانمان نییە. ئێستا لەرووی سینەماوە ٤ هۆڵی سینەما دروست دەکرێت و هانی ئەوە دەدەین کەرتی تایبەتیش هۆڵ دروست بکات و بەردەوامیش پشتگیری کاری سینەما دەکەین لەچوارچێوەیەی ئەو بودجەیەی تەرخان کراوە زۆرجار رەخنەمان لێدەگیرێت بەوەی کۆمەك و یارمەتی سینەما ناکرێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئێمە لەچوارچێوەی بودجەو توانای دارایی خۆمان دەتوانین هاوکاری درامای سینەما بکەین.

*** ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆری کەناڵی سەتەلایت و تیڤی و رادیۆ هەیەو لە پەخشەکانیاندا تێکەڵ و پێکەڵیەك هەیە؛ ئایا پێوەر بۆ دانانی ئەو هەموو کەناڵە و رێکخستنەوەی پەخشەکانیان هەیە تاوەکو رێك بخرێتەوەو هەروەها زیانی بۆ سەر بواری تەندروستیش نەبێت؟**

- لەبواری کەناڵەکانی راگەیاندن و پەخشی تیڤی و رادیۆکان کۆمەڵێك رێنمایی دەردەکەین، بەڵام لەچوارچێوەی ئازادی و نەبوونی سانسۆر کە بنەماو پێوەری هەر کارو بەرنامەیەکمانە لەداهاتوودا، لە ئازادی کاری راگەیاندن و بوونی ئەو هەموو کەناڵەی راگەیاندن کە لەهەرێمی کوردستان بوونیان هەیە شانازی پێوەدەکەین، بەڵام دەبێت رێنماییمان هەبێت بۆ رێکخستنی، واتا رێکبخرێتەوە نەك دانانی سانسۆر، لەم رووەوەش ئەو نەریتانەی لەهەر وڵاتێکی پێشکەوتووی دنیادا بوونی هەیە ئێمە دەیکەین بە رێنمایی و کەلێنە یاساییەکەی کە ئێستا هەیە پڕدەکەینەوە.

سایکۆپۆلیتیک

# سیاسەت و ستراتیژ


ئازاد قەزاز

بۆ گوڵان دەینووسێت

یەکێک لە کارە سەرەکیەکانی بواری سیاسەت، بریتیە لە پێوەندی کارلێکردنی نێوان ماف و ئەرک، دابینکردنی ماف و بەجێهێنانی ئەرک، پێوەندیەکی پتەوی بە ستراتیژیەتی مرۆڤەوە دەبێت، واتە چۆن داوای ماف ئەکەیت و چۆنیش ئەرک بەجێدێنی، پێوەندی بە فێربوون و کەلتوور و ڕاهاتنیشەوە بە قووڵی هەیە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەو داوا و بەجێهێنانە پێوەندی بە ئاستی هوشیاریشەوە دەبێت. کاتێ مرۆڤ لەوە هوشیاردەبێتەوە کە خاوەن مافە، ئەو هوشیاربوونەوەیە ناتەواویەکی تێدایە، مرۆڤ بە سروشتی وایە، خۆی لەو کورتهێنانە وێڵ دەکات و پشتگوێی دەخات، بەڵام سروشتی ماف وایە کە دەبێت خۆی تەواو بکات، ئەویش بەوەی ئەرک لەتەك خۆیدا دەهێنێت، واتە ماف و ئەرك دوو دیوی یەك هەقیقەتن کە ئەویش هەقیقەتی مرۆڤبوونی مرۆڤە. هەرچەندە ئەرك و ماف دوو دیوی یەکترن و پێکەوە پەیدا دەبن، وەلێ بەردەوام لە ململانێدان تا ئەوکاتەی مرۆڤ لە هوشیاربوونی یەکەمەوە بۆ هوشیاربوونی دووەم خۆی دەگوێزێتەوە. بە مانایەکیتر هەستکردن بە ماف، هوشیاربوونەوەی یەکەمە و هەستکرد بە ئەرك هوشیاربوونەوەی دووەمە و مرۆڤ بە هەستکردن بە ئەرکەکانی، مەرجی کاملکردنی مرۆڤانەی خۆی ئاشکرا دەکات.

لێرەدا دەوترێت هەر تاکێك، کۆمەڵێك یان نەتەوەیەك لە ئاستی هوشیاری یەکەمدا بێت، ستراتیژێکی دەبێت، کەلتورێکیش بەرهەم دەهێنێت، کە تەنیا مافەکانی دەبینێت و سیاسەتەکەشی سیاسەتێکی ناکامڵ و نیوەهوشیار دەهێنێتە گۆڕێ، نەک هەر سەرئێشە بۆ نەیاری خۆی دەخولقێنێت، بەڵکو دەبێتە دڕندەیەکیش بۆ ئەندامانی کۆمەڵەکەی و نەتەوەکەی. سیاسەتێکی ناکامڵی ئەوتۆ پیادە دەکات کە تەنها مافەکانی دەبینێت، لە کۆتاییشدا هەر خۆی، خۆی لە ناو دەبات. ئێمە لێرەدا مەهاتما گاندیمان دەێتە پێشچاو، کە چۆن نەتەوەکەی فێری نەک تەنها ماف، بەڵکو زۆر بە قورسی فێری ئەرکەکانیشیان دەکات، چونکی گاندی هەڵگری هوشیاری یەکەم و دووەمیش بوو، گرنگە ئێمەش لەوانەوە فێری نەک تەنها ماف خواستن بکرێین، بەڵکو دەبێت فیری ئەرك هەڵگرتنیش ببین، تا هێندە بەهامان هەبێت و هێندە سەنگین بین، سڵمان لێبکرێتەوە، نەک بە سووك سەیر بکرێین، واتە ببینە هەڵگری ستراتیژی ماف و ئەرك، تا سیاسەتێکی دروست بەرهەم بهێنین. وتەیەکی گاندی کە بۆ ئەندامانی نەتەوەکەی وەک دروشم دەیوتەوە، ئەوەبوو کە بە بیری دەهێنانەوە، ئەوان دەتوانن بە مەزڵومیەتی خۆیان، دەبێت ببنە ئاوێنەیەک تا زاڵم، زاڵمێتی خۆی تێدا ببینێتەوە، تا قێز لە خۆی بکاتەوە، ئەگین وا نەبێت،

ئەوا ئێـــوەش دەبنە ئەو زاڵمەی وەک ئەوان و ئەوجا زاڵمان پێکـــەوە دەجەنگن، یان زاڵم و زاڵم لە ململانێدا دەبن، نەک زاڵمیک یەخـــەی مەزلومێکی گرتبێ و زوڵمی لێبکات. دەرەنجام چاودێرەکان، هەردووکیان بە زاڵم دەناســـێنن. واتە ململانێکە دەبێتە ململانێیەکی نێوان چەکداری ســـوک و چەکـــداری قورس و هەرچی بەهایەکـــی مرۆڤانە هەیە، لەو نێوەندەدا وندەکرێت، لە کۆتاییشـــدا چەکداری سوک ملکـــەچ دەکرێت یان ئەگەر ملکەچیـــش نەبێت، ئەوا نە پەیامەکەی دەگات و نە ئامانجەکەشی دەپێکێت، دواجار هەژار و ڕەشـــوڕووت دەبنە قوربانی حەزی سەرکردەیەک یان هەڵەی پێشەوایەک، چونکی نە پێشەوا و نە جەماوەر هوشیاری کامڵ نین، واتە هوشـــیاری دووەمیان وەدەست نەهێناوە.

بۆ گەشتن بەم ئاســـتە لە هوشیاری، مرۆڤ لە ناخیدا پێویســـتی بـــە گۆڕانێکی قووڵە، ئـــەو گۆڕانە قووڵەش، ســـتراتیژی مرۆڤ دەگۆڕێت، ئـــەوکات مرۆڤ جۆری سیاسەتەکەشـــی دەگۆڕێت. مرۆڤە بۆیە مرۆڤە، چونکی توانـــای خۆگۆڕینی هەیـــە، با ئەو گۆڕانـــە وەختیکی زۆریـــش بخوازێت، وەلێ دەتوانێ خـــۆی بگۆڕێت، تا بە مەبەستی خۆی بگات. ئێمە لە بەشی یەکەمی ئەم زنجیرە باسەدا، ستراتیژمان لە ڕووی سایکۆلۆژیایەوە پێناسە کرد، تێگەشتین کە پێکهاتنی ستراتیژ، پێوەندییەکی پتەوی بە پەروەردەو کەلتوور و ژینگـــەی خێزانی و کۆمەڵایەتیەوە هەیـــە، واتـــە سیســـتەمێک ئامادەکراوە کـــە مرۆڤ پێکدەهێنێـــت، مرۆڤ دەخات دۆخێکـــەوە، کە بەوجۆرەی هـــەر لە منداڵیەوە لێی ڕاهاتووە، بەوچەشـــنە بیرکاتەوە و بەوچەشـــنەش ژیانی خۆی پراکتیزە بکات، تا مەبەســـت و مەرامی خۆی دابین بکات. بەڵام ئەگەر ئەو سیســـتمە بـــەو جۆرە ئەو مرۆڤانەی ڕاهێنابێت کـــە نەگەنە ئامانج، ئیدی دەبێت خۆیان بگۆڕن، تا سیستەمەکەشیان گۆڕانی بەسەردابێت و چیتر لە کاروانی ژیان دوانەکەون.

وەلێ کاتـــێ مرۆڤ دەژی و لەهەوڵی دەستخســـتنی مەرامەکانیەتـــی، واتـــە بـــە دووی مافەکانیـــدا وێڵە، ڕووبەڕووی تەحەدایەک دەبێتەوە کە ئەویش ئەویترە، واتە مرۆڤێکیترە، ئەویش بە شوێن مافی خۆیدا لە کۆششدایە، ئەویش وەک ئەو مرۆڤەیتر، هەڵگری ســـتراتیژی خۆیەتی و میکانیزمەکانـــی کە لێی ڕواهاتووە بۆ دەسخســـتنی مافەکانی، دەبنە تەحەدا و ڕووبەڕوو دەبنەوە، واتە ئەرکی تـــۆ مافی ئـــەوە و ئەرکی ئەویتریش مافـــی تۆیە، گەر هەردوولا هوشـــیاری یەکەم و دووەمیـــان نەبڕیبێت، ئەوا بەردەوام لە ململانیدا دەبن و هەر یەکەو بە ڕێگەی خۆی، ئەویتر ئەچەوســـێنێتەوە. واتە ناســـینەوەی ماف و ئەرك، پێوەندیەکی پتەوی بە هوشیاری یەکەم و دووەمەوە دەبێت، واتە سیاســـەت لێرەدا، بایەخێکی بەرچاو لە سایکۆلۆژیاوە وەردەگرێت.

ئـــەم بۆچوونـــەی پێشـــەوە ئێمـــە دەگەیەنێتە ئەو ئەنجامـــەی: مرۆڤ لەبەرئەوەی هەڵگـــری غەریزەیە، ڕەنگە لە پێشـــدا تەنها ماف لە تێرکردنی غەریزەکانیدا ببینێتەوە، پاشان هوشیاربوونەوەی دانپیدانان کە خواستی ڕۆحیەتی، ئەوجا دەســـتپێبکات، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری، مرۆڤ تێدەگات کە مرۆڤیتر وەک ئەو هەن و، ئەوانیش بەســـەر ئەمـــەوە ئەرکیان دەبێت، کاتێ مرۆڤ گەیشـــتە ئەم ئاســـتە لە هوشیاربوونەوە، ئیدی وەرگرتنی ماف و بەخشـــینی ئەرک، کارەسات نابێت، وەرگرتنی سەخت نابێت، بەڵکو مرۆڤ بایەخدار دەکات. واتە هوشـــیاری یەکەم هەستی ڕۆحە بە خۆی و هوشـــیاری دووەم هەستی ڕۆحە بەویتر، ئیدی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکەونە دۆخی ئاشـــتیەوە، نەک بکەونە دۆخی ململانێوە.

کەواتە لێرەدا کێشەکە مرۆڤ خۆیەتی نەک ئەویتر، مـــرۆڤ خۆیەتی کێشـــە ئەنێتەوە و دەیبەســـتێتەوە بە بەرژەوەندی بـــاڵای کۆمەڵێک یا نەتەوەیەک، تاوەکو مەرامی تاکە کەســـی خۆی وەدیبهێنێت، بەڵام بەناوی قەبەوە کەسانیتری تێوە ئەگلێنێت، کەچی لە کۆتاییدا، بەرژەوەندی خۆی دائەمەزرێنێت. لێرەدا دەرئەکەوێت، چۆن مرۆڤ تەنیا بە هوشیاری یەکەم دەبێتە خۆپەرستێک، کەچی بە هوشـــیاری دووەم، دەبێتە مرۆڤدۆستێک کە لەویتریش تێـــدەگات و خەمی مرۆڤانەی بۆ دروســـت دەبێـــت. لەهەمانـــکات لەوەش تێدەگەیـــن کە مرۆڤ کێشە دەسازێنێت، چونکی کێشە لە ئاسمانەوە ناباریێت، کێشـــەش یەکلایەنە نییە بەڵکو دوولایەنەیە. خۆئەگەر لەو دوولایەنە، یەکێکیان لە ئاستی هوشیاری یەکەمدا بێت و ئەویتریان لە ئاستی هوشیاری دووەمدا بێت، ئەوا هەرگیز کێشەکە هێندە ســـەخت نابێت، هێندەی ئەوەی کە هەردوو لایەن وەک یەک بە هوشـــیاری یەکەمەوە، ململانێ ئەنجام بدەن.

لێرەوە لەوەش دەگەین کە سیاســـەت و ماف وەچنگ خستن و ئەرک بەخشـــین، چ پێوەندیەکی بە دەروونی مرۆڤـــەوە دەبێت، کە بەرەو ئەوێمـــان دەبات چۆن بیر لە گۆڕانکاری لە بیروبۆچونی خۆماندا بکەین، بەتایبەت ئەگەر بێتوو ســـتراتیژی نەتەوەیەک ئامانجی نەتەوەکە دابیـــن نەکات، ئـــەوا پێویســـت دەکا و زۆریش گرنگە ئەو نەتەوەیە، ســـتراتیژی خۆی بگۆڕێت، هەروەک لە بەشەکانی پێشەوەدا ئاماژەمان دایە، تا ئامانج وەدەسخات، نەک هەمان ســـتراتیژ لەناو دروشم و وتار و قوربانیدان و خۆبەختکردن بکرۆژێت و بەردەوام دووبارەیان بکاتەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە بووترێت ئەوەیە: ســـایکۆپۆلیتیک بۆ کاری سیاســـی چەندە گرنگە، تا مرۆڤ هوشـــیار بکاتەوە، ســـایکۆلۆژیا چەندە بە بایەخە، تاکو سیاسەت ڕاستبکاتەوە.

**کێشەکە مرۆڤ خۆیەتی نەک ئەویتر، مرۆڤ خۆیەتی کێشە ئەنێتەوە و دەیبەستێتەوە بە بەرژەوەندی باڵای کۆمەڵێک یا نەتەوەیەک، تاوەکو مەرامی تاکە کەسی خۆی وەدیبهێنێت، بەڵام بەناوی قەبەوە کەسانیتری تێوە ئەگلێنێت، کەچی لە کۆتاییدا، بەرژەوەندی خۆی دائەمەزرێنێت**

**لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری، مرۆڤ تێدەگات کە مرۆڤیتر وەک ئەو هەن و، ئەوانیش بەسەر ئەمەوە ئەرکیان دەبێت، کاتێ مرۆڤ گەیشتە ئەم ئاستە لە هوشیاربوونەوە، ئیدی وەرگرتنی ماف و بەخشینی ئەرک، کارەسات نابێت، وەرگرتنی سەخت نابێت، بەڵکو مرۆڤ بایەخدار دەکات**